# مستەفا بارزانی

## لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی عێراقدا

## (١٩٤٧ – ١٩٧٠)

د. بورهان حاتەم گۆمەتاڵی

دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان

٢٠٢٢

- **ناوی کتێب:** مستەفا بارزانی لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی عێراقدا (١٩٤٧ - ١٩٧٠)
- **نووسینی:** د. بورهان حاتەم گۆمەتاڵی
- **هەڵەچنی:** دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ک.)
- **دیزاینی ناوەڕۆك و بەرگ:** دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ک.)
- **شوێن و ساڵی چاپ:** هەولێر - ٢٠٢٢
- **چاپخانە:** دانیشفەر
- **تیراژ:** ٢٠٠٠

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٩٨٣) ساڵی ٢٠٢٢ پێدراوە.**

# پێرست



| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ٣ | **پێشەکی** |
| | **بەشی یەکەم**<br>چاودێریکردنی حکومەت بۆ جموجۆڵ و پەیوەندییەکانی مستەفا بارزانی |
| ٩ | **تەوەری یەکەم/** چاودێری و بەدواداچوونی حکومەت بۆ جموجۆڵەکانی بارزانی |
| ٢٥ | **تەوەری دووەم/** چاودێریکردنی حکومەت بۆ پەیوەندییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی مستەفا بارزانی |
| | **بەشی دووەم**<br>سەرپەرشتیکردنی شەڕەکان لەلایەن مستەفا بارزانی و کۆنگرەی گەلاڵە |
| ٤٥ | **تەوەری یەکەم/** سەرپەرشتیکردنی شەڕەکان لەلایەن بارزانییەوە |
| ٤٩ | **تەوەری دووەم/** بارزانی و کۆنگرەی گەلاڵە |
| | **بەشی سێیەم**<br>هەڵوێستی مستەفا بارزانی لە هەمبەر دانوستان و ڕێککەوتننامەکان لەگەڵ حکومەتی عێراقدا |
| ٥٩ | **تەوەری یەکەم/** هەڵوێستی بارزانی لە هەمبەر ڕێککەوتنی ١٠ی شوباتی ١٩٦٤ |
| ٧٠ | **تەوەری دووەم/** هەڵوێستی بارزانی لە هەمبەر ڕێککەوتنی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ |
| ٨٢ | **تەوەری سێیەم/** هەڵوێستی بارزانی لە هەمبەر ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ |
| ٨٧ | **ئەنجامەکان** |
| ٨٩ | **لیستی سەرچاوەکان** |
| ١٠١ | **پاشکۆی بەڵگەنامەکان** |

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

مەلا مستەفا بارزانی وەك ڕێبەر و سەرکردەیەکی بەناوبانگی کورد، پێگە و ڕۆڵێکی بەرچاوی لەنێو بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردیدا هەیە. بەتایبەتیش لەماوەی شۆڕشی ئەیلوولدا، کە ڕێبەرایەتی شۆڕشەکەی کردووە، ڕۆڵ و شوێنی زێتر هەستی پێدەکرێت. لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا چەندین کارنامەی زانستی و توێژینەوە و کتێب دەربارەی بارزانی نووسراون و تیشکیان خستووەتە سەر لایەنە جیاوازەکانی ژیان و ڕۆڵی سیاسی و سەربازیی ئەو، بەڵام تا ئێستا کەمتر کار لەسەر ئەوە کراوە، کە لە ڕێگەی خوێندنەوە و شیکردنەوەی بەڵگەنامە نهێنی و فەرمییەکانی حکومەتی عێراق تیشك بخرێتە سەر خەباتی سیاسی و سەربازی بارزانی. لەکاتێکدا دەزگا ئەمنی و سەربازی و کارگێڕییەکانی حکومەت لەڕێگەی کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەیەوە بەشێوەیەکی چڕ پڕژاونەتە سەر ڕۆڵ و هەڵوێستی سیاسی لەکاتی ئاشتی و شەڕدا. جێگەی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بەوە بدەین، کە هەردوو توێژەر د. عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی و د. عادل تەقی عەبد محەمەد بەلداوی پێشینەیان لەو بوارەدا هەیە، کە یەکەمیان لە کتێبی (الملامح الاساسية لشخصية مصطفى البارزاني القيادية والانسانية)، چەندین نامەی بارزانی لەماوەی شەستەکاندا بۆ بەرپرسانی عێراقی و وەڵامی بەرپرسان بۆ بارزانی بڵاوکردووەتەوە، ئەمە جگە لە بڵاوکردنەوەی چەندین بەڵگەنامەی دیکە لە کتێبەکانی دیکەیدا. توێژەری دووەمیشیان لە کتێبی (نضال الشعب الكوردي وموقع البارزاني في الوثائق العراقية السرية)، چەندین بەڵگەنامەی نهێنی و بڵاونەکراوەی لە هەردوو سەردەمی پاشایەتی و کۆماری لەبارەی بارزانی بڵاوکردووەتەوە و زانیاری نوێی ئاشکرا کردووە.

ئەم کتێبە (مستەفا بارزانی لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی عێراقدا ١٩٤٧-١٩٧٠)، بایەخی زێتر لەوەدایە بە پشتبەستن بە بەڵگەنامە نهێنی و فەرمییەکانی حکومەت، کە تا ئێستا بڵاو نەکراونەتەوە، نووسراوە. بەڵگەنامەکان لە چەندین نووسراو و بروسکەی دەزگا ئەمنی و سەربازی و کارگێڕییەکانی حکومەت پێکهاتوون و باسیان لە چەند لایەنێکی ژیانی سیاسی وسەربازی و هەڵوێستەکانی و پەیوەندییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی بارزانی کردووە. دیارە زانیاری نێو بەشێك لەو بەڵگەنامانە دروست نین و هەڵەی زەقیان تێدایە، یا هەندێك لەو زانیارییانە بە ئەنقەست شێوێندراون، بۆیە جگە لە خستنەڕووی ناوەڕۆکی بەڵگەنامەکان لە توێژینەوەکەدا بە پشتبەستن بە سەرچاوەکان کارکراوە بۆ ڕاستکردنەوە و شیکردنەوەی

زانیارییەکانی نێویان.

کتێبەکە لە سێ بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوە و پاشکۆی بەڵگەنامەکان پێکهاتووە. بەشی یەکەم لە دوو تەوەر پێکهاتووە، لە تەوەری یەکەمدا لەژێر ڕۆشنایی چەندین بەڵگەنامەی نهێنی باس لە چاودێری جموجۆڵ و چالاکی مستەفا بارزانی لەلایەن دەزگاکانی حکومەتەوە کراوە، کە مێژووی بەڵگەنامەکان لەنێوان ساڵانی (١٩٤٧-١٩٦٧) دایە، واتە هەردوو سەردەمی پاشایەتی و کۆماری گرتووەتەوە. لە تەوەری دووەمیشدا پەیوەندییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی بارزانی خراوەتەڕوو. لە پەیوەندییە ناوخۆییەکاندا بە پشتبەستن بە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەت باس لە پەیوەندییەکانی بارزانی لەگەڵ حزبی شیوعی عێراق و حزبی شیوعی/ سەرکردایەتی ناوەندی کۆمەڵەی (عەزیز ئەلحاج) کراوە. لە پەیوەندییە دەرەکییەکانیشدا پەیوەندییەکانی بارزانی لەگەڵ هەریەك لە وڵاتانی ئێران و ئەمریکا و ئەڵمانیای ڕۆژئاوا خراوەتەڕوو.

لە بەشی دووەمی کتێبەکە لەمیانەی دوو تەوەردا تیشك خراوەتە سەر سەرپەرشتی و سەرکردایەتیکردنی بارزانی بۆ شەڕەکان، بەتایبەتی شەڕەکانی ساڵی ١٩٦٢ و شەڕی هەندرێنی ساڵی ١٩٦٦. هەر لەم بەشەدا لەژێر ڕۆشنایی چەند بەڵگەنامەیەکی نهێنی حکومەتدا کۆنگرەی حەوتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان لەماوەی نێوان ١٥-٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩٦٦ بە ئامادەبوونی بارزانی خراوەتەڕوو، کە تێیدا باس لە بەشداربووانی کۆنگرەکە و ئامانج و ئەنجامەکانی کراوە.

هەرچی بەشی سێیەم و کۆتایی کتێبەکەیە لە سێ تەوەر پێکهاتووە و تایبەتکراوە بە هەڵوێستی مستەفا بارزانی لە هەمبەر ڕێککەوتننامەکان لەگەڵ حکومەتی عێراقدا. تەوەری یەکەم تەرخانکراوە بۆ قسەکردن لەبارەی ئاگربەستی ١٠ی شوباتی ١٩٦٤ و پابەندبوونی بارزانی بە ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکە. دواتریش لە تەوەری دووەمدا تیشك خراوەتە سەر نیگەرانییەکانی بارزانی و سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لە پابەندنەبوونی حکومەت بە بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦. لە تەوەری سێیەمیشدا لەمیانەی چەند بەڵگەنامەیەکی فەرمی حکومەتدا باس لە پابەندبوونی مستەفا بارزانی بە ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠دا کراوە. ئەوە ڕوونکراوەتەوە، کە لەگەڵ یەکەمین ساتی ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنەکە بارزانی پابەند بووە پێی، سەرباری ئەوەی بەڵێنی هاوکاری دارایی و سەربازی لەلایەن ئێرانەوە پێدراوە بۆ کۆتاییهێنان بە ڕێککەوتنەکە، بەڵام ئەمانەی ڕەتکردووەتەوە و بەردەوام بووە لەسەر پابەندبوون بە ڕێککەوتنەکە.

ئەم کتێبە وێڕای ئەوەی کۆشش و ماندووبوونێکی زۆری بۆ بەختکراوە و هەوڵدراوە بەشێوەیەکی ئەکادیمییانە و بابەتییانە بەبێ لاگیری بنووسرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەك هەر کار و بەرهەمێکی دیکەی مرۆڤ لە کەموکورتی بەدوور نییە، بۆیە پێویستە هەر لەم چوارچێوەیەشدا سەیری بکرێت. سەرکەوتنیش هەر لە خواوەیە.

د. بورهان حاتەم گۆمەتاڵی

٢٠٢٢ - هەولێر

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی یەکەم

## چاودێریکردنی حکومەت بۆ جموجۆڵ و پەیوەندییەکانی

## مستەفا بارزانی:

- تەوەری یەکەم/ چاودێری و بەدواداچوونی حکومەت بۆ جموجۆڵەکانی بارزانی
- تەوەری دووەم/ چاودێریکردنی حکومەت بۆ پەیوەندییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی مستەفا بارزانی

هەولێرنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی یەکەم

## چاودێریکردنی حکومەت بۆ جموجۆڵ و پەیوەندییەکانی مستەفا بارزانی

لە بەڵگەنامە فەرمییەکانی حکومەتی عێراقدا چاودێریکردنی جموجۆڵ و چالاکییەکانی بارزانی بایەخێکی زۆریان پێدراوە. لە هەمان کاتیشدا پەیوەندییەکانی بارزانی لەگەڵ هێز و لایەنە سیاسییەکانی عێراق جێگەی بایەخی دەزگا ئەمنی و سەربازییەکانی حکومەت بووە. بۆیە لەم سۆنگەیەوە لەمیانەی دوو خاڵدا باس لە چاودێریکردنی چالاکییەکانی بارزانی لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٤٧-١٩٦٧) لەلایەن حکومەت و دواتریش پەیوەندییەکانی بارزانی و کۆمەڵەی (عەزیز ئەلحاج) دەکەین.

### تەوەری یەکەم/

### چاودێری و بەدواداچوونی حکومەت بۆ جموجۆڵەکانی بارزانی

بەدرێژایی مێژووی سەردەمی پاشایەتی و کۆماری لە عێراقدا دەزگا ئەمنی و سەربازی و کارگێڕییەکانی حکومەت چاودێرییەکی توندی جووڵە و چالاکی مەلا مستەفا بارزانییان کردووە، بەتایبەتی کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی هاتوچۆی ڕۆژانە و شوێنی مانەوە و بارەگای تایبەتی و کۆبوونەوە لەگەڵ کەسایەتییەکان، کە هەندێك لەوانەش زانیاری ناڕاست و هەڵە بووە. تەنانەت ئەم چاودێرییە لەو کاتانەشدا بەردەوامی هەبووە، کە پەیوەندی بارزانی لەگەڵ حکومەتدا باش بووە و سەردەمی ئاشتی بووە. بێگومان مەبەست لەو چاودێری و بەدواداچوونە، جگە لە ئەرکێکی هەواڵگری دەزگا ئەمنی و سەربازییەکان کە ئەنجامیانداوە، ئامانجیش لێی دۆزینەوەی شوێنەکەی و هەوڵدان بۆ تیرۆرکردنی بووە، بۆیە لە چەندین بەڵگەنامەی نهێنی حکومەتدا ئاماژە بەو مەسەلەیە کراوە، کە لە خوارەوەدا ناوەڕۆکی بەشێك لەو بەڵگەنامانە دەخەینەڕوو.

دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و چوونی مستەفا بارزانی لە حوزەیرانی ١٩٤٧ بۆ نێو خاکی یەکێتی سۆڤییەت. دەزگا ئەمنی و سەربازییەکانی حکومەتی عێراقی سەردەمی پاشایەتی بەدواداچوونیان بۆ هەواڵ و جووڵەکانی بارزانی و شوێنکەوتووەکانی

کردووە کە هەندێك لەو زانیارییانە تەنیا دەنگۆ بوون و لە سەرچاوەی باوەڕپێکراوەوە نەهاتوون، بەڵام وێڕای ئەوە حکومەت بەدواداچوونی وردی بۆ کردووە. لەم چوارچێوەیەدا لە نووسراوێکی نهێنی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر لە ١١ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٧ دا باس لەوە کراوە کە گوایە بارزانی لە ڕێگەی پێنج نوێنەرەوە نامەی بۆ بەشێك لە سەرۆك عەشیرەتەکانی لیوای موسڵ ناردووە[١]، بەڵام دواتر لە نووسراوێکی نهێنی موتەسەڕیفییەتی لیوای موسڵ لە هەمان ڕۆژدا ئەو زانیارییە ڕەتکراوەتەوە. لە نووسراوەکەدا هاتووە: "لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەدا بۆمان دەرکەوتووە،کە هەواڵی هاتنی پێنج نوێنەری مەلا مستەفا بارزانی بۆ لای سەرۆك عەشیرەتەکانی لیواکەمان ڕاست نییە". هەروەها ئاماژە بەوە کراوە کە زانیارییەکە پەیوەندی بە بارزانییەوە نییە، بەڵکو پەیوەندیدارە بە سەیدێ خانی سەرۆك عەشیرەتی هەرکی کە لە ٢٩ی ئەیلوولی ١٩٤٧ نامەی بۆ حەوت سەرۆك عەشیرەت لە لیوای موسڵ و ناوچەی دهۆك ناردووە و داوای لێکردوون وەك نەریتی پێشووی خۆیان لەو ناوچانەدا لەوەڕگە بۆ ئاژەڵەکانیان تەرخان بکەن[٢].

لە نووسراوێکی دیکەی موتەسەڕیفییەتی هەولێر لە ٢٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٧ کە بۆ (جاهید ئۆرتاج)ی والی هەکاری لە تورکیا ناردراوە، ئاماژە بەوە کراوە بەگوێرەی زانیارییەکانیان لە ١ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٧ دا سێ کەس لە شوێنکەوتوانی مستەفا بارزانی لە خاکی ڕوسیاوە هەڵاتوون و بەرەو سنووری عێراق بەڕێکەوتوون، کاتێك گەیشتوونەتە خاکی تورکیا لە شوێنێك کە پێی دەگوترێت گنگەجین لەلایەن سەربازانی تورکیاوە دەستگیرکراون و ڕەوانەی جۆلەمێرگ کراون. بۆیە موتەسەڕیفییەتی هەولێر داوای ڕاستی و دروستی هەواڵەکەی لە والی هەکاری کردووە[٣]. والی ناوبراویش لە نووسراوێکی فەرمی لە ٢٢ی تشرینی دووەمی ١٩٤٧ بۆ موتەسەڕیفییەتی هەولێر هەواڵەکەی ڕەتکردووەتەوە، لە نووسراوەکەدا هاتووە: "ئەو هەواڵەی باس لەوە دەکات، کە سەربازەکانمان سێ کەسیان لە شوێنکەوتووانی مەلا مستەفا لە گوندی گنگەجین

---

[١] كتاب مديرية شرطة لواء اربيل/ التحرير الى متصرف لواء اربيل، سري، الموضوع: مكاتيب الملا مصطفى، العدد/ ٤٠٦، في تاريخ ١١/ ١٠/ ١٩٤٧.

[٢] متصرفية لواء الموصل، سري، الموضوع: حول مكاتيب الملا مصطفى، الرقم/ ٥/٦٦٥، في تاريخ ١١/ ١٠/ ١٩٤٧.

[٣] كتاب متصرفية لواء اربيل/ قلم التحريرات الى والي حكاري، الموضوع: البارزانيون، العدد/ ٦٣٩، في تاريخ ٢٢/ ١٠/ ١٩٤٧. (بڕوانە: پاشکۆی ژمارە -١-).

دەستگیرکردووە، هیچ بنچینەیەکی نییە و دوورە لەڕاستییەوە. بەر لە هەموو شتێك گنگەجین ناکەوێتە چوارچێوەی خاکی ئێمەوە، بەڵکو لەنێو خاکی ئێراندایە. بەو دواییانە هێزێکی سەربازی ئێرانی هاتنە نێو ئەو گوندە و لەوێدا مانەوە. لەوانەیە ئەو سێ کەسە لەلایەن ئەو هێزەوە دەستگیرکرابن، ئەم هەواڵە پەیوەندی بە خاکی ئێمەوە نییە"[1].

لە نووسراوێکی نهێنی قایمقامییەتی قەزای ڕەواندز لە ١٨ی نیسانی ١٩٤٨ دا کە بۆ موتەسەڕیفی لیوای هەولێر ناردراوە هاتووە: "ئەو کەسانەی کە متمانەمان پێ هەن جەختیان لەوە کردەوە کە مەلا مستەفا بارزانی لە (ئاراس)[2]ە و (٣٠٠) چەکداری شوێنکەوتووەکانی خۆی لەگەڵدایە، دەیەوێت ببێتە پێشەنگی هێزەکانی ڕوسیا بۆ تێپەڕبوون لە سنووری ئێران، دوای چوونی بۆ ئازەربایجانی ئێرانی هەوڵ دەدات بێتە نێو سنووری عێراقەوە، بەڵام تا ئێستا ئەو ڕێگایەی هەڵنەبژاردووە کە دەیگرێتەبەر. یان دەبێ بچێتە ناوچەی ئەرگوش[3] لە زێبار، یا بێداوە لە ئامێدی یان کانی ڕەش لە قەزاکەمان، لەمەشدا هەردوو عەشیرەتی مەرگەوەڕ و جەلالی هاوکاری دەکەن. ئەگەر نەتوانێت بچێتە ئازەربایجان، ئەوا هەوڵ دەدات لەڕێگەی بڕینی سنووری تورکیاوە بێتە ناو عێراق"[4].

لە بەڵگەنامەیەکی دیکە کە نووسراوێکی نهێنی قایمقامی ڕەواندزە بۆ بەڕێوبەری ناحیەی برادۆست لە ١٠ی حوزەیرانی ١٩٤٨ دا ئاماژە بە وردەکاری هەوڵەکانی بارزانی کراوە بۆ هاتنەنێو خاکی عێراق لەڕێگەی ئێرانەوە. لە نووسراوەکەدا هاتووە: "ئەوانەی متمانەمان پێ هەن، پێیان ڕاگەیاندووین، کە نزیکەی ٣٥٠ کەس لە بارزانییەکان بە سەرکردایەتی خودی

---

[1] حکاری ویلایتی/ امنیت مدیرلکی، ئوزت: گنگەجین دە طوتولدیغی بیلدیریلن اوتوز شخص حقندە، نومرو/ ١/ ١٩١٦، في تاريخ/ ٢٢/ ١١/ ١٩٤٧. (بڕوانە: پاشکۆی ژمارە -٢-).

[2] ڕووباری ئاراس: ناوی ئەم ڕووبارە لە زمانی ئەرمەنی بەشێوەی (ئاراکس) و لە زمانی یۆنانی بەشێوەی (ئاراکسس) و لە زمانەکانی تورکی و کوردی و فارسی بەشێوەی (ئاراس) هاتووە. بەنێو وڵاتانی تورکیا و ئەرمینیا و ئازەربایجان و ئێراندا تێدەپەڕێت. بە یەکێك لە گەورەترین ڕووبارەکانی ناوچەی قەوقاز ئەژمار دەکرێت. درێژییەکەی دەگاتە (١٠٧٢) کیلۆمەتر و ڕووبەری حەوزەکەشی نزیکەی (١٠٢٠٠٠) کیلۆمەتر چوارگۆشە دەبێت. الموقع الالکترونی ویکیبیدیا:

(https://ar.wikipedia.org/wiki/%D٩%٨٦%D٩%٨٧%D٨%B١_%D٨%A٢%D٨%B١%D٨%A٧%D٨%B).

[3] ئەرگوش لە ئێستادا گوندێکە سەر بەناحیەی (شێروان مەزن) لە قەزای مێرگەسۆر.

[4] كتاب قائمقامية قضاء رواندز الى متصرفية لواء اربيل، ١٩٤٨/٤/١٨، سري، الموضوع: اخبار الحدود، العدد/٢/٨٨.

مەلا مستەفا بارزانی دزەیان کردووەتە نێو ناوچەی هۆزی جەلالیی ئێرانی و ناوچەکانی دیکەی دەوربەری سنووری تورکیا و ڕوسیا. حکومەتی تورکیا ڕێکاری پێویستی گرتووەتەبەر و چەندین مەفرەزەی بۆ ئەم مەبەستە پێکهێناوە. هەروەها بەڵێننامەی لە سەرۆك هۆزەکانی ئەو ناوچانە وەرگرتووە، کە لەکاتی دزەکردنی ئەو بارزانییانە بۆ ناوچەکانیان، یان خۆخزاندنە نێو هۆزەکانیان، یەکسەر هەواڵ بنێرن. لەوانەیە ئەو هێزە ڕووبکاتە سنووری عێراق و کێشە و گرفت لە هەندێك ناوچە بنێنەوە. پێدەچێ ڕێگای مەرگەوەڕ و دالانپار و دواتر ناوچەی خواکورکی عێراقی بگرێتەبەر، یا بچنە ناوچەی کێلەشین، ئەگەر بیانەوێ بێنە ناو عێراقەوە. تکایە مەفرەزەی تایبەت بۆ چاودێریکرنی سنوورەکان پێکبهێنن و بەشێوەیەکی بەردەوام بەشەو و ڕۆژ دەورییە دەربکەن بۆ چاودێریکردنی ئەو ڕێگایانە بەشێوەیەکی زۆر جیددی و توند. پێمان باشە مەئموری مەرکەزی ناحیەکەتان یا جێگرەکەی لە ناوچەی کێلەشین سەرپەرشتی ئەو مەفرەزە و دەورییانە بکات. هەروەك لە خوارەوەی نووسراوەکەماندا پەراوێزمان بۆ جێگری پۆلیسی کانی ڕەش نووسیوە کە یەکێك لە مفەوەزەکانیان بۆ سەرپەرشتیکردنی مەفرەزە و دەورییەکانی خواکورك دابنێن"[١].

لە نووسراوێکی دیکەی نهێنی موتەسەڕیفییەتی هەولێر بۆ وەزارەتی ناوخۆی عێراق لە ١٠ی حوزەیرانی ١٩٤٨ دا باس لە ڕێکارەکانی تورکیا لە ناوچە سنوورییەکان کراوە لە بەرامبەر جووڵەی مستەفا بارزانی. لە نووسراوەکەدا هاتووە: "نزیکەی سێ ڕۆژ بەر لە ئەمڕۆ لە یەکێك لە کەسە متمانەپێکراوەکانمان زانیومانە کە حکومەتی تورکیا دوو مەفرەزەی داناوە، یەکێکیان ١٥٠ سەربازە لە گوندی کاتونای سەر بە قەزای شەمدینان، لەوێوە دەورییەکانیان دەردەکەن بەرەو چیای شەهیدان و زێتێ تا بوتا، کە دەکەوێتە سنووری ئێران دەشتی مەرگەوەڕ. هەر لە چوارچێوەی ئەو مەفرەزەیە مەفرەزەیەکی دیکە بە سەرپەرشتی سەرۆك ڕەشید بەگ بۆ ناوچەی هیلان دەردەچێت، کە سەر بە ناوچەی مەرگەوەڕە. هەرچی مەفرەزەی دووەمە،کە ئەویش لە ١٥٠ سەرباز پێکهاتووە، بە سەرپەرشتی سەرۆك حیکمەت بەگە لە گوندی کێلەشین. ئەو مەفرەزەیە چەند دەورییەیەك بۆ کێلەشین و مەرگەوەڕی سەر سنووری ئێران و عێراق لە قەزای شەمدینان دەنێرن. هەر لە چوارچێوەی مەفرەزەی دووەم مەفرەزەیەکی دیکەی ٣٠ سەربازی نێردراونەتە ناوچەیەك پێی دەگوترێت زیتی بەردی، کە لەنێوان سنووری عێراق و تورکیایە و نزیکەی دوو کاتژمێر لە ئێمەوە دوورە. مەفرەزەیەکی

---

[١] كتاب قائمقامية قضاء رواندز/ التحريرات الى مدير ناحية برادوست، سري للغاية، الموضوع: البارزانيين، العدد/ ٤/١٤٣، في تاريخ ١٠/ ٦/ ١٩٤٨.

دیکەش، کە لە ٣٠ سەرباز پێکهاتووە گەیشتووەتە ناوچەی مامە لەسەر سنووری عێراق و تورکیا لە نزیك ناوچەکەمان. بەگوێرەی دەنگۆکان مەبەست لە بەهێزکردنی سنوورەکان و دەرکردنی مەفرەزە و دەورییەکان لە ترسی هاتنی یاخیبوو مەلا مستەفا بارزانی و شوێنکەوتووانیەتی"[١].

لەلایەکی دیکە لە نووسراوێکی نهێنی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر بۆ موتەسەڕیفییەتی هەولێر لە ١٤ی حوزەیرانی ١٩٤٨ دا هاتووە: "چەند دەنگۆیەك هەیە، گوایە مەلا مستەفا بارزانی و شوێنکەوتووە ئاوارەکانی خۆیان خستووەتەپاڵ ئاوارەکانی جەعفەر پیشاوەری[٢] ئێرانی، هەوڵ دەدەن بچنە نێو ئازەربایجانی ئێرانی، بەڵام بایەخدانی حکومەتی ئێرانی و کۆکردنەوەی هێزەکانی لەسەر سنوورەکەی و ڕوسیا بووەتە مایەی ئەوەی تا ئێستا نەتوانن شتێکی لەم شێوەیە ئەنجام بدەن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەك لەم دەنگۆیانەی، کە لەبارەی ئەو بابەتەوە گوێبیستی دەبین، بڕیار وایە لە سەرەتاکانی ئەم بەهارە ئەم کارە ئەنجام بدەن"[٣].

ئەگەر سەرنج بدەینە بەڵگەنامەکان بەگشتی باس لە هەوڵی مستەفا بارزانی دەکەن لە ساڵی ١٩٤٨ بۆ گەیشتن بۆ ناو عێراق، جا ئەمە چ لە ڕێگەی تورکیا، یا ئێرانەوە بێت. بەڵام ئەگەر زانیارییەکانی نێو ئەو بەڵگەنامانە لەگەڵ سەرچاوەکانی دیکەدا بەراورد بکەین، ئەنجامێکی جیاوازمان دەستدەکەوێت. بەگوێرەی ئەو سەرچاوانەی، کە لەبەردەستن

---

[١] كتاب متصرفية لواء اربيل الى وزارة الداخلية، سري، الموضوع: اخبار الحدود، العدد/ ٢٩٦، في تاريخ/ ١٩٤٨/٦/١٠.

[٢] جەواد زادە خلخالی ناسراو بە جەعفەر پیشاوەری لە ساڵی ١٨٩٢ لە گوندێکی سەر بە ویلایەتی خلخال لەدایك بووە. لە ساڵی ١٩٠٥ لەگەڵ خێزانەکەی چووەتە باکۆ. دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ چووەتە ناو سیاسەتەوە و لە ساڵی ١٩١٩ پەیوەندی بە ڕێکخراوی (دادپەروەری شیوعی)یەوە کردووە. ئەندامی لێژنەی جێبەجێکردنی کۆماری گەیلانی سۆڤییەتی (١٩٢٠-١٩٢١) بووە. لە ساڵی ١٩٤١ بەشدار بووە لە دامەزراندنی حزبی تودەی ئێرانی. دواتر (حزبی دیموکراتی ئازەربایجانی) دامەزراندووە. لە ساڵی ١٩٤٥ سەرۆکایەتی حکومەتی ئازەربێجانی، کە حکومەتێکی خودموختاری بوو، وەرگرتووە. بڕوانە: (هند علي حسن (الدكتورة) و وداد جابر غازي، جعفر بشوري ودوره السياسي في ايران حتى عام ١٩٤٦، مجلة مداد الاداب. العدد (٢٣)، ٢٠٠٧، ص٣٦٣-٣٧٣).

[٣] كتاب مديرية شرطة لواء اربيل الى متصرفية لواء اربيل، سري، الموضوع: اخبار الحدود، العدد/ ٤٩٦، في تاريخ/ ١٩٤٨/٦/١٤.

لەماوەی ساڵی ١٩٤٨ مستەفا بارزانی و هاوەڵانی لە ناوچەکانی ئازەربایجان و ئۆزبەکستان بوونە و هیچ هەوڵێك نەبووە بۆ گەڕانەوەیان بەرەو ناوچەکانی کوردستان. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمەش دەکرێت بە پشتبەستن بە سەرچاوەکان ڕێڕەو و جووڵەی بارزانی هەر لە ئایاری ١٩٤٧ەوە تا کۆتایی ئابی ١٩٤٨ دەستنیشان بکرێت. دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و پێکدادانی سەربازی لەگەڵ سوپای ئێران، بارزانی خاکی ئێرانی جێهێشت و گەڕایەوە عێراق، لە ١٤ی ئایاری ١٩٤٧ حکومەتی عێراق شەڕی دژی بارزانی جاڕدا، هەروەها تورکیاش دژایەتی خۆی بۆ بارزانی ڕاگەیاند. بەم شێوەیە لە یەك کاتدا هەر سێ وڵاتی ئێران و عێراق و تورکیا لەدژی بارزانی وەستانەوە. بۆیە بارزانی ناچار پەنای بۆ یەکێتی سۆڤییەت برد و لە ١٨ی حوزەیرانی ١٩٤٧ لەگەڵ (٥٠٠) کەس لە هەڤاڵانی لە ڕووباری ئاراس پەڕینەوە و چوونە نێو شاری نەخجەوان لە کۆماری ئەرمینیای سۆڤییەتی[1]. لەوێ بارزانی لەژێر چاودێری ڕوسەکاندا دەبێت و تووشی نەخۆشییەکی گران دەبێتەوە، دوای باشبوونی تەندروستی لەگەڵ ڕوسەکان کۆدەبێتەوە، بە مەبەستی مانەوەی بارزانییەکان پێشنیارێك ئاراستەی بارزانی دەکرێت، کە لە ئازەربایجان و ئەرمەنستان یەکێکیان هەڵبژێرێت، لەبەر ئەوەی بارزانی و زۆربەی پێشمەرگەکان زمانی تورکییان دەزانی و لەڕووی کەلتوور و داب و نەریتیشەوە تا ڕادەیەك لە ئازەرییەکان نزیك بوون، بۆیە بارزانی ئازەربایجانی هەڵبژارد[2].بەم شێوەیەش بارزانی و هاوەڵانی لە ٢٩ی ئەیلوولی ١٩٤٧ بۆ ئازەربایجان گوازرانەوە و لە شاری باکۆ نیشتەجێکران و لەوێ لەلایەن حکومەتی ئازەربایجان و سۆڤییەتییەکانەوە بایەخیان پێدرا و مەشقی سەربازییان پێکرا. لەسەر خواستی بارزانی جەعفەر باقرۆڤ[3]ی سکرتێری لیژنەی مەرکەزی حزبی شیوعی ئازەربایجانی

---

[1] ڕەفیق ڕەحمان مام خول، مستەفا بارزانی ژیان و ڕۆڵ و هەڵوێستی لە پێشهاتە سیاسییەکاندا ١٩٥٨-١٩٧٠، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٢، ل٤٤.

[2] پاول سیشمەن و د. خۆشەوی مەلا ئیبراهیم، لەژێر ئاڵای کوردستاندا/ ژیان و ڕێبازی مەلا مستەفا بارزانی، وەرگێڕانی: ئەردەلان گۆران، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١٤، ل١٦٨.

[3] جەعفەر باقرۆڤ لە ساڵی ١٨٩٦ لە پارێزگای باکۆ لە ئازەربایجان لەدایك بووە. دوای تەواوکردنی خوێندن لەنێوان ساڵانی ١٩١٥-١٩١٧ بووەتە مامۆستا. لەنێوان ساڵانی ١٩١٨-١٩٢١ وەك سەرکردەیەکی سەربازی ڕوسی و سەرۆکی دادگای شۆڕشگێڕی ئازەربێجان ڕۆڵی لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ڕوسیا و جەنگی ناوخۆیی ڕوسیادا هەبووە. دوای سەرکەوتنی سیستەمی شیوعییەتی سۆڤییەتی لە ئازەربێجان باقرۆڤ وەك سەرۆکی لیژنەی شۆڕشگێڕ لە کاراباخی ئازەربێجانی دامەزراوە. لەنێوان ساڵانی ١٩٢١-١٩٢٩ سەرۆکی دەزگای ئاسایشی دەوڵەت بووە. لەنێوان ساڵانی ١٩٣٢-١٩٥٣ سەرۆك وەزیرانی کۆماری

پێشنیاری بۆ حکومەت کرد، کە هاوەڵانی بارزانی بگوازرێنەوە بۆ لێوارەکانی دەریاری قەزوین و لەوێ مەشقی سەربازییان پێبکرێت. بەگوێرەی بڕیاری حکومەت ئەمانە دابەشی سەر چەندین یەکەی سەربازی کران، لەوانەش یەکەی تەقەکەران و یەکەی تۆپهاوێژ و مەفرەزەی لوغم و مەفرەزەی پەیوەندی و یەکەی تانکەکان[1]. لە ١٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٨ دا بە بەشداری نوێنەرانی کوردەکانی کوردستانی عێراق و ئێران کۆنفرانسێکی گشتی بەسترا و سەرکردایەتییەکی سیاسی بۆ کورد هەڵبژێردرا، کە بارزانی بە سەرۆکی ئەو سەرکردایەتییە دەستنیشانکرا. دوای دژایەتیکردنی بەردەوامی جەعفەر باقرۆفی سەرۆکی ئازەربایجان بۆ بارزانی، بارزانی ناچاربوو داوا لە کاربەدەستانی یەکێتی سۆڤییەت بکات خۆی و بارزانییەکان بۆ کۆمارێکی دیکەی سۆڤییەتی بگوازرێنەوە. بۆ ئەم مەبەستەش لە ٢٩ی ئابی ١٩٤٨دا بارزانی و هاوەڵانی گوازرانەوە بۆ کۆماری ئۆزبەکستان[2]. بەم شێوەیەش ئەوە دەردەکەوێت، کە بارزانی لەو ماوەیەی، کە بەڵگەنامەکە ئاماژەی پێداوە لە ئازەربایجانی سۆڤییەتی بووە و نەگەڕاوەتەوە بۆ ئاراس تا لەوێوە بێتەوە ناو خاکی عێراق.

جگە لە چاودێریکردنی خودی مستەفا بارزانی، خزم و کەسە نزیکەکانیشی، کە هەندێك لەوانە هیچ پەیوەندییەکیشیان بە کاروباری سیاسییەوە نەبووە، بە وردی لەلایەن دامودەزگا ئەمنی و سەربازییەکانی حکومەت چاودێری کراون. تەنانەت کاتێك لە شارێکەوە سەفەری شارێکی دیکەیان کردووە، پێویستییان بە بەدەستهێنانی ڕەزامەندی دەزگا ئەمنی و کارگێڕییەکانی حکومەت هەبووە. ئەمەش بەڕوونی لە بەڵگەنامە نهێنییە فەرمییەکانی سەردەمی پاشایەتی دەردەکەون. لەم چوارچێوەیەدا لە داواکارینامەیەکی هەریەك لە عەبدوڵڵا محەمەد سدیق[3] و مەجید ئیبراهیم بارزانی، کە لە ٢٥ی شوباتی ١٩٥٧ دا

---

ئازەربێجانی سۆڤییەتی بووە. لە ساڵی ١٩٥٦ کۆچی دوایی کردووە. ویکی‌پدیا، دانشنامهٔ آزاد: (https://fa.wikipedia.org/wiki/%D٩٪٨٥٪DB٪٨C%D٨٪B١٪D٨٪AC%D٨٪B٩٪D٩٪٨١٪D٨٪B١_%D٨٪A٨٪D٨٪A٧٪D٩٪٨٢٪D٨٪B١٪D٩٪٨١)

[1] مروان صالح ال معروف، ادریس بارزانی مهندس المصالحة الوطنیة، دهوك، ٢٠٢١، ص٦٤.

[2] مسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی یەکەم ١٩٣١-١٩٥٨، هەولێر، ٢٠١٢، ل٢٣٧.

[3] عەبدوڵڵا محەمەد سدیق شێخ محەمەد بارزانی لە ساڵی ١٩٣٦ لە گوندی بارزان لەدایك بووە. کەسێکی خواپەرست و سۆفی تەریقەتی نەقشبەندی بووە. لە ساڵی ١٩٤٥ لەکاتی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد لەگەڵ بارزانییەکان چووەتە ئێران. لە ساڵی ١٩٤٧ لەگەڵ بنەماڵەی بارزانی بۆ شارەکانی بەغدا

پێشکەشی موتەسەڕیفی هەولێر کراوە، داوایان کردووە ڕێگەیان پێبدرێت بۆ ماوەی حەفت ڕۆژ سەردانی مەسیف سەلاحەدین بکەن[١]. هەروەها محەمەد سدیق شێخ محەمەد بارزانی [٢]، کە دەکاتە برای مستەفا بارزانی، لە داواکارینامەیەکدا لە ٢٦ی ئابی ١٩٥٧ بۆ موتەسەڕیفی هەولێر داوای ڕەزامەندی کردووە بۆ سەردانیکردنی خزمانی لە شاری بەغدا، موتەسەڕیفی هەولێریش لای خۆیەوە داواکارییەکەی بۆ وەزارەتی ناوخۆ بەرزکردووەتەوە، وەزارەتی ناوخۆ لە ٣١ی ئابی ١٩٥٧ ڕەزامەندی دەربڕیوە بۆ سەردانەکە، کە بۆ ماوەی تەنیا (١٥) ڕۆژ لە بەغدا دا بمێنێتەوە[٣]. تەنانەت جموجۆڵی ژنەکانیش لەژێر چاودێری وردی

---

و بەسرە و کەربەلا دوورخراوەتەوە، کە ئەو کاتە باوکی بەندکراو بووە. بەشداری لە هەردوو شۆڕشی ئەیلول و گوڵاندا کردووە. لەماوەی حەفتاکاندا ئامر هێزی بارزان بووە. زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی زانیوە. لە ڕۆژی ١٣/ ٥/ ٢٠١٢ کۆچی دوایی کردووە. الموقع الالكتروني الحزب الديمقراطي الكوردستاني، تاريخ الزيارة ٥/ ٥/ ٢٠٢٢:

الموقع الالكترونى شباب كورد، تاريخ الزيارة: ٥/٥/ ٢٠٢٢:

https://www.kdp.info/a/d.aspx?l=١٤&a=٣٦٦٤٨

https://shababkurd.wordpress.com/٢٠١٢/١٠/٢٤/berzani/

[١] عريضة عبدالله محمد صديق ومجيد ابراهيم البارزانيين الى متصرف لواء اربيل، الرقم/ ٢٥٢٧، في تاريخ ٢٥/ ٢/ ١٩٥٧. (بڕوانە: پاشکۆی ژمارە-٣-).

[٢] محەمەد سدیق شێخ محەمەد شێخ عەبدولسەلام بارزانی لە دەوروبەری ساڵی ١٩٠١ لەدایك بووە. کەسایەتییەکی ئایینی و سۆفی بووە. بەشداری لە شۆڕشی یەکەمی بارزان بە سەرکردایەتی شێخ ئەحمەد بارزانی لە ساڵی ١٩٣١-١٩٣٢ دا کردووە. دوای کۆتاییهاتنی شۆڕشەکە لەگەڵ مستەفا بارزانی بڕیاری بەرگرییان داوە، بەڵام دواتر کشاونەتەوە بۆ نێو خاکی تورکیا، لەنێوان ساڵانی ١٩٣٣-١٩٥٨ دووخراوەتەوە بۆ ناوەڕاست و باشووری عێراق و شاری سلێمانی. بڕوانە: ڕۆژ عەبدوڵڵا عادل ئەرگوشی، ناوچەی بارزان لەنێوان ساڵانی (١٩٣١-١٩٤٦) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، ماستەرنامەی بڵاونەکراوە، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، ٢٠١٠، ل٢٩، ٤٥؛ ڕەفیق ڕەحمان مام خول، سەرچاوەی پێشوو،ل١٧؛ مسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، بەرگی یەکەم ١٩٣١-١٩٥٨، هەولێر، ٢٠١٤، ل٢٩-٣١؛ الموقع الالكترونى شباب كورد، تاريخ الزيارة: ٥/٥/ ٢٠٢٢:

https://shababkurd.wordpress.com/٢٠١٢/١٠/٢٤/berzani/

[٣] متصرفية لواء اربيل، قلم التحريرات، سري، الموضوع: محمد صديق الشيخ محمد وعزيز اسماعيل البارزانيين، العدد/ ٤٤٠/ ٢٤، في تاريخ ٢٦/ ٨/ ١٩٥٧؛ وزارة الداخلية شعبة المخابرات السرية/ بغداد، سري،

دەزگـا ئەمنییەکانـدا بـووە. ئەمەش بەڕوونـی لە بروسـکەیەکی نهێنـی ئەمنـی هەولێـر بەدەردەکەوێت، کە لە ٢ی تەمموزی ١٩٥٧ بـۆ ئەمنـی موسـڵ نێـردراوە، تیایدا ئامـاژە بەوە کراوە سەبرییەی کچی عەبدولەتیفی دایکـی شـێخ نـووری محەمەد سـدیق بـارزانی لە ١٦ی حوزەیرانی ١٩٥٧ هەولێری بەرەو ئامێدی جێهێشتووە، بۆ ماوەی (١٥) ڕۆژ مـۆڵەتی پێـدراوە، کە لەوێ بمێنێتەوە، ئەمنـی هەولێـر داوای لە ئەمنـی موسـڵ کـردووە ئەو مـاوەیە چـاودێری بکرێت و لەکاتی گەڕانەوەشی ئاگادار بکرێنەوە[١].

دوای بەرپابوونی شۆڕشـی چـواردەی تەممـوزی ١٩٥٨ لەو کاتـانەی، کە پەیوەنـدییەکانی نێوان مەلا مسـتەفا بـارزانی و حکـومەتی عەبـدولکەریم قاسـم لە باشـیدا بـووە، دەزگاکـانی ئەمن و پۆلیس بە بەردەوامی بەدواداچوون و چاودێرییان بـۆ جووڵەکـانی بـارزانی کـردووە. وەك لە نـووسراوێکی بەڕێـوەبەرایەتی پۆلیسـی لیـوای هەولێـر لە ١٨ی شـوباتی ١٩٦١ دا دەردەکەوێـت، کە بە وردی چـاودێری هـاتوچۆ و سـەردانەکانی بارزانییـان کـردووە. لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە: "لە شەوی ١٥-٢/١٦/ ١٩٦١ مەلا مستەفا بارزانی گەیشتە هەولێـر. لە کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ هەولێری جێهێشـت و بە ئۆتـۆمبێلی ژمـارە (١٠٠) پشـکنین بەرەو شارۆچکەی شەقڵاوە بەڕێکەوت و لە کاتژمێر ١٢:١٠ی خوولەکی ڕۆژی ٢/١٦/ ١٩٦١ گەیشتە شارۆچکەکە. پاشان چووە هەریر و سەردانی مەتـڕان یوسـفی کـرد. دواتـر چـووە باتـاس بـۆ بینینی شێخ زەیتۆ سەید تەهـا، دوای ئەوەی شـەوێك لە ڕێـزان[٢] مـایەوە، لە کـاتژمێر ٢:٣٠ی خـوولەکی دوای نیـوەڕۆ بەرەو بـارزان بەڕێـکەوت و لە ئێـوارەی ڕۆژی ١٧-٢/١٨/ ١٩٦١ گەیشتە ئەوێ"[٣].

---

الموضوع: محمد صديق الشيخ محمد وعزيز اسماعيل البـارزانيين، العـدد/ ق.س/ ٢٥٧٨، في تـاريخ ٣١/ ٨/ ١٩٥٧. (بڕوانە: پاشکۆی ژمارە-٤-).

[١] لاسلكية من امن اربيل الى امن الموصل، سريات، العدد/ ١٩٥٤، في تاريخ ٢/ ٧/ ١٩٥٧. (بـڕوانە: پاشـکۆی ژمارە-٥-).

[٢] ڕێزان یەکێکە لە گوندەکانی ناحیەی (گۆڕەتـوو)ی سـەر بە قەزای مێرگەسـۆر. پێگەی ئینسـکلۆپیدیای ئازادی وێکیپیدیا:

https://ckb.wikipedia.org/wiki/%DA%٩٥٪DB٪٨E%D٨٪B٢٪D٨٪A٧٪D٩٪٨٦

[٣] كتاب مديرية شرطة لـواء اربيـل الى متصرفـ لـواء اربيـل، ٢/١٨/ ١٩٦١، سري، الموضـوع: الملا مصـطفى البارزاني، العدد/ ٣١٨.(بڕوانە: پاشکۆی ژمارە -٦-)

هەر لەم چوارچێوەیەدا لە نووسراوێکی نهێنی ئەمنی هەولێر لە ١٦ی شوباتی ١٩٦١ دا ئاماژە بەوە کراوە، کە بارزانی شەوی ١٥-٢/١٦/ ١٩٦١ گەیشتووەتە هەولێر و شەو لە ماڵی عەلی عەبدوڵلا[١] دا ماوەتەوە. دوای چاوپێکەوتنی عەلائەدین مەحمود (١٩٥٨-١٩٦٢)ی موتەسەڕیفی هەولێر سەرلەبەیانی ڕۆژی ١٦ی شوبات ڕوویکردووەتە بارزان تا مانگی ڕەمەزان لەوێ بەسەرببات[٢].

دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول، بەتایبەتی لە ساڵی ١٩٦٢ دەزگاکانی ئەمن و پۆلیس و سەربازی و کارگێڕی عێراق بەوردی بەدواداچوونیان بۆ هەواڵی جووڵەی مستەفا بارزانی کردووە و لە شێوەی نووسراو و بروسکەی بەپەلەدا دەزگاکانی سەرووی خۆیان لێی ئاگادار کردووەتەوە. بۆیە لە چەندین بەڵگەنامەی نهێنیدا ئاماژە بەو بابەتە کراوە. بۆ نموونە لە بروسکەیەکی یاریدەدەری ئەمنی هەولێر لە ٢٩ی ئایاری ١٩٦٢ دا بۆ موتەسەڕیفی لیوای هەولێر ئاماژە بەوە کراوە، کە مەلا مستەفا لە ڕۆژی ٢٨ی ئایاری ١٩٦٢ دا لە ناوچەکانی (برادۆست، سەری بەردی[٣]، شیوە شێخان، سەری حەسەن بەگ) سووڕاوەتەوە. بەشێك لە

---

[١] عەلی عەبدوڵلا ئەمین لە ساڵی ١٩٢٦ لە شاری کۆیە لەدایك بووە. بەشی بیناسازی کۆلێژی ئەندازیاری لە زانکۆی بەغدا تەواوکردووە. لەماوەی چلەکانی سەدەی ڕابردوودا ئەندامی چەندین کۆمەڵە و ڕێکخراو بووە لەوانەش (کۆمەڵی میللەت، یەکێتی تێکۆشین، حزبی شۆڕش). یەکێك بووە لە دەستەی دامەزرێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە یەکەمین کۆنگرەی ئەو حزبەدا لە ساڵی ١٩٤٦ بووەتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی، لەماوەی ژیانی سیاسییدا چەندین پۆستی وەرگرتووە، لەوانەش بەرپرسی لقی دوو لە ساڵی ١٩٥٨، بەرپرسی لقی چوار، بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخستن و مەکتەبی دارایی. لە ساڵی ١٩٧٠ سەرنووسەری ڕۆژنامەی (برایەتی) و خاوەن ئیمتیازی خوولی دووەمی ڕۆژنامەی (خەبات) بووە. لەماوەی نێوان ساڵانی ١٩٧١-١٩٧٤ پارێزگاری سلێمانی بووە. لە کۆنگرەی نۆیەم لە ساڵی ١٩٧٩ دا بووەتە سکرتێری پارتی، لە کۆنگرەکانی دەیەم و یازدەهەم و دوازدەهەم لە ساڵانی (١٩٨٩، ١٩٩٣، ١٩٩٩) وەك جێگری سەرۆکی پارتی هەڵبژێردراوە. لە ڕۆژی ٢٤/ ١٠/ ٢٠١٧ کۆچی دوایی کردووە. کاروان جوهر محمد، ئیدریس بارزانی ١٩٤٤-١٩٧٨ ژیان و ڕۆڵی سیاسی و سەربازی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا/ توێژینەوەیەکی مێژووییە، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٩، ل٦٥؛ پێگەی کوردیپیدیا/ ڕێککەوتی سەردان: ٩/ ٣/ ٢٠٢٢:

https://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=٢٠١٠٠٨٢٢٢٢٢٤٠٦٤٨٣٨&lng=٢٥

[٢] لاسلكية من امن اربيل الى شرطة المصيف وشقلاوة ورواندز وبارزان، ٢/١٦/ ١٩٦١، رقم المنشـيء/ ٧٠٦. (بڕوانە: پاشکۆی ژمارە-٧-).

[٣] سەری بەردی: شوێنێکە دەکەوێتە نێوان ڕەواندز و سیدەکان و باڵەکایەتی.

پێشمەرگەکانیشی لە گوندی سۆران چوری و چیای کانجی لە ناوچەی بارزانن، کە ژمارەیان نزیکەی ٣٠٠-٤٠٠ پێشمەرگە دەبێت. هەروەها لە بەڵگەنامەکەدا باس لەوە کراوە، کە جووڵە و هاتوچۆی مستەفا بارزانی بە ئاگاداری و هاوکاری شێخ ئەحمەد بارزانی[١] برای بووە[٢].

لە بروسکەیەکی دیکەی نهێنی عەبدولقادر نەجدیی جێگری بەڕێوەبەری پۆلیسی لیوای هەولێر بۆ موتەسەڕیفییەتی لیوای هەولێر لە ٣١ی ئایاری ١٩٦٢ دا هاتووە: "لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە دەرکەوتووە، کە مەلا مستەفا لەگەڵ عوبەیدوڵڵای کوڕی لە شەوی ٢٨/٢٧ی ئایاری ١٩٦٢ لە گوندی کۆنە گوند ماونەتەوە. لە ڕۆژی ٢٨ی ئایاردا لە ڕێگەی ڕووباری موسەکاوە بەرەو شیوە شێخان و گوندی شێخان [٣] ڕۆیشتووە.. لە عەسری هەمان ڕۆژدا مەلا مستەفا و شوێنکەوتووانی ناوچەکەیان بەجێهشتووە و ڕوویانکردووەتە ناوچەی باڵەك". هەروەها لە نووسراوەکەدا ئاماژە بەوە کراوە، کە مستەفا بارزانی لە ٣١ی ئایاردا لەگەڵ نزیکەی (٧٠٠) پێشمەرگە لە ناوچەی ڕوست[٤]ەوە هاتوون و بە ناوچەی بەرسرین[٥] دا

هەواڵنامەی کتێب

[١] شێخ ئەحمەد کوڕی شێخ محەمەد کوڕی شێخ عەبدولسەلامە لە ساڵی ١٨٩٢ لەدایك بووە. دوای لەسێدارەدانی شێخ عەبدولسەلامی دووەمی برای لە ساڵی ١٩١٤ لە ناوچەی زێبار دەسەڵاتی گرتووەتەدەست. دوای کۆتاییهاتنی شۆڕشی یەکەمی بارزان لە حوزەیرانی ١٩٣٢ ڕوویکردووەتە تورکیا، دواتر لە ساڵی ١٩٣٤ گەڕایەوە بۆ عێراق. لە دەستپێکی شۆڕشی دووەمی بارزان لە ساڵی ١٩٤٣ لەدژی حکومەتی عێراق ڕاپەڕی و دوای دامرکاندنەوەی شۆڕشەکە لە ساڵی ١٩٤٥ پەنای بردووەتە بەر ئێران. دوای شۆڕشی چواردەی تەمموزی ١٩٥٨ گەڕاوەتەوە عێراق و پاش گەڕانەوەی وازی لە کاری سیاسی هێناوە. لە ساڵی ١٩٦٩ کۆچی دوایی کردووە. (مستەفا محەمەد کەریم (دکتۆر)، پێشهاتە سیاسییەکانی دەڤەری بارزان لە ماوەی ساڵانی ١٩٠٢-١٩٣٢، لە بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، چاپخانەی ڕۆکسانا، هەولێر، ٢٠٢٢، ل٤٠).

[٢] معاون امن اربيل، برقية سرية وفورية الى متصرف لواء اربيل، في تاريخ ٥/٢٩/ ١٩٦٢.

[٣] شێخان: گوندێکە سەر بە قەزای (چۆمان)ە و مەودای (٥) کیلۆمەتر لە قەزاکەوە دوورە.

[٤] ڕوست: گوندێکە دەکەوێتە دۆڵی ڕوست سەر بە ناحیەی سمێلانە لە قەزای چۆمان، بە دووری (١٧٠) کیلۆمەتر دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی هەولێر. ڕێباز دلاوەر عومەر، پێگەی باڵەکایەتی لە شۆڕشی ئەیلوولدا ١٩٦١-١٩٧٥، دهۆك، ٢٠٢١، ل٢٦.

[٥] بەرسرین: گوندێکە دەکەوێتە سەر ڕێگەی هاملتۆن، لەڕووی کارگێڕییەوە سەر بەقەزای ڕەواندزە. (هەمان سەرچاوە، ل٩٢).

تێپەڕیون و گەیشتوونەتە گوندی دەرگەڵە[١] و وەرتێ. ڕێگای گشتیان لە پردی حافزەوە تا گوندی بەرسرین کۆنترۆڵکردووە[٢].

ئەو زانیارییانەی نێو بەڵگەنامەکان باس لە جموجۆڵەکانی بارزانی دەکەن، دوای ئەوەی توانی چەندین سەرکەوتن لە ناوچەکانی بادینان بەدەستبهێنێت. ئەوەبوو ئەسعەد خۆشەویی[٣] وەك سەرکردەی گشتی ناوچەی بادینان دانا. بارزانی بڕیاریدا لەگەڵ نزیکەی (٥٠٠) پێشمەرگە ڕووبکاتە ناوچەی سۆران بەمەبەستی ڕزگارکردنی ناوچەکانی ئەوێ و بەرفراوانکردنی چوارچێوەی شۆڕش. لە ڕۆژی ٢١ی ئایاری ١٩٦٢ فەرمانیکرد بە هێزەکانی پێشمەرگە بۆ جووڵەکردن بەرەو تێپەڕگە (معبر) ی مەندان لە بەرامبەر گوندی سورانکێ. دەبوو هێزەکانی پێشمەرگە لە تاریکایی شەودا بە ناوچەکەدا بڕۆن و بگەنە چیای برادۆست. لە ٢٨ی ئایاری ١٩٦٢ پێشەنگی هێزەکە گەیشتنە ناوچەی سەری بەردی لە سیدەکان. لە ٢٩ی ئایاردا هێزەکانی پێشمەرگە گوندی پیشە و گوندەکانی دیکەی دەوروبەریان

---

[١] دەرگەڵە: یەکێکە لە گوندە کۆنەکانی سەر بە ناحیەی وەرتێ لە قەزای ڕەواندز، دەکەوێتە پشت چیای (هەندرێن). دانیشتوانی ئەو گوندە ڕۆڵی بەرچاویان لە شەڕی (هەندرێن) دا هەبووە. (هەمان سەرچاوە، ل١٢٦).

[٢] لاسلكية من شرطة اربيل الى متصرف اربيل، العدد/ ١٩٠٥، في تاريخ ٣١/ ٥/ ١٩٦٢.

[٣] ئەسعەد خەلیل خۆشەوی لە ساڵی ١٩١٨ گوندی سێلکێی دەڤەری بارزان لەدایك بووە. لە تەمەنی مێردمنداڵییەوە بەشداری شۆڕشی یەکەمی بارزانی لە ساڵی ١٩٣٢ دا کردووە. کاتێك کەوتووەتە دەستی هێزەکانی سوپای عێراق ڕەوانەی بەندیخانەی موسڵ کراوە و دراوە بە دادگای عورفی سەربازی و حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەرچووە، بەڵام لەبەر ئەوەی تەمەنی بچووك بووە و لە چواردە ساڵ تێپەڕی نەکردووە، بۆیە حوکمەکەی جێبەجێ نەکراوە و سووککراوە، دوای چەند ساڵێك بەر یاسای لێبوردنی گشتی کەوتووە و ئازاد کراوە و گەڕاوەتەوە بارزان. لەنێوان ساڵانی ١٩٤٣-١٩٤٥ بەشداری لە شۆڕشی دووەمی بارزان بە سەرکردایەتی مستەفا بارزانی کردووە. دوای دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە ساڵی ١٩٤٦ ئەسعەد خۆشەوی لەنێو سوپای بارزان ڕۆڵێکی دیاری هەبووە بۆ بەرگریکردن لە کۆمارەکە. دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٧ لەگەڵ بارزانی و هاوەڵانی چووەتە یەکێتی سۆڤییەت. لە دەستپێکی شۆڕشی ئەیلوولدا وەك فەرماندەیەکی پێشمەرگە دەرکەوتووە و کراوەتە بەرپرسی کاروباری سیاسی وسەربازی دەڤەری بارزان. لە ٣١/ ٥/ ١٩٧٨ بەهۆی نەخۆشییەکی کوشندەوە لە تاران گیانی لەدەستداوە. بڕوانە: (کەریم شارەزا، تێکۆشەری کوردپەروەری شۆڕشگێڕ ئەسعد خۆشەوی ١٩١٨-١٩٧٨، وتارێکە لە چوارچێوەی کتێبی: قامووسی ناوە نەمرەکان، بەرگی یەکەم، ئامادەکردن و سەرپەرشتی: مومتاز حەیدەری و هێرش سنجاوی-کاروان قاسم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٤، ل٣٤١-٣٤٢).

هەواڵنامەی کتێب

کۆنترۆڵکرد. پاشان هێزەکان لە بەرزاییەکانەوە بەرەو پردی بەرسرین شۆڕبوونەوە. لەوێ هێزەکانی مەحمود کاوانی[١] لەگەڵ هێزە سەرەکییەکانی بارزانی یەکیانگرتەوە.لەو کاتەدا کاروانێکی سوپای عێراقی، کە لە ڕەواندزەوە بەرەو باڵەك دەچوون، کەوتنە نێو بۆسەیەکی پێشمەرگە و سەرجەم سەربازەکان خۆیان ڕادەستکرد، هێزەکانی پێشمەرگە دەستیان بەسەر (٦) ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر و (٢) ئۆتۆمبێلی جێب و بڕێکی زۆر چەك و تەقەمەنیدا گرت. لە هەمان ڕۆژدا هێزەکانی پێشمەرگە توانیان ڕێگای پردی حافز کۆنترۆڵ بکەن. پاشان مستەفا بارزانی گەیشتە ناوچەی باڵەك و لەلایەن عومەر مستەفا دەبابە[٢] و ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆك هۆزە لایەنگرەکانی شۆڕش وەك عەباس مامەند ئاغا و شێخ حوسێن بۆسکێنی و ئەنوەر بەگی بێتواتە و بەشێك لەئاغاکانی پشدەر و بلباس پێشوازی

---

[١] مەحمود حەمەد عەلی کاوانی لە ساڵی ١٩٢٦ لە گوندی کاوانیانی نزیك شەقڵاوە لەدایك بووە. لە ناوەڕاستی پەنجاکانەوە پەیوەندی بە ڕیزەکانی پارتییەوە کردووە. لە ساڵی ١٩٦١ لەلایەن حکومەتی عێراق تاوانبار کرا بە کوشتنی سدیق میران لە دەربەندی کۆڕێ، بۆیە فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچوو، بەڵام خۆی بەدەستەوە نەدا و ڕووی کردە چیای سەفین. دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول ڕۆڵێکی دیاری لە سەرەتای شۆڕشەکەدا بینیوە. لە ڕۆژی ١٦ی ئابی ١٩٦٢ بەهۆی بۆردوومانی فڕۆکەوە بە سەختی بریندار بووە و دواتر لە ٢ی ئەیلوولی هەمان ساڵ کوژراوە. بڕوانە: محەمەد مەلا قادر، سەربوردەی نەمران، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٤، ل١٨٠-١٨٢.

[٢] عومەر موستەفا ناسراو بە عومەر دەبابە لە ساڵی ١٩٢٣ لە شاری کۆیە لەدایك بووە. قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی لە کۆیە و ئامادەیی لە کەرکووك تەواوکردووە. لە تەمەنی لاوێتییەوە چووەتە نێو سیاسەت، بووەتە ئەندامی (حزبی هیوا) و دواتریش (حزبی ڕزگاری). لە ساڵی ١٩٤٣ لە کۆلێژی ئەندازیاری لە بەغدا وەرگیراوە، بەڵام بەهۆی چالاکی سیاسی فەسڵکراوە، دواتر لە ساڵی ١٩٤٦ چووەتەوە بەغدا و لە کۆلێژی ماف وەرگیراوە. دوای دامەزراندنی پارتی لە ساڵی ١٩٤٦ بووەتە یەکێك لە سەرکردەکانی ئەو حزبە و چالاکییەکی بەرچاوی لە بەغدا دا هەبووە. لە کۆنگرەکانی دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەمی پارتی بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی هەڵبژێردراوە. دوای لێکترازانی پارتی لە ساڵی ١٩٦٤ چووەتە پاڵ باڵی مەکتەبی سیاسی تا ساڵی ١٩٧٠. لەنێوان ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٥ بە سەرۆکی دادگای باڵای شۆڕش دامەزراوە. یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان. لە ٢٩/ ١/ ١٩٩٢ لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: (شیرزاد زکریا محمد، الحركة القومية الكوردية في كوردستان العراق ٨ شباط ١٩٦٣-١٧ تموز ١٩٦٨، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠٦، ص٧٠؛ کەریم شارەزا، تێکۆشەری کوردپەروەر عومەر دەبابە ١٩٢٣-١٩٩٢، وتارێکە لە چوارچێوەی کتێبی: قامووسی ناوە نەمرەکان..، ل٣٤٨-٣٤٩).

لێکـــرا. هەروەهـــا هەر یەك لە ئیبراهـــیم ئەحـــمەد و جەلال تاڵەبـــانی و نـــووری شاوەیس[١] سەردانی بارزانییان کرد[٢].

لە نووسراوێکی دیکەی نهێنی قایمقامییەتی ڕەواندز لە ١٧ی تشرینی دووەمی ١٩٦٢ دا بۆ موتەسەڕیفی هەولێر هاتووە: "دەنگۆیەك هەیە، کە گوایە بارزانی بریندار بووە، یا نەخۆشکەوتووە، لە ئێستاشدا لە یەکێك لە ئەشکەوتەکانی گەلی ڕێزانە و ناوچەکە لەلایەن شوێنکەوتووە بارزانییەکانی پارێزراوە"[٣]. بەگوێرەی نووسراوەکە دیارە ئەم زانیارییە تەنیا دەنگۆ بووە، بۆیە جێگەی متمانە نییە.

بەگوێرەی بەڵگەنامەیەکی نهێنی حکومەت، کە بریتییە لە نووسراوێکی مەکی حاجی حوسێنی بەڕێوەبەری ئەمنی لیوای هەولێر، کە لە ٧ ئاداری ١٩٦٥ بۆ موتەسەڕیفییەتی لیوای هەولێر ناردراوە. ئاماژە بەوە کراوە لە ٦ی ئاداری ١٩٦٥ مستەفا بارزانی هاتووەتە ناوچەی دۆڵی شەهیدانی سەر بە ناحیەی سەنگەسەر. هەروەها بارزانی داوای لە قایمقامی قەڵادزێ کردووە پێویستە دەستبەجێ ناوچەکە جێبهێڵێت. چەند ناوچەیەکی دەوروبەری ڕانیەشی کردووەتە هێڵی بەرگری و هێزی تێدا کۆکردووەتەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی یەکەکانی

هەر لەم چوارچێوەیەدا لە نووسراوێکی موتەسەڕیفییەتی هەولێر لە ٢٠ی شوباتی ١٩٦٦ دا بۆ وەزارەتی ناوخۆ هاتووە: "بارزانی تا ئێستا نەگەیشتووەتە گەلاڵە و لە ناوچەی پێنجوێنەوە بەرەو ئەوێ بەڕێکەوتووە و لەوێوە فەرمانەکانی لەڕێگەی بروسکە، یا پەیامبەر بۆ شوێنکەوتووانی دەنێرێت. ئەگەر بگەڕێتەوەش ناوچەکەی خۆی، نایەتە ناو گەلاڵە، بەڵکو

---

[١] نوری شاوەیس لە ساڵی ١٩٢٢ لەشاری سلێمانی لەدایك بووە. لە ساڵی ١٩٤٥ کۆلێژی ئەندازیاری لە بەغدا تەواوکردووە. لەماوەی سییەکان و چلەکانی سەدەی ڕابردوودا بووەتە ئەندامی چەندین ڕێکخراو وڕێکخستنی سیاسی و چالاکی تیایاندا ئەنجامداوە، وەك (کۆمەڵەی ئازادی و کۆمەڵەی دارکەر و حزبی هیوا و حزبی شۆڕش و حزبی ڕزگاری)، لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٥١- ١٩٧٩ ئەندامی سەرکردایەتی پارتی بووە. لە ساڵی ١٩٨٣ لە وڵاتی بەریتانیا کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە:کریم شارەزا،مع اعلام الكرد (المناضل الوطني الاستاذ نوری شاوەیس)، (خەبات) "جریده"،ع (١٠٠٢)، ١٧/ ١١/ ٢٠٠٠.

[٢] حيدر نجم عبد مراد، الاستراتيجية العسكرية لثورة ايلول ١٩٦١-١٩٧٠ دراسة ركن، راجعه وصححه: د. ازاد سالم محمد، دهوك، ٢٠٢١، ص١١٩-١٢٠.

[٣] برقية قائمقام رواندز الى متصرف اربيل، الرقم/ ٥٠٩٨، في تاريخ ١٧/١١/ ١٩٦٢. (بڕوانە: پاشکۆی ژمارە-٨-).

لە گوندی بۆڵی، کە دوورە لە گەڵاڵە لەوێ نیشتەجێ دەبێت، لەو گوندە نەخۆشخانەیەکی یاخیبووان هەیە، کە لەلایەن پزیشکێك بەناوی حیکمەت بەڕێوەدەبرێت"[١].

لە نووسراوێکی دیکەی نهێنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەمنی هەولێر لە ٧ی حوزەیرانی ١٩٦٧ دا باس لەوە کراوە، کە لە ٥ی حوزەیرانی ١٩٦٧ لەڕێگای خانە-حاجی ئۆمەرانەوە سێ کەسی بێگانە، کە یەکێکیان ئافرەتە و سەرجەمیان فەڕەنسین هاتوونەتە ناوچەی گەڵاڵە و لە ناوچەکانی گەڵاڵە و حاجی ئۆمەران سووڕاونەتەوە، دوای دوو ڕۆژ مانەوەیان لە ناوچەکە گەڕاونەتەوە بۆ دەرەوەی سنووری عێراق، چونکە وەك دەگوترێت مەلا مستەفا بارزانی ڕازی نەبووە بە مانەوەیان لە ناوچەکەدا. هەروەها بەڵگەنامەکە ئاماژە بە دەنگۆیەك دەکات، گوایە هێزەکانی پێشمەرگە جۆرە بەردێکیان لە ناوچەی قەسرۆك و ماکۆسان دۆزیوەتەوە، کە دەگوترێت ئەڵماسە، بیانییەکانیش هەر بۆ ئەو مەبەستە هاتوون. هەر لە نووسراوەکەدا ئاماژە بەوە کراوە، کە مەلا مستەفا بارزانی بارەگای هاوینەی لە قەسرێوە بۆ حاجی ئۆمەران گواستووەتەوە[٢].

سەبارەت بە بارەگای تایبەتی بارزانی وەك لە کۆتایی بەڵگەنامەکەدا هاتووە، پێویستە ئەوە بگوترێت،کە لە ساڵی ١٩٦٤ بارەگای بارزانی لە گوندی دێرێ بووە، نزیکەی دوو سەد پاسەوان چاودێری بارەگاکەیان کردووە، کە هەموویان بارزانی یا خەڵکی دەڤەری بادینان بوون[٣]. لە ساڵی ١٩٦٥ لە گوندی وەسانی ناوچەی باڵەکایەتی خانووێك بۆ بارزانی و خانەوادەکەی دروستکرا، بەڵام دواتر بەهۆی مەترسی فڕۆکە جەنگییەکان لەسەر گوندەکە، شوێنی حەوانەوەی بۆ ئەشکەوتێك لە شیوێ زێوەی گواستەوە، کە دەکەوێتە نێوان هەردوو گوندی ڕەزوێلکە و وەسان لە ناوچەی قەسرێ. هەر لەو ساڵەدا بارەگایەکی تایبەت بە بارزانی لە گوندی دیلمان بنیاتنرا. لە ساڵی ١٩٦٨ بارەگایەکی دیکەی تایبەت بە بارزانی لە قەسرێ دروستکرا. پاشان لە ساڵی ١٩٦٩ لە حاجی ئۆمەران شوێنێکی تایبەتی بۆ دروستکرا و

---

[١] کتاب متصرفية لواء اربيل الى وزارة الداخلية، سري للغاية، الموضوع: معلومات، العدد/ ٣٢٩. في تاريخ ٢٠/٢/ ١٩٦٦.

[٢] كتاب مديرية امن اربيل الى متصرف اربيل، سري وشخصي، الموضوع: تحري معلومات، العدد/ ٥٧٢، في تاريخ ٦/٧/ ١٩٦٧.

[٣] ئاری فاروق نانەکەلی، دامەزراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول لە نێوان ساڵانی ١٩٦١-١٩٧٥، هەولێر، ٢٠١٦، ل٤٣.

گواستیەوە بۆ ئەوێ[1]. لە ساڵی ١٩٧٠ خانووێك بۆ حەوانەوەی بارزانی لە گوندی دیلمان دروستكرا، كە نزیكەی (٢٥) كیلۆمەتر لە باكووری قەسرێ دوورە، وەرزی زستان لەوێ دەمایەوە و لە وەرزی هاوینیشدا دەچووە حاجی ئۆمەران[2].

هەواڵنامەی كتێب

(١) ڕێباز دلاوەر عومەر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٦-١٠٧.

(٢) ئاری فاروق نانەكەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤.

### تەوەری دووەم/

### چاودێریکردنی حکومەت بۆ پەیوەندییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی مستەفا بارزانی

بەڵگەنامە فەرمی و نهێنییەکانی حکومەت زانیاری نوێ و بایەخداریان لەبارەی پەیوەندییەکانی مستەفا بارزانی لەگەڵ حزب و کۆمەڵە ناوخۆییەکانی عێراق و وڵاتانی بیانی ئاشکرا کردووە. وێڕای ئەوەی بەشێك لە زانیارییەکان ورد و دروست نین، هەروەك لەمیانەی خستنەڕووی بەڵگەنامەکان ئاماژەی پێدەکەین، بەڵام ئەمە لە بایەخی ئەو زانیارییانە کەمناکاتەوە، کە هەندێکیان بۆ یەکەمین جارە بڵاودەکرێنەوە. بۆیە لێرەدا بە پشتبەستن بە نووسراو و بروسکە نهێنییەکانی دەزگاکانی حکومەت باس لە پەیوەندییە ناوخۆییەکانی بارزانی لەگەڵ حزبی شیوعی عێراق و حزبی شیوعی/ سەرکردایەتی ناوەندی کۆمەڵەی (عەزیز ئەلحاج) دەکەین. دواتریش لە میانەی پەیوەندییە دەرەکییەکاندا پەیوەندییەکانی بارزانی لەگەڵ هەریەك لە وڵاتانی ئێران و ئەمریکا و ئەڵمانیای ڕۆژئاوا دەخەینەڕوو.

هەواڵنامەی کتێب

#### ١/ پەیوەندییە ناوخۆییەکانی بارزانی:

#### أ- پەیوەندی نێوان بارزانی و حزبی شیوعی عێراق

پەیوەندییەکانی نێوان حزبی شیوعی عێراق و مستەفا بارزانی لە ماوە جیاجیاکانی مێژوودا هەڵبەز و دابەزی بەخۆیەوە بینیوە. دەکرێت ئەمەش لە چەند وێستگەیەکی مێژوویدا ڕوون بکرێتەوە. کاتێك لە ١٠ی ئابی ١٩٤٣ شۆڕشی دووەمی بارزان بە سەرکردایەتی بارزانی سەریهەڵدا، حزبی شیوعی لە بەیاننامەیەکی لە ٢٩ی ئابدا سەرکۆنەی هێرشی حکومەتی بۆ سەر گوندە کوردییەکان کرد، لە هەمان کاتیشدا هێرشیکردە سەر سەرکردایەتی بزاڤی کوردی و بارزانی بەوە تۆمەتبار کرد، کە لە ڕێگەی بزاڤەکەیەوە هەوڵ دەدات هەژموونی دەرەبەگایەتی بگەڕێنێتەوە[1]. دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ هاتنە سەر کاری عەبدولکەریم قاسم و بەهێزبوونی پێگەی سیاسی و جەماوەری حزبی شیوعی، حزبی نێوبراو کەوتە ململانێ لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، لەلایەن

---

[1] عبدالفتاح علي البوتاني (الدكتور)، موقف الاحزاب السياسية العراقية من القضية الكوردية ١٩٤٦-١٩٧٠، مطبعة خانى، دهوك، ٢٠٠٧، ص٥٢.

ڕۆژنامەی (ئازادی)[1] یەوە بەربەرەکانی پارتی و بارزانی دەکرا، بەتایبەتی دوای ئەوەی بۆیان دەرکەوت بارزانی لەدوای گەڕانەوەی لە یەکێتی سۆڤییەتەوە نەبووەتە کەسێکی بیر مارکسی، وەك ئەوەی ئەوان بۆی چووبوون، بارزانیش بەشێوەیەکی ئاشکرا بیروبۆچوونی خۆی لەوبارەیەوە دەربڕی، بۆیە ئیتر شیوعییەکان هەڵویستێکی نەرێنییان لە هەمبەر بارزانی و ئەندامانی پارتی گرتەبەر.لە سەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلوولیش پەیوەندییەکانی نێوان حزبی شیوعی و بارزانی گەیشتە ئاستێکی ناکۆك. حزبی شیوعی بارزانی و سەرکردایەتی بزاڤی شۆڕشی کوردییان بە بەکرێگیراوی ئەمریکا و دەرەبەگەکان دەزانی، پێیان وابوو لەم ڕێگایەوە هەوڵ دەدەن کۆماری تازە لەدایکبووی عێراق بڕوخێنن و یەکپارچەیی عێراق هەڵبوەشێننەوە و دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرێنن[2].

دوای کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ حزبی شیوعی ڕووبەڕووی زەبرێکی گەورەی حکومەت بووەوە و سەلام عادل[3] و چەندین ئەندامی مەکتەبی سیاسی و لیژنەی مەرکەزی کوژران. بۆیە بەشێکی زۆری بەرپرس و ئەندامانی حزبەکە ڕوویان لە ناوچەکانی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی ئەیلوولدا کرد. بەتایبەتی بارزانی پێشوازی لێکردن و پەنای دان و ڕێگەی پێدان بارەگا لە ناوچەکە بکەنەوە. لە نامەیەکی بارزانیدا لە ١١ی شوباتی ١٩٦٣ دا بۆ گشت هێز و بنکە و بارەگاکانی پێشمەرگە هاتووە: "ئەو شیوعیانەی کەوا لە بەغداوە ڕادەکەن و بەرەو ناوچەکانی هەرێمی کوردستان دێن، پێویستە لەسەرتان کەوا بە وردی ئەو خاڵانەی خوارەوە پەیڕەو بکەن.

[1] ئازادی: ژمارەی یەکەمی ئەم ڕۆژنامەیە لە کۆتاییەکانی حوزەیرانی ١٩٥٧ دەرچووە، ئەم ڕۆژنامەیە دوای بەستنی کۆنفراسی دووەمی حزبی شیوعی و دووبارە بنیاتنانەوەی لقی کوردستانی حزب لە ساڵی ١٩٥٧ لە گەڕەکی شۆڕیجە ی کەرکووك وەکو زمانحاڵی لق ناوەکەی گۆڕا بۆ (ئازادی کوردستان). بڕوانە: (بورهان حاتەم گۆمەتاڵی، ساڵح حەیدەری ١٩٢٢-٢٠٠١ ڕۆڵی سیاسیی و ڕووناکبیریی، هەولێر،٢٠١٢؛ سەعید ناکام، بیرەوەرییەکانی سەعید ناکام، هەولێر، ٢٠٠٣، ل٩٠).

[2] سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر (دکتۆر)، حزبی شیوعیی عیراق و مەسەلەی کورد (١٩٣٤-١٩٧٥) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی- سیاسییە، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٩، ل٣٦٠-٣٦٢.

[3] سەلام عادل: ناوی تەواوی حوسێن ئەحمەد ڕازییە، لە ساڵی ١٩٢٢ لە شاری نەجەف لە دایك بووە، لە ساڵی ١٩٤٣ خانەی مامۆستایانی سەرەتایی لە بەغدا تەواوکردووە. لە ساڵی ١٩٤٤ پەیوەندی بە ڕیزەکانی حزبی شیوعی عێراقییەوە کردووە. لە ساڵی ١٩٥٤ بووەتە ئەندامی لیژنەی مەرکەزی و ساڵی دواتریش پۆستی سکرتێری حزبی وەرگرتووە. لە شوباتی ١٩٦٣ لە سێدارە دراوە. بڕوانە: (ثمينة ناجي يوسف و نزار خالد، سلام عادل "سيرة مناضل"، ج١-٢، دمشق، ٢٠٠١، ص١٥ وما بعدها).

١- هەرچی زووتر و باشتر بنکە و بارەگایان بۆ ئامادە بکەن.

٢- بەپێی ئەو لیست و ژمارەی مەوجودیان هەمە جۆرە پێداویستیەکانی ژیانیان بۆ دابین بکرێت.

٣- دەبێ بە چاوی پێشمەرگە سەیر بکرێت و بەبێ هیچ فەرق و جیاوازی.

٤- جێبەجێکردنی ئەو خاڵانەی سەرەوە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە سەرشانی ئامر هێزەکان"[١].

لە ٣ی ئابی ١٩٦٣ دا نووسینگەی لقی کوردی حزبی شیوعی لە بەیاننامەیەکدا پشتگیری خۆی بۆ بزاڤی کورد بە سەرکردایەتی مستەفا بارزانی ڕاگەیاند، پێی وابوو ئەو بزاڤە شۆڕشێکە گەلی کورد بۆ بەدیهێنانی مافە نەتەوەییە ڕەواکانی هەڵیگیرساندووە[٢].

دوای ڕێککەوتننامەی ١٠ی شوباتی ١٩٦٤ لقی کوردستانی حزبی شیوعی پێشوازی لەو ڕێککەوتنە کرد و لە بەیاننامەیەکدا لە ١٢ی شوباتدا ڕایگەیاند: "ماوەیەك پێش ئێستا پەیوەندی لەنێوان حکومەت و سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان دروستبوو، کە لە کۆتاییدا بووە مایەی ناردنی شاندێکی حکوومی بۆ پەیوەندیکردنی ڕاستەوخۆ بە سەرکردایەتی شۆڕش و چوونە نێو دانوستانەوە. ڕوونە حکومەت لەپاڵ ئەو نیازخراپییەی، کە لای میللەت ئاشکرایە، ئەم هەنگاوەی نەناوە وەك وەڵامدانەوەیەکی پاڵنەرە نیشتمانییەکان، یا وەك هاوسۆزییەك لەگەڵ پرسی ڕەوای میللەتی کورد، بەڵکو لەبەر ئەوەیە بەدەست تەنگژەیەکی ئابووری و سیاسی سەختەوە دەناڵێنێت. بەتایبەتی بەهۆی ئەو خەرجییە زۆرانەی، کە حکومەت سەرفیکردووە و سەرفی دەکات بۆ ئەو جەنگە نەگریسەی، کە لەدژی کوردستان ڕایگەیاندووە"[٣].

بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ یەکێك بوو لەو وێستگانەی، کە پەیوەندییەکانی نێوان بارزانی و حزبی شیوعی ئاڵۆز کرد. لەبەر ئەوەی هەر لە سەرەتاوە حزبی شیوعی هەڵوێستێکی دژانەی بەرامبەری گرتەبەر. بۆیە لەدوای ڕێککەوتنەکە لیژنەی مەرکەزی بەیاننامەیەکی لەو بارەوە دەرکرد، کە تێیدا هاتبوو: "بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیران پشتی پێ نابەسترێت کە ببێتە دوا چارەسەری کێشەی کورد، چونکە ئەمە کەمترین داننانە بە کێشەی

[١] بە وەرگرتن لە: (ئاری فاروق نانەکەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٨).

[٢] عبدالفتاح علي البوتاني، المصدر السابق، ص٥٢.

[٣] سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر، سەرچاوەی پێشوو، ل٥١٥.

کوردا. تەنها هەندێك کێشەی ڕۆشنبیری بەخۆوە دەگرێت، بگرە کەمترین داننانە بە مافی ڕەوای کورددا، هەروەها یاسای (لامەرکەزی) بەهیچ شێوەیەك چارەسەری سیاسی کێشەی کورد ناکات، ئەوەشی ڕوون کردەوە کە مەبەستی ڕژێم لاوازکردنی بزاڤی کوردە، هەروەها بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە ڕژێم هەموو هەوڵە سەربازییەکانی لە دەستچوو بۆ لەناوبردنی بزاڤی نیشتمانی و دیموکراسی لە کوردستاندا، حزبی شیوعی ئەوەی دەرخست کە کێشەی کورد چارەسەر ناکرێت لەژێر سایەی دیکتاتۆری شۆڤێنی دژ بە گەلانی عێراق بە کورد و عەرەب و کەمایەتییەکانەوە"[١].

لە نووسراوێکی وەلید سلێمانی بەڕێوبەری ئەمنی لیوای هەولێر، کە لە ٢١ی تشرینی دووەمی ١٩٦٦ ئاراستەی موتەسەڕیفییەتی لیوای هەولێری کردووە، ئاماژەی بەوە کردووە، کە شیوعییەکان دژی ڕێککەوتنی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ی نێوان حکومەت و بارزانین، بۆیە ئەو شیوعییانەی لە بارزانییەوە نزیکن هەوڵ دەدەن تەگەرە بخەنە بەردەم ڕێککەوتنەکە و تێکی بدەن[٢]. بۆیە سێ ڕۆژ دوای ئەم نووسراوە لە نووسراوێکی سەعید زینیی جێگری موتەسەڕیفی لیوای هەولێر، کە لە ٢٤ی تشرینی دووەمی ١٩٦٦ بۆ وەزارەتی ناوخۆی ناردووە، ئاماژەی بە خراپبوونی پەیوەندییەکانی نێوان بارزانی و حزبی شیوعی کردووە، وەك لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە: "زانراوە کە ناکۆکییەکی توند لەنێوان مەلا مستەفا و شیوعییەکان سەریهەڵداوە"[٣]. دیارە هۆکاری خراپبوونی پەیوەندییەکانی نێوانیشیان وەك لە بەڵگەنامەکەی سەرەوەدا ئاماژەی پێکراوە دەگەڕێتەوە بۆ ناکۆکی بیروبۆچوونیان لەبارەی ڕێککەوتنی ٢٩ی حوزەیران.

لە نووسراوێکی عەبدولمونعیم مەسرەف[٤]ی موتەسەڕیفی لیوای هەولێر، کە لە ١٦ی نیسانی ١٩٦٧ بۆ قایمقامی قەزاکانی هەولێر و بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس و بەڕێوەبەرایەتی

---

[١] هەمان سەرچاوە، ل٢٧١.

[٢] كتاب مديرية امن لواء اربيل، القلم السري الى متصرفية لواء اربيل، سري للغاية، الموضوع: معلومات، العدد/ ٧٣٣، في تاريخ ٢١/١١/ ١٩٦٦.

[٣] كتاب متصرفية لواء اربيل/ مديريةالتحرير/ قلم السر الى وزارة الداخلية/ المخابرات السرية والسياسية/٣، الموضوع: معلومات عن المؤتمر، سري وشخصي، الرقم/ ق. س. اللجنة.ع/ ٢٢٣٨، في تاريخ ٢٤/ ١١/ ١٩٦٦.

[٤] عەبدولمونعیم مەسرەف لەساڵی ١٩١٨ لە شاری بەغدا لەدایك بووە. خوێندنی سەربازی لە کۆلێژی ئەرکان تەواوکردووە. چەندین پلەی سەربازی وەرگرتووە تا گەیشتووەتە پلەی عەمید. دوای کودەتای عەبدولسەلام عارف لەدژی بەعسییەکان لە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ مەسرەف هاتە ڕیزی ئەو

ئەمنی لیوای هەولێری ناردووە باس لەوە کراوە، کە لە ماوەی ساڵی ١٩٦٧ چالاکییەکانی حزبی شیوعی زیادیان کردووە، چەندین شانەی نوێیان لە ناوچە جیاجیاکان دامەزراندووە و پڕوپاگەندە لەنێو هاوڵاتیان لە دژی حکومەت بڵاودەکەنەوە. بۆیە موتەسەڕیف داوای لە سەرجەم یەکە کارگێڕییەکانی لیواکە کردووە ڕێوشوێنی توند لە دژیان بگرنەبەر. هەروەها لە بەڵگەنامەکەدا ئاماژە بەوە کراوە، چالاکی شیوعییەکان زیاتر لەو ناوچانەدا چڕبووەتەوە، کە لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی پێشمەرگەدایە. بەشێکی زۆر لەوانە لە ناوچە جیاجیاکانی عێراق هەڵاتوون، لە نێویشیاندا چەندین ئەفسەر و سەرباز هەیە، هەمووشیان لەلایەن مستەفا بارزانییەوە پەنا دراون و پارێزگارییان لێدەکات[١].

## ب/ پەیوەندی نێوان مستەفا بارزانی و کۆمەڵەی (عەزیز ئەلحاج)

دوای ئەوەی بەشێك لە ڕێکخستنەکانی بەغدای حزبی شیوعی بە سەرکردایەتی عەزیز ئەلحاج[٢] نارەزاییان لە سیاسەتی نزیکبوونەوەی حزب لە ڕژێمی عەبدولسەلام عارف دەربڕی. ئەوەبوو دواتر لە ١٧ی ئەیلوولی ١٩٦٧ جیابوونەوەی خۆیان لە حزبی شیوعی بەناوی (حزبی شیوعی عێراق- سەرکردایەتی ناوەندی) ڕاگەیاند[٣]. پاش ئەوەی کۆمەڵەکە

---

ئەفسەرانەی، کە پاڵپشتی عارفیان کرد. لە حوزەیرانی ١٩٦٤ تاوەکو ئەیلوولی ١٩٦٨ موتەسەڕیفی هەولێر بووە. دواتر خانەنشین کراوە تا کۆچی دواییکردنی لە بەغدا. بڕوانە: مهدي محمد قادر (الدكتور)، دراسات فی تاريخ أربيل المعاصر، مكتب التفسير للطبع والنشر، اربيل، ٢٠١٩، ص١٦٦. لە بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکانی عێراقیدا ئاماژە بە پەیوەندییەکانی نێوان مستەفا بارزانی و مەسرەف کراوە، لەنێویشیاندا ئاڵوگۆڕکردنی نامە بەبۆنەی جەژنەکانەوە. (بڕوانە: پاشکۆی ژمارە-١٠-).

[١] كتاب متصرف لواء اربيل الى قائمقامي الاقضية ومديرية شرطة لواء اربيل ومديرية امن لواء اربيل، الموضوع: الخطر الشيوعي، سري وشخصي، العدد/ ن.س/ ٢٠/ ٥٤٦، في تاريخ ١٦/ ٤/ ١٩٦٧.

[٢] عەزیز حاجی عەلی حەیدەر ئەلحاج لە ساڵی ١٩٢٦ لە بەغدا لەدایك بووە، کوردی فەیلییە، لە ساڵی ١٩٤٧ خانەی باڵای مامۆستایانی تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٤٨ پەیوەندی بە ڕیزەکانی حزبی شیوعی عێراقییەوە کردووە. لەماوەی نێوان ساڵانی ١٩٥٨-١٩٦٧ ئەندامی لێژنەی مەرکەزی حزب بووە. دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٦٧ لەو حزبە جیابووەوە، سەرکردایەتی ناوەندی حزبی شیوعی دامەزراند. لە ساڵی ٢٠٢٠ لە پاریس کۆچی دوایی کردووە. (بورهان حاتەم گۆمەتاڵی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٥؛ https://www.ahewar.org/m.asp?i=٧١).

[٣] صلاح الخرسان، صفحات من تاريخ العراق السياسي الحديث (الحركات الماركسية ١٩٢٠-١٩٩٠)، مؤسسة العارف للمطبوعات، بيروت،٢٠٠١، ص١٢٤-١٣١.

خەباتی چەکداری لە دژی حکومەت پەسند کرد، عەزیز ئەلحاج بە نوێنەرایەتی کۆمەڵەکە لە ئاداری ١٩٦٨ دا سەردانی کوردستانی کرد و دوای گفتوگۆ لەگەڵ بارزانی ڕێگەیان پێدرا، کە هێزی چەکدار لە ناوچەکانی شۆڕش پێکبهێنن[١]. لەم چوارچێوەیەدا بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەت پەردەیان لەسەر چەند لایەنێکی ئەو پەیوەندییانەی نێوان کۆمەڵەکەی عەزیز ئەلحاج و بارزانی هەڵماڵیوە. لە نووسراوێکی نهێنی و تایبەتی سەعید زینیی جێگری موتەسەڕیفی لیوای هەولێر، کە لە ١ی حوزەیرانی ١٩٦٨ بۆ وەزارەتی ناوخۆی ناردووە، ئاماژە بەوە کراوە بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی، کە پێیانگەیشتووە، لەماوەی نێوان ٢٦-٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٨ کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان بەڕێوەدەچێت، کە بەرپرسە سەربازی و حزبییەکانی پارتی و نوێنەرانی حزبی شیوعی کۆمەڵەی (عەزیز ئەلحاج) لەخۆدەگرێت. لەو کۆبوونەوەیەدا دەگەنە چەند ڕاسپاردەیەك و لەژێر ڕۆشنایی ئەو ڕاسپاردانە دەست بە گفتوگۆ لەگەڵ حکومەت دەکەن بۆ گەیشتنە چەند ئەنجامێکی ئەرێنی بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد، ئەمەش بەبۆنەی نزیکبوونەوەی ٢٩ی حوزەیران[٢].

بەگوێرەی نووسراوێکی نهێنی موتەسەڕیفییەتی لیوای هەولێر لە ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٦٨ لە ڕۆژی ٢٣ی حوزەیرانی ١٩٦٨ دا شاندێکی شیوعییەکانی سەر بە کۆمەڵەی (عەزیز ئەلحاج) لەڕێگەی ئێرانەوە هاتووەتە گەلاڵە بۆ بینینی بارزانی، بۆ ئەوەی قایلی بکەن، تا بەیەکەوە کاربکەن بۆ ئەوەی، کە ناویان ناوە بە (سەرەتاکانی شۆڕشی میللی لە باشوور)[٣]. لە نووسراوێکی دیکەی عەبدولجەبار دلێمیی بەڕێوەبەری ئەمنی لیوای هەولێر لە ٢٧ی حوزەیرانی ١٩٦٨ دا، کە بۆ موتەسەڕیفییەتی لیوای هەولێر نێردراوە، ناوی هەریەك لە عەزیز ئەلحاج و هاشم عەبدولجەبار هاتووە، ئاماژە بەوە کراوە، ئەمەی دواییان لە بەسرەوە چووەتە ئێران و لەوێوە هاتووەتە گەلاڵە، عەزیز ئەلحاجیش لە ناوەخۆی عێراقەوە گەیشتووەتە گەلاڵە، جلی کوردی لەبەربووە و مۆڵەتێکی ساختەی پێبووە، بەو مۆڵەتە وا خۆی دەرخستووە، کە لەو پێشمەرگانەیە، ڕێگەیان پێدراوە بێنە نێو شارەکان. هەروەها

---

[١] بورهان حاتەم گۆمەتاڵی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٦-١٥٧.

[٢] كتاب متصرفية لواء اربيل الى وزارة الداخلية-مديرية المخابرات السرية والسياسية/٣، سري للغاية وشخصي، الموضوع: معلومات، العدد/ ق.س/ ١٨/ ٨٧٧، في تاريخ ٦/١/ ١٩٦٨. (بڕوانە: پاشكۆی ژمارە -١١-).

[٣] كتاب متصرفية لواء اربيل الى وزارة الداخلية-مديرية المخابرات السرية والسياسية/٣، سري للغاية وشخصي، الموضوع: معلومات، العدد/ ق.س/ ١٨/ ٨٥٣، في تاريخ ٦/٢٦/ ١٩٦٨. (بڕوانە: پاشكۆی ژمارە -١٢-).

جارێکی تر جەختکراوەتەوە لەسەر هەوڵەکانی کۆمەڵەی عەزیز ئەلحاج بۆ پشتیوانی پارتی و بارزانی لە هەڵگیرسانی شۆڕشێکی میللی لە باشوور و ناوچەکانی کوردستان لەپێناو کۆتاییهێنان بە حوکمی عەسکەرتاری لە عێراقدا[١].

لە نووسراوێکی دیکەی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی هەولێر لە ٧ی تەممووزی ١٩٦٨ دا ئاماژە بەناوی ئەو کەسانە کراوە، کە بەشدارییان لە کۆبوونەوەکەدا کردووە، کە بریتی بوون لە هەریەك لە: دکتۆر ئەحمەد و شەوکەت عەقراوی و چەند کەسێکی دیکەی نەناسراو لە پارتی دیموکراتی کوردستان، لە حزبی شیوعی تاخمی عەزیز ئەلحاجیش هەریەك لە: سەعید مەتەڕ، هاشم عەبدولجەبار، عەزیز ئەلحاج ئامادەبوون. هەروەها هەریەك لە: یوسف حەننا و سەلام ناسری لە حزبی شیوعی کۆمەڵەی (بەهائەدین نووری) بەشدارییان کردووە، جگە لەمانە چەند ڕۆژنامەنووسێکی بیانیش لە کۆبوونەوەکە ئامادەبوون[٢]. بەگوێرەی نووسراوێکی دیکەی موتەسەڕیفی هەولێر لە ٩ی تەممووزی ١٩٦٨ دا کۆمەڵەی عەزیز ئەلحاج زانیارییان لەبارەی جموجۆڵەکانی سوپای عێراق داوەتە بارزانی. وەك لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە: "هۆکاری ئەو بارگرژییەی، کە بەم دواییە لە گەلاڵە تێبینی کراوە، ئەوەیە هەندێك زانیاری گەیشتووەتە بارەگای مەلا مستەفا بارزانی، بەو پێیە حکومەت نیازی وایە لە ئاسمانەوە بۆردومانی ناوچە ستراتیژییەکانی کوردە چەکدارەکان لە بیستانە و سەفین و گەلاڵەدا بکات. ئەمەش وایکردووە بەرپرسە کوردەکان ناوچەی بیستانە چۆڵ بکەن، وەك لە بروسکەکەمان ٨٨٣ لە ٢/ ٧/ ١٩٦٨ دا هاتووە، خێزانەکانیان بەسەر گوندەکانی کانی بزرە و کانی کەند دابەشکردووە. هێزەکانیشیان لە بیستانەوە بۆ گوندی سەرمەزرا کشاندووەتەوە، کە چوار کیلۆمەتر لە بیستانەوە دوورە. هەروەها ناوچەکەیان بە دوو تۆپی دژە فڕۆکە و دوو تۆپی تری عەیار ١٢٧ ملم بەهێز کردووە. حزبی شیوعی تاخمی (عەزیز ئەلحاج) لەپشت ئەو کارەن، زانیاری هەڵە و بە ئەنقەست بۆ گەلاڵە دەگوازنەوە، ئەمەش بە ئامانجی نانەوەی ناکۆکی لەنێوان براکاندا"[٣]. بەگوێرەی نووسراوێکی دیکەی ئەمنی هەولێر

---

[١]كتاب مديرية امن لواء اربيل،السريات الى متصرفية لواء اربيل، سري للغاية وشخصي، الموضوع: معلومات، العدد/ ٧٢٥، في تاريخ ٢٧/ ٦/ ١٩٦٨. (بڕوانە: پاشکۆی ژمارە -١٣-).

[٢]كتاب مديرية امن لواء اربيل الى متصرفية لواء اربيل، سري للغاية وشخصيـ الموضوع: اجتماع، العدد/ ٧٩١، في تاريخ ٧/٧/ ١٩٦٨.

[٣]كتاب متصرفية لواء اربيل الى وزارة الداخلية-مديرية المخابرات السرية والسياسية/٣، سري للغاية وشخصي، الموضوع: معلومات، العدد/ق.س/ ٩١٠، في تاريخ ٩/٧/ ١٩٦٨.

لە ١٠ی تەمموزی ١٩٦٨ شاندەکەی کۆمەڵەی عەزیز ئەلحاج دوای بەجێهێنانی ئەرکەکەیان لە ١ی تەمموزی ١٩٦٨ گەلاڵەیان جێهێشتووە و بۆ شوێنێکی نادیار ڕۆیشتوون[١].

ئەوەی لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە، گوایە دەستپێکردنەوەی بارگرژی نێوان حکومەت و سەرکردایەتی شۆڕشی کورد دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵەکانی عەزیز ئەلحاج بۆ ئەو مەبەستە، ئەمە لەوانەیە یەکێک بێت لە هۆکارەکان، بەڵام هۆکاری سەرەکی نائومێدبوونی سەرکردایەتی شۆڕش و بارزانی بوو لە حکومەت، کە دوو ساڵ بەسەر ڕێککەوتنی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ دا تێپەڕببوو بەبێ ئەوەی هیچ شتێك لەسەر ئەرزی واقیعدا جێبەجێ بکرێت. جێگەی ئاماژەپێدانە دوای ئەوەی لە شوباتی ١٩٦٩ لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە عەزیز ئەلحاج دەستگیرکرا، ئەوەبوو هەرەسی هێنا و نهێنییەکانی کۆمەڵەکەی ئاشکراکرد. هەر لەو ساڵەدا لە تەلەفزیۆنی عێراقییەوە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ سازکرا. لەو چاوپێکەوتنەدا چەند پرسیارێکی لەبارەی بارزانییەوە لێکرا، لەوانەش کە ئایا بارزانی چەك لە (سەنتۆ) وەردەگرێت؟ لە وەڵامدا ئەلحاج گوتی: چەکەکان تەنیا لە ئێرانەوە دێن. کاتێك گوشاری زیاتری خرایەسەر بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکە ئەلحاج ئاماژەی بەوە کرد، لەکەمپەکەی بارزانیدا ڕاوێژکاری ئێرانی و ڕەنگە ئەمریکیش هەبن، هەروەها جەختی لەوە کردەوە، کە هیچ زانیارییەکی دیاریکراوی لەبارەی بوونی ئەفسەری ئیسرائیلی لەنێو ڕیزەکانی پێشمەرگەدا لەبەردەستدا نییە[٢].

## ٢/ پەیوەندییە دەرەکییەکانی مستەفا بارزانی

### أ- پەیوەندییەکانی نێوان بارزانی و ئێران

دوابەدوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول و بەرفراوانبوونی ڕووبەری جوگرافی و چالاکییەکانی، بارزانی وەك سەرکردەی شۆڕشی ئەیلوول لەپێناو هاوسەنگکردنی تەرازووی هێزەکانی خۆی لەگەڵ هێزە سەربازییەکانی حکومەت ناچاربوو پەنا بباتە بەر بەستنی پەیوەندی دەرەکی لەگەڵ وڵاتان، بەتایبەتیش ئێران، کە هاوسنووری کوردستان بوو و

---

[١] كتاب مديرية امن لواء اربيل/ السريات الى متصرفية لواء اربيل، سري للغاية وشخصي، الموضوع: معلومات، العدد/ ٨٠٦، في تاريخ ١٠/٧/ ١٩٦٨. (بڕوانە: پاشکۆی ژمارە -١٤-)

[٢] شەریف عەلی، جووڵانەوەی نەتەوەیی باشوری کوردستان ١٩٦١-١٩٨٢ لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا، وەرگێڕانی: پاسار شێرکۆ، چاپی دووەم، دهۆك، ٢٠٢١، ل٨٩.

کاریگەری لەسەر ناوچەکە هەبوو. پەیوەندییەکانی نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول و ئێران دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٦٢، کە هەردوولا شاندیان بۆ لای یەکتری نارد. بەتایبەتی کە لەو ماوەیەدا پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران تێکچووبوو، بۆیە شای ئێران پێشنیاری هاوکاری بۆ شۆڕشی ئەیلوول ڕاگەیاند. لە سەرەتادا پەیوەندییەکە زیاتر خۆی لە گرنگیدان بە کاروباری مرۆیی و پێشکەشکردنی داودەرمان دەبینیەوە، دواتر چوارچێوەی هاوکارییەکانی ئێران، بەتایبەتی لەڕووی سەربازییەوە بۆ شۆڕشی ئەیلوول بەرفراوانتر بوون[١].لەڕاستیدا هاوکاریکردنی ئێران بۆ شۆڕشی کورد لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی بوو، یەکەمیان لەبەر ئەوەی شۆڕشەکە دژی عەبدولکەریم قاسم بوو، کە شا بە دوژمنی خۆی دەزانی، دووەمیشیان بۆ ئەوەبوو تا ڕێگەی خەبات بەڕووی گەلی کورد لە ئێران دابخات، بۆیە مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان گوشاری خستە سەر پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ئەنجام نەدانی چالاکی سەربازی لەدژی ئێران. وێڕای ئەوەش دوای کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ ئێران لەگەڵ تورکیا هاوکاری پێشکەش بە حکومەتی بەعس کرد بۆ لەناوبردنی شۆڕشی کورد[٢].

لە سەردەمی حوکمڕانی عەبدولسەلام عارفدا، شای ئێران توانی لە ڕێگەی عەقید عیسا پەژمانی ئەفسەری ساواکەوە پەیوەندی لەگەڵ ژمارەیەك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی ببەستێت، کە لە بارزانی جیابووبوونەوە، لە سەرووی هەمووشیانەوە ئیبراهیم ئەحمەد. دوای ڕێککەوتنی ١٠ی شوباتی ١٩٦٤ پەیوەندییەکانی نێوان شای ئێران و بارزانی گرژی تێکەوت، لەبەر ئەوەی بارزانی بەبێ پرسی شا شەڕی لەگەڵ حکومەتی عێراق ڕاگرت. بۆیە دوای ئەمە شا هاوکاری سەربازی پێشکەش بە ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی و ئەوانە کرد، کە لە بارزانی جیابووبوونەوە[٣]. بەڵام دوای سەرکەوتنەکانی بارزانی بەسەر جیابووەکان، هەڵوێستی ئێران گۆڕانکاری بەسەردا هات و جارێکی دیکە پەیوەندی بە بارزانییەوە کرد. شا نوێنەرێکی خۆی بەناوی جەنەڕاڵ پاکرەوان نارده لای بارزانی و لە ٢٠ی حوزەیرانی ١٩٦٤ لە حاجی ئۆمەران لەگەڵیدا کۆبووەوە. مەسعود بارزانی لەبارەی ئەو

[١] فەرەیدوون عەبدولڕەحیم عەبدوڵڵا، بارودۆخی سیاسیی کوردستان-عێراق ١١ی مارتی ١٩٧٠-١١ی مارتی ١٩٧٤/ توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٨، ل١٤٣.

[٢] عەبدولخالق ناسر ئەلعامری، بارزانی مستەفا و دۆزی کورد لە عێراق ١٩٣١-١٩٧٥، وەرگێڕانی: ئەرکان شارباژێڕی، دهۆك، ٢٠٢١، ل٤٠٠.

[٣] هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

کۆبوونەوەیە دەڵێت: "جەنەڕاڵ پاکرەوان لەم کۆبوونەوەیەدا بەناوی شا-وە قسەی کرد و وتی: گەورەی من هەڵوێستی خۆی لە ئاست شۆڕشی کورد دیاری کردووە و پەیمان دەدا کەوا یارمەتیی پێشکەش بکات"[١]. دوای ئەمانە هاوکارییەکانی ئێران بۆ شۆڕشی کورد دەستیپێکردەوە، لەم میانەیەشدا دەزگایەکی ڕادار و چوار تۆپهاوێژ و ژمارەیەك چەکی ڕەوانەی شۆڕش کرد و بڕیاریشیدا بە چارەسەرکردنی برینداەکانی پێشمەرگە لە نەخۆشخانەکانی ئێراندا[٢].

لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی عێراقدا باس لە هەندێك لە لایەنەکانی پەیوەندی نێوان مستەفا بارزانی و ئێران کراوە. لەم چوارچێوەیەدا هاشم جەواد(١٩١١-١٩٦٩)ی وەزیری دەرەوەی عێراق لە نووسراوێکی نهێنی لە ٢١ی تەممووزی ١٩٦٢ دا ڕایگەیاندووە باڵیۆزی عێراق لە ئێران لە ڕۆژی ١٨ی حوزەیرانی ١٩٦٢ دا چاوی بە بریکاری وەزیری دەرەوەی ئێران کەوتووە و پێی ڕاگەیاندووە، کە مەلا مستەفا بارزانی و چەکدارەکانی چوونەتە نێو خاکی ئێرانەوە، بۆیە داوای لێکردووە و دەستگیریان بکەن و ڕادەستی حکومەتی عێراقیان بکەنەوە. بەمەش حکومەتی ئێران نیازباشی خۆی بۆ عێراق دەسەلمێنێت. بریکاری وەزیری دەرەوەی ئێرانیش دڵخۆشی خۆی بەم هەواڵە دەربڕیوە و بەڵێنیداوە پەیوەندی بە لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئێرانەوە دەکات و لە ئەنجامی پشکنین و بەدواداگەڕانەکانیان ئاگاداریان دەکاتەوە. پاشان بریکاری وەزیری ناوبراو بە باڵیۆزی عێراقی ڕاگەیاندووە، کە لایەنە ئێرانییە پەیوەندیدارەکان ڕەتیانکردووەتەوە مستەفا بارزانی بە سنووری ئێراندا تێپەڕبووبێت. هەروەها ڕایگەیاندووە بەدرێژایی ناوچە سنوورییەکان ڕێکاری توند دەگرنە بەر و لە هەر پێشهاتێکی نوێشدا باڵیۆزی عێراق ئاگادار دەکەنەوە[٣]. ئەم بەڵگەنامەیەش ئەوە دەسەلمێنێت،کە تا ئەو کاتە (تەممووزی ١٩٦٢) هیچ جۆرە پەیوەندییەکی فەرمی لەنێوان بارزانی و ئێراندا نەبووە، بگرە ئێران، وەك لە بەڵگەنامەکەدا دەردەکەوێت، ئامادەیی دەربڕیوە بۆ گرتنەبەری ڕێکاری توند بەرامبەر بارزانی.

---

[١] مسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم ١٩٦١-١٩٧٥، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤، ل١٧٧.

[٢] عەبدولخالق ناسر ئەلعامری، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠١.

[٣] كتاب وزارة الخارجية العراقية، سرى للغاية ومستعجل، الموضوع: افساح السلطات الايرانية المجال للمتمردين بالدخول الى الاراضي الايرانية، العدد/ ٤/٥٣٠، في تاريخ ٢١/٧/ ١٩٦٢.

لە بەڵگەنامەیەکی دیکەدا، کە بریتییە لە نووسراوێکی نهێنی موتەسەڕیفییەتی لیوای هەولێر بۆ وەزارەتی ناوخۆ لە ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٦٨ ئاماژە بەوە کراوە، کە لە ١٨ی حوزەیرانی ١٩٦٨ چوار پزیشکی ئێرانی لە بارەگای بارزانی لە گەڵاڵە بینراون، ئەمانە لە ئێرانەوە بۆ ئەنجامدانی پشکنینی پزیشکی بۆ بارزانی هاتوون. هەروەها لە نووسراوەکەدا باس لەوە کراوە، کە حەفت ئەندامی پارتی لە ١٥ی حوزەیراندا لە ئێرانەوە هاتوونەتە گەڵاڵە. بۆیە بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی هەولێر لە ڕێگەی کەسە باوەڕپێکراوەکانی خۆیەوە لە ناوچەی گەڵاڵە چاودێری وردی ئەو کەسانەی کردووە تا مەبەستی هاتنیان بۆ ناوچەکە بزانن[١].

**ب- پەیوەندییەکانی نێوان بارزانی و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا**

بەهۆی ئەو سەنگە سیاسی و سەربازییەی، کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەسەر ئاستی جیهاندا هەیبوو، بۆیە مستەفا بارزانی هەر لە سەرەتای شۆڕش و جووڵانەوەکانی دژ بە حکومەتی عێراق بیری لە بەدەستهێنانی هاوکاری ئەمریکا کردووەتەوە. لەکاتی شۆڕشی ١٩٤٣-١٩٤٥ بارزانی لە ڕێگەی پەیوەندیکردنی بە بەرپرسانی ئەمریکی لە بەغدا هەوڵیدا پاڵپشتی سیاسیی ئەو وڵاتە بۆ شۆڕشەکەی بەدەستبهێنێت. هەروەها لەکاتی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و دوای ڕووخانی کۆمارەکەش هەوڵی دروستکردنی ئەو پەیوەندییانەی داوە و بۆ ئەو مەبەستەش چاوی بە جۆرج ئالانی باڵیۆزی ئەمریکا لە تاران کەوتووە، بەڵام هەوڵەکانی بێ سوود بوونە و ئەمریکا وەڵامێکی ئەرێنی بارزانی نەداوەتەوە[٢].

دوای کودەتای یەکەمی بەعسییەکان لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هیچ هەنگاوێکی بەرەو ئەوە نەناوە، کە لە بزاڤی کوردی و بارزانی نزیك بێتەوە، هۆکارەکەشی زیاتر لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە هەر لە سەرەتاوە بەعسییەکان لە ڕێگەی هاوکاری ئەمریکاوە کودەتایان کرد و دەسەڵاتیان وەرگرت. هەروەها لەو ماوەیەدا ئەمریکا بەردەوام پشتگیری باڵێکی نەتەوەیی- مەدەنی ناو حزبی بەعسی دەکرد، بۆ ئەوەی عێراق

---

[١] كتاب متصرفية لواء اربيل/ قلم السر الى وزارة الداخلية/ مديرية المخابرات السرية والسياسية/٣، سري وشخصي، الموضوع: معلومات، الرقم/ ق. س. ١٨/ ٨٥١، في تاريخ ٢٦/ ٦/ ١٩٦٨.

[٢] عەبدولخالق ناسر ئەلعامری، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢٦-٤٢٧.

ببێتە خاوەن قورساییەکی سیاسی ئەوتۆ، کە دژ بە ئێران و سوریا بوەستێت و هاوسەنگی هێز لە ناوچەکەدا بپارێزێت[١].

لەماوەی شۆڕشی ئەیلولیشدا هەوڵەکانی بارزانی بە ڕێگاگەلی جیاوازەوە بۆ هەمان مەبەست بەردەوام بوون، لەوانەش ناردنی شێخ بابە عەلی شێخ مەحمود وەك نوێنەری خۆی بۆ پەیوەندیکردن بە باڵیۆزی ئەمریکا لە بەغدا، بەڵام ئەم هەوڵانەش بێ سوود بوون. لە حوزەیرانی ١٩٦٤ دا هەردوو نوێنەری بارزانی شەوکەت عەقراوی و لوقمان بارزانی لە قاهیرە، داوایان لە باڵیۆزی ئەمریکا لە قاهیرە کرد، ڕێگەیان پێبدەن بۆ سەردانیکردنی واشینتۆن تا لەبارەی پرسی کوردەوە گفتوگۆ لەگەڵ بەرپرسانی ئەمریکادا بکەن، بەڵام وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا داواکەی ڕەتکردنەوە و تەنانەت بە کارێکی پووچی ناوبرد. لە ساڵی ١٩٦٥ لە گەرمەی شەڕی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراقی، مەسعود بارزانی چاوی بە ئایەڵدی سکرتێری یەکەم لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران کەوت و نامەیەکی بارزانی پێدا، دوای چەند ڕۆژێك وەڵامی باڵیۆزخانەی ئەمریکا هاتەوە، کە بەم شێوەیە بوو: "حکومەتی ئەمریکا ئاواتی شەڕ لە کوردستان ناخوازێت و، بۆمان نییە دەستوەربدەین، چونکە ململانێکە پرسێکی ناوخۆییە، هاوکارییە مرۆییەکانمان لە ڕێگەی ڕێکخراوی (Care)ەوە ناردووە کە پشکی کوردیشیان تێدایە"[٢].

دوای ئەوەی بەعسییەکان بۆ جاری دووەم لە ١٧ی تەممووزی ١٩٦٨ لە ڕێگەی کودەتاوە دەسەڵاتیان لە عێراق وەرگرتەوە، وەرچەرخانێك لە ڕوانگەی ئەمریکا بەرامبەر بە پرسی کورد هاتەئاراوە. نزیکبوونەوەی عێراق لە یەکێتی سۆڤییەت و دواتریش بەستنی پەیماننامەی (دۆستایەتی و هاوکاری)[٣] لەنێوانیاندا، بووە مایەی وروژاندنی هەریەك لە ئێران و ئەمریکا،

---

[١] ماريانا خاروداكي، الكرد والسياسة الخارجية الامريكية/ العلاقات الدولية في الشرق الاوسط منذ ١٩٤٥، ترجمة: خليل الجيوسي، دار الفارابي- بيروت- لبنان، دار اراس للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠١٣، ص٢٨٢.

[٢] عەبدولخالق ناسر ئەلعامری، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢٦-٤٢٩.

[٣] دوای نزیکبوونەوەی زیاتری هەردوو وڵاتی عێراق و یەکێتی سۆڤییەت لەیەکتری ئەم پەیماننامەیە لە ٩ی نیسانی ١٩٧٢ لەنێوانیاندا بەسترا. پەیماننامەکە لە چواردە ماددە پێکهاتووە. شێواز و ڕێگاکانی هاوکاریکردنی لە بوارەکانی سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیری و سەربازی خستووەتەڕوو. ماوەی پەیماننامەکە بە بیست و پێنج ساڵ دانراوە و دەکرێت نوێش بکرێتەوە. لە ماددەی یەکەمی پەیماننامەکەدا ئاماژە بەوە کراوە، کە هاوکارییەکی گشتگیر لەنێوان هەردوو وڵات و گەلی عێراق و یەکێتی سۆڤییەت لە بوارەکانی سیاسی و ئابووری و بازرگانی و هونەری و ڕۆشنبیری پەرەدەسێنێت.

بۆیە ئەمە زەمینەی خۆشکرد، کە هەردوو دەوڵەت لە ڕێگەی کوردەوە بچنە نێو هێڵی ڕووبەڕووبوونەوەی عێراق. ترسی ئێران لە پەرەسەندنی هێزی سەربازی عێراق لەگەڵ ستراتیژی ئەمریکادا یەکیانگرت. بە هەمان شێوە ئەمە لای مستەفا بارزانیش کاریگەری و دەنگدانەوەی هاوشێوەی هەبوو، ئەو دەرکی بەوە دەکرد، کە هاوپەیمانی عێراق و یەکێتی سۆڤییەت لە زیانی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کوردە و ئەو چەك و تەقەمەنییانەی لەلایەن سۆڤییەتەوە بە سوپای عێراق دراون، تەنیا دژ بە گەلی کورد و جوولانەوە ڕزگاریخوازەکەی بەکاردەهێنرێن[1].لەلایەکی دیکە نیگەرانی توندی ئەمریکا لە بەرامبەر ئەو گوتارە ئیعلامییەی حزبی بەعس، کە ئەو ماوەیە دژ بە ئیسرائیل گرتبوویەبەر، جگە لەوەی بەفەرمی دانی نەدەنا بە ئیسرائیل، ڕۆژانە لە دەزگا ڕاگەیاندنەکانییەوە، هێرشی توندی دەکردە سەر. هەروەها لەسێدارەدانی ژمارەیەك جوولەکە بە تۆمەتی سیخوڕیکردن بۆ ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٦٩ لە بەغدا. ئەمانەش پەیوەندیکردنی ئەمریکییەکانی بە سەرکردایەتی کورد خێراتر کرد[2].

هەر لەو ماوەیەدا بەڵگەنامە فەرمی و نهێنییەکانی حکومەتی عێراق باس لە هاوکاریکردنی ماددی ئەمریکا بۆ بارزانی و شۆڕشی کورد دەکەن. لەوبارەیەوە لە نووسراوێکی نهێنی و تایبەتی عەبدولجەبار دلێمیی بەڕێوەبەری ئەمنی لیوای هەولێر بۆ موتەسەڕیفییەتی لیوای هەولێر لە ٣١ی ئایاری ١٩٦٨ دا ئاماژە بەوە کراوە، کە سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول بڕیاریداوە مووچەی پێشمەرگە بەشێوەیەکی ڕێکخراو و بەردەوام دابەش

---

ئەمەش لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی سەروەری وڵات و دەستنەخستنە ناو کاروباری ناوخۆی یەکتری. لە ماددەی هەشتەمدا هاتووە: لەکاتی هاتنەکایەی بارودۆخێك، کە ئاشتی هەردوو وڵات بخاتە مەترسییەوە و هەڕەشەی لێبکات، ئەوا یەکسەر هەردوو لای پەیمانبەستوو پەیوەندی بەیەکترییەوە دەکەن بۆ یەکخستنی هەڵوێستیان و لابردنی مەترسییەکان، یان گەڕاندنەوەی ئاشتی و سەقامگیری بۆ ناوچەکە. لە ماددەی نۆشدا باس لە گەشەپێدانی هاوکاری لە بواری بەهێزکردنی توانای سەربازی هەردوو وڵات کراوە. بڕوانە: موقع القوانين والتشريعات العراقية، تاريخ الزيارة: ٨/ ٦/ ٢٠٢٢:-http://wiki.dorar-aliraq.net/iraqilaws/law/٥٤٢٦.html؛ نهاد طالب عويد، الموقف السوفيتي من القضية الكردية في العراق ١٩٦٨-١٩٧٥، مجلة العلوم الانسانية والطبيعية، المجلد (١)، العدد (٦)، ديسمبر ٢٠٢٠، ص١٤٠، ١٤٨.

[1] هەمان سەرچاوە، ل٤٣٠.

[2] ماريانا خاروداكي، المصدر السابق، ص٢٨٦.

بکات، کە مووچەکانیان لەنێوان پێنج تا سەد دینار دایە، ئەمەش بەگوێرەی پلە و پۆستی هەر پێشمەرگەیەك. لە بەڵگەنامەکەدا بە پشتبەستن بە دەنگۆیەکان ئەم ڕێکارە بۆ ئەوە گەڕێندراوەتەوە، کە گوایە بەهۆی هاوکارییە ماددییەکانی ئەمریکا بووە بۆ مستەفا بارزانی، کە لە ڕێگەی ئێرانەوە وەریگرتووە. هەر لە بەڵگەنامەکەدا باس لە دەنگۆیەك کراوە، کە گوایە ئەمریکا گرەنتی بارزانی کردووە، کە ساڵانە (١٠) ملیۆن دۆلاری پێدەدات[١].

توێژەری یۆنانی ماریانا خارواداکیی نووسەری کتێبی (کورد و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا/ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەر لە ١٩٤٥ەوە)، باس لەوە دەکات، کە سەرەتاکانی پەیوەندی نێوان ئەمریکا و بارزانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ساڵی ١٩٦٩ و هەر لەو ساڵەشدا ئەمریکا بڕیاریدا هاوکاری کورد بکات، ئەم هاوکاریکردنەش ئەنجامی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بوو، کە بەردەوام هەوڵی دەدا ناوچەکە لە هەژموونی سۆڤییەتی بپارێزێت. بۆیە ئەمریکا لە ئابی ١٩٦٩ یەکەمین گوژمەی پارەی بۆ بارزانی نارد، کە بریتی بوو لە (١٤) ملیۆن دۆلار. ئەمەش دوای وتارێکی بارزانی هات بۆ ولیام ڕۆجەرزی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە ٢٢ی نیسانی ١٩٦٩. مەبەستیش لەم هاوکارییە هاندانی پەیوەندییەکانی کورد بوو لەگەڵ ئێران[٢].

ئەوەی لە بەڵگەنامەکەدا باسی لێوەکراوە، کە ئەمریکا لە ساڵی ١٩٦٨ بەڵێنی پێدانی (١٠) ملیۆن دۆلاری بە بارزانی دابێت، تەنیا دەنگۆیەك بووە و ڕاستی تێدا نەبووە، لەبەر ئەوەی پەیوەندییەکانی نێوان بارزانی و ئەمریکا تا ئەو کاتە نەگەیشتبووە ڕادەی ئەوەی، کە بڕیار لەسەر ناردنی هاوکاری ماددی ئەمریکا بۆ شۆڕشی کورد بدرێت. هەروەها دەکرێت هەمان شتیش بۆ زانیارییەکانی نێو کتێبەکەی ماریانا خارواداکی بگوترێت. بەگوێرەی ئەوەی لە سەرچاوەکان ئاماژەی پێکراوە ناردنی هاوکارییەکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٢، نەك ١٩٦٨ یا ١٩٦٩[٣]، ئەمەش کاتێك لە ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٧٢ شای ئێران لە ڕێگەی نامەیەکەوە بارزانی لە ڕەزامەندی سەرۆکی ئەمریکا بۆ هاوکاریکردنی کورد ئاگادارکردووەتەوە. بۆیە لە

---

[١] كتاب مديرية امن لواء اربيل/السريات الى متصرفية لواء اربيل، سري وشخصي، الموضوع: معلومات، العدد/ ٥٦٣، في تاريخ ٣١/ ٥/ ١٩٦٨. (بڕوانە: پاشکۆی ژمارە -١٥-).

[٢] ماريانا خاروداكي، المصدر السابق، ص٢٨٦.

[٣] عەبدولخالق ناسر ئەلعامری، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣١؛ فەرەیدوون عەبدولڕەحیم عەبدوڵڵا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٨؛ کاروان جوهر محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٤.

٢٩ی تەمموزی ١٩٧٢ هەریەك لە مەحمود عوسمان و ئیدریس بارزانی دوای سەردانیکردنی شای ئێران و لە ڕێگەی کارئاسانی ئەمەوە بەرەو ئەمریکا بەڕێکەوتن و لە ٣٠ی حوزەیراندا گەیشتنە واشنتۆن. لەوێ بڕیار وابوو چاویان بە هێنری کیسنجەری وەزیری دەرەوە بکەوێت، بەڵام بەهۆی ئامادەنەبوونی، لەگەڵ چەند بەرپرسێکی دیکە کۆدەبنەوە، لەوانەش ڕیتشارد هلمزی بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگری ئەمریکی و کۆلۆنێل ڕیتشارد کینیدی یاریدەدەری هێنری کیسنجەر. دوای گفتوگۆکردن لەگەڵ بەرپرسانی باڵای ئەمریکا و وەرگرتنی بەڵێنی هاوکاری ئەو وڵاتە، لە ١٧ی ئابی هەمان ساڵدا گەڕانەوە حاجی ئۆمەران[١]. بڕی ئەو هاوکارییەش، کە بەرپرسانی ئەمریکا بڕیاریان لێداوە بریتی بووە لە (١٦) ملیۆن دۆلار، کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٢ تەنیا بڕی شەش ملیۆن دۆلاری نێردرا[٢].

## ج- پەیوەندییەکانی نێوان بارزانی و ئەڵمانیای ڕۆژئاوا

ئەوەی لە سەرچاوە مێژووییەکان لەبارەی پەیوەندییە دەرەکییەکانی مستەفا بارزانی لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپی قسەی لەبارەوە کراوە، زیاتر دەربارەی وڵاتی بریتانیا بووە، کە لە چەند وێستگەیەکی مێژووییدا پەیوەندی لەگەڵ بەرپرسانی بریتانییەوە بەستووە، بەتایبەتی لەماوەی شۆڕشی دووەمی بارزان و سەرەتاکانی شۆڕشی ئەیلوولدا[٣]، بەڵام لەبارەی پەیوەندی بارزانی بە وڵاتانی ئەوروپی ترەوە، بەتایبەتی ئەڵمانیا، سەرچاوەکان کەمتر زانیارییان داوە، یا هەر ئاماژەیان پێنەکردووە. ئەم بەڵگەنامەیەی، کە لێرەدا دەیخەینەڕوو لایەنێکی پەیوەندییە دەرەکییەکانی بارزانی ئاشکرا دەکات، کە ئەویش لەگەڵ وڵاتی ئەڵمانیایە، هەرچەندە وەك لە دواتردا باسی دەکەین، زانیارییەکانی نێو بەڵگەنامەکە کەموکوڕی و هەڵەی تێدایە، بەڵام بایەخی لەوەدایە بۆ یەکەمین جارە باس لەم جۆرە پەیوەندییانە دەکرێت.

---

(١) عەبدولخالق ناسر ئەلعامری، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣١-٤٣٢؛ کاروان جوهر محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٥-١٩٦.

(٢) عەبدولخالق ناسر ئەلعامری، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣١-٤٣٢.

(٣) بڕوانە: کورد لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی بریتانیادا ١٩٦٦-١٩٧٩، بەرگی یەکەم، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: محەمەد مستەفا قەرەداغی، پێداچوونەوەی: بەختیار شێخ مستەفا، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای دوارۆژ بۆ ڕووناکبیری و ڕاگەیاندن، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٧، ل٧-٣٦٣؛ عەبدولخالق ناسر ئەلعامری، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣٣-٤٣٩.

لە نووسراوێکی زۆر نهێنی عەبدولمونعیم مەسرەفی موتەسەڕیفی لیوای هەولێر، کە لە ١٣ی ئاداری ١٩٦٥ بۆ وەزارەتی ناوخۆی عێراق ناردراوە، باس لەوە کراوە لە سەرەتای ئاداری ١٩٦٥ سێ کەسی بیانی، کە لە ئەڵمانیای ڕۆژئاواوە نێردراون گەیشتوونەتە بارەگای بارزانی لە ناوچەی ڕانیە. بەگوێرەی نووسراوەکە دوو لەمانە پەیامنێری ڕۆژنامەی (نیوزویك)[١]ی ئەڵمانی بوونە و سێیەمیشیان پێدەچێ ئەفسەرێکی هەواڵگری ئەڵمانی بوبێت. ئەمانە لەڕێگەی ئێران- پێنجوێن- سلێمانییەوە هاتوونەتە نێو خاکی عێراق. جلوبەرگی کوردییان پۆشیوە. هەر بەگوێرەی زانیارییەکانی نێو نووسراوەکە ڕێکخراوی (کاژیك)[٢]، کە لەلایەن کەسێك بەناوی شێخ محەمەدی دانیشتووی سلێمانی سەرۆکایەتی دەکرێت، ئاسانکاری ڕێگا و دیدارەکەی بارزانی بۆ ئەمانە کردووە. کاتێك ئەمانە گەیشتوونەتە لای بارزانی تێیانگەیاندووە، کە ئەرکی ئەوان زیاترە لە پەیامنێری ڕۆژنامەوانی و ئەوان ڕێگەیان پێدراوە بۆ ئەوەی ڕێککەوتن لەگەڵ بارزانیدا بکەن تا زۆرترین هاوکاری لەدژی حکومەتی عێراق پێشکەشی بکەن، بەڵام بارزانی پێی گوتوون ئەو نیازی ئەوەی نییە شەڕ لەگەڵ حکومەتدا بکات، مەگەر ناچار بەوە بکرێت. ئەو تەنیا هەڵوێستێکی بەرگریکارانە دەگرێتەبەر. لە

---

[١] نیوزویك (Newsweek) گۆڤارێکی هەفتانەی ئەمریکییە، لە ساڵی ١٩٣٣ لەلایەن تۆماس مارتن دامەزراوە، کە ئەو کاتە نێوبراو سەرنووسەری گۆڤاری (تایم)ی ئەمریکی بووە. گۆڤارەکە بایەخ بە کاروباری سیاسی و ئابووری و زانست و تەکنەلۆجیا و ڕۆشنبیری و هونەری دەدات. بە دووەمین گەورەترین و بەربڵاوترین گۆڤاری ئەمریکی ئەژمارکراوە. جگە لە زمانی ئینگلیزی بە دوازدە زمانی دیکە دەرچووە. دوای دابەزینی ئاستی فرۆشتن و دابەشکردنی لە ساڵی ٢٠١٢ چاپکردنی گۆڤارەکە بەشێوەی کاغەزی وەستا و بووە گۆڤارێکی ئەلیکترۆنی و ناوەکەی گۆڕا بۆ (نیوزویك گلۆباڵ). بڕوانە: الموقع الالكتروني (الجزيرة نت)، نیوزویك .. نجمة المجلات الامیركیة/ تاریخ الزیارة/ ٢٣/ ٤/ ٢٠٢٢:
https://www.aljazeera.net/encyclopedia/organizationsandstructures/٢٠١٦/٢/٨/%D٩٪٨٦٪D٩٪٨A%D٩٪٨٨٪D٨%B٢٪D٩٪٨٨٪D٩٪٨A%D٩٪٨٣-%D٩٪٨٦٪D٨٪AC%D٩٪٨٥٪D٨٪A٩-%D٨٪A٧٪D٩٪٨٤٪D٩٪٨٥٪D٨٪AC%D٩٪٨٤٪D٨٪A٧٪D٨٪AA-%D٨٪A٧٪D٩٪٨٤٪D٨٪A٣٪D٩٪٨٥٪D٩٪٨A%D٨٪B١٪D٩٪٨٣٪D٩٪٨A%D٨٪A٩

[٢] کاژیك: کۆمەڵەی ئازادیی و ژیانەوە و یەکێتی کورد کۆمەڵەیەکی ڕۆشنبیری سۆسیالیزمی بوو، لە ١٤ی نیسانی ١٩٥٩ لە شاری سلێمانی لەلایەن ژمارەیەك ڕۆشنبیر و ئەدیب و سیاسەتمەداری کورد، لەوانەش (جەمال نەبەز، کامل ژیر، ئەحمەد هەردی، فایەق عارف، فەرەیدون عەلی ئەمین) دامەزراوە. ئامانجی کۆمەڵەکە وەك لە پەیڕە و پرۆگرامیدا هاتووە (کوردایەتی-نەتەوایەتی) و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بووە. بڕوانە: عەبدوڵلا ئاگرین (دکتۆر)، لاپەڕەیەکی گەش لە مێژووی کاژیك (بیرەوەری و دیکیۆمێنت)، بەشی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٣، ل٥-٧.

کۆتایی نووسراوەکەدا ئاماژە بەوە کراوە، کە بارزانی بۆ ماوەی یەك کاتژمێر لەگەڵ کەسی سێیەم، کە گومان دەکرێت لە هەواڵگریی بووبێت، بەتەنیا دانیشتووە و بە زمانی ڕوسی قسەی لەگەڵدا کردووە[١].

ئەوەی جێگەی سەرنجە لە بەڵگەنامەکەدا ناوی گۆڤارەکەیە (نیوزویك)، کە ئەم گۆڤارە ئەمریکی بووە نەك ئەڵمانی، دیارە لە ناوی گۆڤارەکە هەڵە کراوە، بەڵام بەگوێرەی ناوەڕۆکی بەڵگەنامەکە بێت، شاندە ڕۆژنامەوانییەکە ئەڵمانی بوونە، چونکە ئاماژە بەوە کراوە، کە لە ئەڵمانیای ڕۆژئاواوە نێردراون، هەروەها جگە لە دوو ڕۆژنامەنووسەکە، کەسی سێیەمیشیان لەگەڵ بووە، کە بەگوێرەی نووسراوەکە ئەفسەرێکی هەواڵگری ئەڵمانی بووە. بۆیە پێدەچێ ئەمانە پەیامنێری ڕۆژنامەی (دێر شپیگڵ)[٢]ی ئەڵمانی بوون، بەڵام لە نووسراوەکەی موتەسەڕیفییەتی هەولێر بە هەڵە ناوی (نیوزویك) نووسرابێت.

---

[١] كتاب متصرفية لواء اربيل/ قلم السر الى وزارة الداخلية، سري للغاية وشخصي، الموضوع: معلومات عن المتمردين، العدد/ ق. س. ٥٠٢، في تاريخ ١٣/ ٣/ ١٩٦٥.

[٢] گۆڤاری دێر شپیگڵ (Der Spiegel) گۆڤارێکی هەفتانەی ئەڵمانییە. یەکەمین ژمارەی لە ساڵی ١٩٤٧ لە هانۆڤەر بە سەرپەرشتی ئەفسەرێکی بریتانی بەناوی سیمۆر شالونی و بێژەری پێشووی ڕادیۆی سوپای ئەڵمانی ڕودولف ئۆگستین دەرچووە. بە بەناوبانگترین و پڕ خوێنەترین گۆڤاری سیاسی ئەڵمانی ئەژمار دەکرێت. بڕوانە: الموقع الالكتروني (DW)/ دير شبيغل/ تاريخ الزيارة/ ٢٣/ ٤/ ٢٠٢٢: https://www.dw.com/ar/%D٨٪AF%D٩٪٨A%D٨٪B١-%D٨٪B٤٪D٨٪A٨٪D٩٪٨A%D٨٪BA%D٩٪٨٤/t-٣٧٧٨٣٠١١

# بەشی دووەم

## سەرپەرشتیکردنی شەڕەکان لەلایەن مستەفا بارزانی و کۆنگرەی گەڵاڵە

- تەوەری یەکەم/ سەرپەرشتیکردنی شەڕەکان لەلایەن بارزانییەوە
- تەوەری دووەم/ بارزانی و کۆنگرەی گەڵاڵە

## بەشی دووەم

## سەرپەرشتیکردنی شەڕەکان لەلایەن مستەفا بارزانی و کۆنگرەی گەلاڵە:

وەك لە سەرچاوە مێژووییەکان دەردەکەوێت، مستەفا بارزانی خۆی سەرپەرشتی بەشێك لە شەڕەکانی ماوەی شۆڕشی ئەیلوولی کردووە. ئەمەش بەڕوونی لە بەڵگەنامە فەرمییەکانی حکومەتدا ئاماژەیان پێکراوە و بە بایەخەوە باسیان لێوەکردووە. بابەتێکی دیکەش، کە جێگەی بایەخی بەڵگەنامەکان بووە، بارزانی و کۆنگرەی حەفتەمی پارتی دیموکراتی کوردستانە، کە لە ساڵی ١٩٦٦ لە گەلاڵە بەستراوە. بۆیە لەم بەشەدا بەپشتبەستن بە بەڵگەنامەکان هەردوو بابەت دەخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

### تەوەری یەکەم/

### سەرپەرشتیکردنی شەڕەکان لەلایەن بارزانییەوە

مستەفا بارزانی جگە لەوەی سیاسەتکارێکی نێو خەباتی سیاسی کوردستان بووە، لە هەمان کاتیشدا وەك جەنگاوەرێك لە مەیدانی شەڕەکاندا ئامادەبووە و سەرپەرشتی چالاکییە سەربازییەکانی کردووە. لە چەندین بروسکە و نووسراوی نهێنی حکومەتی عێراقدا ئاماژە بەسەرپەرشتیکردنی بەشێك لە شەڕەکانی ماوەی شۆڕشی ئەیلول لەلایەن مستەفا بارزانییەوە کراوە، کە لە خوارەوەدا باس لە ناوەڕۆکی بەشێك لەو بەڵگەنامانە دەکەین.

لە نووسراوێکی عەبدولقادر نەجدیی بەڕێوەبەری پۆلیسی لیوای هەولێر، کە لە ٢١ی حوزەیرانی ١٩٦٢ بۆ موتەسەڕیفی لیوای هەولێر ناردراوە، ئاماژە بەوە کراوە، کە لە ٢٠ی حوزەیرانی ١٩٦٢ دا هێزەکانی پێشمەرگە لە ناوچەی برادۆست لە دوو شوێندا کۆبوونەتەوە، شوێنی یەکەمیان لە بێشێ بە سەرکردایەتی مستەفا بارزانی، شوێنی دووەمیشیان لە ناوچەی ڕوستێ بە سەرکردایەتی مەلا تەها و عومەر دەبابە و ئیسماعیل سەرهەنگ و مەحمود کاك زیاد، وەك لە بەڵگەنامەکەدا ئاماژەی پێکراوە مەبەستیان لەم ئامادەکاری و کۆبوونەوانە هێرشکردنە سەر ناوچەی برادۆستە[1].

---

[1] كتاب شرطة لواء اربيل الى متصرف لواء اربيل،الموضوع: الموقف الصباحي ليوم ٦/٢١، العدد/ ٢١٩١، في تاريخ ٢١/ ٦/ ١٩٦٢. (بڕوانە پاشکۆی ژمارە -١٦-).

لە بروسکەیەکی موتەسەڕیفی لیوای هەولێر لە ٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٢ بۆ وەزارەتی ناوخۆ ئاماژە بەوە کراوە، کە هێزەکانی پێشمەرگە سێ ڕۆژ لەمەوبەر لە ناوچەکانی کۆیە و ڕانیە و بالیسانەوە ڕوویانکردووەتە چیای سەفین و ناوچەی خۆشناو، ئەمەش بۆ پتەوکردنی ئەو هێزەی، کە لەوێیە، مەبەستیشیان ئەنجامدانی چالاکییەکی سەربازییە لەنێوان شەقڵاوە و مەسیف سەڵاحەدین. ئەندامانی پارتی لە کۆبوونەوەیەکی نهێنیدان تا ئێستا شوێنی کۆبوونەوەکە و بڕیارەکانیان نەزانراوە. هەروەها لە نووسراوەکە ئەوە هاتووە، دەنگۆیەکی بەهێز هەیە، کە بارزانی لە ناوچەی خۆشناوە و سەرکردایەتی ئەو هێزە دەکات، کە لەوێیە[1]. هەر لە هەمان ڕۆژدا لە بروسکەیەکی یاریدەدەری ئەمنی هەولێر بۆ موتەسەڕیفی هەولێر هاتووە، کە بەگوێرەی سەرچاوەیەکی متمانەپێکراو مستەفا بارزانی لەگەڵ (٧٠٠) چەکدار لە ڕێگەی بێتواتەوە گەیشتوونەتە هەردوو گوندی هیران و نازەنینی سەر بە ناحیەی خۆشناو و لەو ناوچەیە هێزەکانی خۆیانی کۆکردووەتەوە[2]. لەو بارەیەوە مەسعود بارزانی ئاماژە بەوە دەکات، کە لە زستانی ساڵی ١٩٦٢ بەهۆی بارودۆخی کەش و هەواوە ماوەیەك بەرەکانی جەنگ ئارام بوونەوە، بۆیە دەرفەت ڕەخسا بۆ ئەوەی چاو بە ڕێکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بخشێندرێتەوە و بەرپرسارێتی ڕێکخراوەیی و حزبی و سەرکردایەتی لقەکان پتەوبکرێن، لەم میانەیەشدا مستەفا بارزانی ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە، وەك دەنووسێت: "بارزانی هەمیشە لە جووڵەدا بووە و هەرگیز پاڵی ڕەحەتی لێ نەدەدایەوە، بەردەوام لە سەرلێدانی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستاندا بوو و بەسەری دەکردنەوە. لەناو ئەو ناوچانەدا بەتایبەتی ناوی ناوچەگەلی خۆشناوەتی و پشدەر و ئاکۆ دەهێنم. لە ناوچەی ئاکۆ ماوەیەك میوانی عەباسی مامەند ئاغا و لە میوانی ئەنوەر بەگی بێتواتەدا بوو"[3].

لە بروسکەیەکی موتەسەڕیفی هەولێر لە ٧ی کانوونی دووەمی ١٩٦٢ بۆ وەزارەتی ناوخۆ، دوای باسکردنی پێکهاتەی هێزی پێشمەرگە لە میحوەرەکان و ئاماژەدان بە ناوی

[1] برقية متصرف اربيل الى وزارة الداخلية/ الفيلق الثاني، الموضوع: الموقف حتى الساعة ٢٢٠٠ ليوم ١٢/٤، العدد/ ٤٠٣٥، في تاريخ ١٢/٤/ ١٩٦٢.

[2] برقية معاون امن اربيل الى متصرف اربيل، ٤/ ١٩٦٢/١٢. (بڕوانە: پاشکۆی ژمارە -١٧-).

[3] بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ل٩٦.

بەرپرس و ژمارەی پێشمەرگەکان. ئەوە هاتووە کە هێشتا بارزانی نەگەیشتووەتە ناوچەکە پێدەچێ بگاتە گوندی هیران، کە عەباسی مامەند ئاغا و ئەنوەر بەگیشی لەگەڵدایە[١].

لە بروسکەیەکی لاسلکی ئەمنی شەقڵاوە، کە لە ١٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٢ بۆ قایمقامی قەزای شەقڵاوە ناردراوە، ئاماژە بەوە کراوە ئەو هێزانەی پێشمەرگە، کە لە چیای سەفین و هیرانن، دەیانەوێت هێرش بکەنە سەر شەقڵاوە، بەڵام چاوەڕوانی گەیشتنی بارزانی دەکەن بۆ ناوچەکە تا ڕێنماییان بکات[٢]. لە نووسراوێکی دیکەی نهێنی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی ناوچەی کەرکووک لە ٢٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٢ دا هاتووە، کە هێزێکی زۆری پێشمەرگە لە دەوروبەری شەقڵاوە کۆبوونەتەوە بەمەبەستی پەلاماردانی شارۆچکەکە. ئەمەش دوای ئەوەی سوپا هێزێکی سەربازی لە چنێران و سەرمەیدان جێگیرکرد. لە بەڵگەنامەکەدا ئاماژە بەوەکراوە، کە بارزانی خۆی سەرپەرشتی ئەو شەڕە دەکات و نزیکەی هەزار پێشمەرگەی ئامادەکردووە و بەسەر ناوچەیەکدا لەنێوان ئەسپینداره و کونەفلوسە و خۆشناو و چیای سەفین دابەشی کردوون. سوودیان لە پاشماوەی چەند خانووێکی هیران و ئەسپینداره و نازەنین و کونەفلوسە و قەڵاسنج و زیارەت و ئەشکەوتەکانی سەفین وەرگرتووە[٣].

هەر لەم چوارچێوەیەدا لە نووسراوێکی ناوەندی هەواڵگری هەولێر لە ١٧ی ئایاری ١٩٦٦ بۆ ڕێکخستنی هەواڵگری ناوچەی باکوور لەبارەی شەڕەکانی نێوان هێزەکانی حکومەت و هێزەکانی پێشمەرگەدا هاتووە: "زانیارییەکان ئاماژە بەوە دەکەن، مەلا مستەفا لە ناوچەی ڕەواندزە و خۆی سەرپەرشتی بەرەکانی جەنگ دژی هێزەکانی حکومەت دەکات"[٤]. ئەو شەڕەی کە لە بەڵگەنامەکە باسی لێوەکراوە، شەڕی هەندرێن یا وەك حکومەت ناوی نابوو (توکلت علی الله) بوو، کە لە شەوی ٣/٢ی ئایاری ١٩٦٦ بە هێرشێکی سوپا و جاشی

[١] برقية متصرف اربيل الى وزارة الداخلية/ فق٢ رئيس مكرر قائمقام شقلاوة، الموضوع: الموقف حتى الساعة ٢٢٠٠ ليوم ١٢/٧، العدد/ ٤٠٦٥، ١٢/٧/ ١٩٦٢. (بڕوانە: پاشکۆی ژمارە -١٨-).

[٢] لاسلكية من امن شقلاوة الى قائمقام قضاء شقلاوة، العدد/ ٨٩٥، في تاريخ ١٢/١٣/ ١٩٦٢. (بڕوانە: پاشکۆی ژمارە -١٩-).

[٣] كتاب الامن العامة، مديرية امن منطقة كركوك الى قيادة الفرقة الثانية، سري للغاية ومستعجل، الموضوع: شقلاوة، الرقم/ ٨٤٦٤، في تاريخ ١٢/٢٠/ ١٩٦٢.

[٤] كتاب مركز استخبارات اربيل الى منظومة استخبارات المنطقة الشمالية، سري وشخصي وعلى الفور، الموضوع: التقرير الاسبوعي للفترة من ٥/١٠ لغاية ١٧/ منه، العدد/ ٣/ ١٢٧، في تاريخ ٥/١٧/ ١٩٦٨.

حکومەت بە هاوکاری چەندین فڕۆکەی جەنگی بۆ سەر هێزەکانی پێشمەرگە لەسەر چیای هەندرێن و زۆزك لە ناوچەی ڕەواندز دەستیپێکرد. لە سەرەتای شەڕەکەدا دوای تۆپبارانی سەخت و بۆردومانی فڕۆکەکان و بە بەشداری دوو لیوای سەربازی توانیان چەند شوێنێك لە چیای زۆزك و گەرووی عومەر ئاغا داگیر بکەن و ژمارەیەك سەرکردەی پێشمەرگەش کوژران، بۆیە دوای بروسکەیەکی ئیدریس بارزانی بۆ مستەفا بارزانی و ئاگادارکردنەوەی لە مەترسی دۆخەکە، بارزانی خۆی ڕۆیشت بۆ بەرەی شەڕەکە و سەرپەرشتیکرد. لە ڕۆژی ١١ی ئایاردا بارزانی لەگەڵ سەرکردەکانی بەرەی شەڕەکە کۆبووەوە و پلانی هێرشکردن بۆ سەر سوپای حکومەت دانرا. لە ڕۆژی ١٢ی ئایاردا بە هاوبەشی پێشمەرگەکانی پارتی و حزبی شیوعی لە شەڕی هەندرێن سوپای حکومەت تێکشکا[١].

هەر سەبارەت بە ئامادەکاری و پلانەکانی بارزانی لەکاتی شەڕەکاندا، لە بڵاوکراوەیەکی نهێنی هەواڵگری فەرماندەی فیرقەی یەکی سوپای عێراق ئاماژە بەوە کراوە، کە لە ١٠ی تەمموزی ١٩٦٦ دا مستەفا بارزانی چەند پارچە چەکێکی لە ڕێگەی (٢١) ئەسپ بۆ بارزان گواستووەتەوە، کە بریتی بوون لەمانە: (١٨٠) تفەنگی برنۆی درێژ، (٣٢) ڕەشاشی برنۆی ڕوسی، (١) تۆپی (٤،٥) گرێ، (٢) تۆپی (٣) گرێ، (٤) تۆپی (٢) گرێ. هەر لە هەمان ڕۆژدا بە فەرمانی بارزانی (١٨) تۆپی قورس لە گەلاڵەوە گوازراوەتەوە بۆ ناوچە سنوورییەکان لە ڕێگەی ڕایاتەوە گەیشتووەتە ناوچەی ڕانیە. هەروەها لە بەڵگەنامەکەدا ئاماژە بەوە کراوە، کە بارزانی ناوچەیەکی لە سەر سنوور لە حاجی ئۆمەران تەرخانکردووە بۆ پاراستنی چەك و تەقەمەنییەکانی تایبەت بە شۆڕش، کۆمەڵێك کەسیشی کردووەتە پاسەوانی ناوچەکە، کە جێگەی متمانەی ئەون[٢].

---

[١] بڕوانە: مسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم ١٩٦١-١٩٧٥، ل٢١٦-٢٢١؛ شوان محەمەد ئەمین تەها خۆشناو، هەولێر لەنێوان ساڵانی ١٩٦٣-١٩٧٠ لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە لە بارودۆخی سیاسیی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٦، ل٢١٢-٢١٤.

[٢] قيادة الفرقة الاولى، الاركان العامة، سري للغاية، الموضوع: نشرة الاستخبارات، الرقم/ ١س/ ٣/ ١٢٢١، في تاريخ ١/٨/ ١٩٦٦، ص٣.

### تەوەری دووەم/

## بارزانی و کۆنگرەی گەڵاڵە

دوای ڕێککەوتنی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ی نێوان حکومەت و سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول تا ڕادەیەك سەقامگیری و بارودۆخێکی نوێ لە کوردستان هاتەکایەوە، بۆیە پارتی دیموکراتی کوردستان بە بەشداری (٢٤٥) ئەندام کۆنگرەی حەفتەمی خۆی لە ماوەی نێوان ١٥-٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩٦٦ بە ئامادەبوونی بارزانی لە گەڵاڵە گرێدرا[١]، کە وتارێکی تێدا خوێندەوە. لە کۆنگرەکەدا بەکۆی دەنگی ئەندامان مستەفا بارزانی وەك سەرۆکی پارتی هەڵبژێردرایەوە و حەبیب محەمەد کەریم[٢]یش وەك سکرتێری حزب و هەریەك لە: مەحمود عوسمان[٣]،ساڵح یوسفی[١]، نووری شاوەیس، عەلی عەبدوڵڵا، سامی

---

[١] حبيب محمد كريم، صفحات من نضال الشعب الكردی/ تاريخ مؤتمرات الحزب، اربيل،١٩٩١، ص٢٤؛شوان محەمەد ئەمین تەها خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٧؛ عەبدولخالق ناسر ئەلعامری، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣١.

[٢] حەبیب محەمەد کەریم لە ساڵی ١٩٣١ لە شارۆچکەی زڕباتییەی سەر بە لیوای واسیت لەدایك بووە. خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی و دواتریش کۆلێژی یاسای لە بەغدا تەواوکردووە. لە ساڵی ١٩٥٢ پەیوەندی بە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە. لەکاتی لێکترازانەکەی پارتی لە ساڵی ١٩٦٤ ڕۆڵی میانگیری گێڕاوە. لە کۆنگرەی شەشەم وەك سکرتێری پارتی هەڵبژێردرا. دوای ساڵی ١٩٧٥ ماوەیەك لە لەندەن و قاهیرە نوێنەری مەکتەبی پەیوەندییەکانی پارتی بووە. دواتر حکومەت لێخۆشبوونی بۆ دەرکرد و گەڕایەوە بەغدا و پۆستی بەڕێوەبەری پارێزگای ناسرییەی پێدرا. دوای ڕاپەرینی ١٩٩١ی گەلی کوردستان بووەتە سەرنووسەری ڕۆژنامەی (خەبات). لە ڕۆژی ٣١/ ٧/ ٢٠١٣ لە بەیروت گیانی لەدەستداوە. شوان محەمەد ئەمین تەها خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٧.

[٣] د. مەحمود عەلی عوسمان لە ساڵی ١٩٣٨ لە پێنجوێن لەدایك بووە. خوێندنی سەرەتایی لە بیارە و ناوەندی و دواناوەندی لە سلێمانی تەواوکردووە. دەرچووی کۆلێژی پزیشکییە لە بەغدا. لە تەمەنێکی زووەوە لەنێو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەشداری لە کاری سیاسیدا کردووە. لە ساڵی ١٩٥٦ لەکاتی خوێندنی پزیشکی بووەتە سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان. لە ساڵی ١٩٦٨ بووەتە نوێنەری مستەفا بارزانی بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی. لە ساڵی ١٩٧٠ سەرۆکی لێژنەی وتووێژی کورد بووە لەگەڵ حکومەتدا. لە ساڵی ١٩٧٦ لەگەڵ هەریەك لە شەمسەدین موفتی و عەدنان موفتی و قادر جەباری لێژنەی ئامادەکاری پارتی دیموکراتی کوردستان لە سوریایان دامەزراندووە. لە ساڵی ١٩٧٩ لەگەڵ ڕەسوڵ مامەند و چەند کەسایەتییەکی دیکەدا حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستانی ڕاگەیاند. لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ خۆی بۆ ڕابەری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد کاندید کردووە. لە ساڵی ٢٠٠٣ بووەتە ئەندامی ئەنجوومەنی کاتی بەڕێوەبردنی عێراق

عەبدولڕەحمان[٢]، عەزیز عەقراوی[١]وەك ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردران[٢]. لە کۆنگرەکەدا پێداچوونەوە بە ڕەوتی پارتی لەڕووی سیاسی و ڕێکخستنەوە کرا. ڕەخنەی توند

---

و دواتریش تا ساڵی ٢٠١٠ ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراق بووە. (جمال بابان، اعلام الكورد، الجزء الثاني، مطبعة روون، السليمانية، ٢٠٠٩،ص٤٢٧-٤٢٨؛ سایتی ویکیپیدیا: https://ckb.wikipedia.org/wiki/%D٩٪٨٥٪DB٪٩٥٪D٨٪AD%D٩٪٨٥٪D٩٪٨٨٪D٩٪٨٨٪D٨٪AF_%D٨٪B٩٪D٩٪٨٨٪D٨٪B٣٪D٩٪٨٥٪D٨٪A٧٪D٩٪٨٦).

[١] ساڵح عەبدوڵڵا نەجم مەلا تەها یوسفی لە ساڵی ١٩١٨ لە گوندی بامەڕنێ لە دهۆك لەدایك بووە. خوێندنی سەرەتایی لە بامەڕنێ و ناوەندی لەبەغدا تەواوکردووە. لە ساڵی ١٩٤٣ کۆلێژی خانەی زانستەکانی تەواوکردووە. لەنێوان ساڵانی ١٩٤٣-١٩٦٠ وەك نووسەری یەکەم لە دادگاکانی موسڵ و شەنگال و زاخۆ دامەزراوە. سەرەتای کاری سیاسی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٣٩، کە تیایدا حزبی هیوا دامەزرا و دواتر بووە بەرپرسی قوتابیانی ئەو حزبە. پاشان بووەتە ئەندام لە (حزبی ڕزگاری کورد) و دواتریش پارتی دیموکراتی کوردستان. لەنێوان ساڵانی ١٩٦٢-١٩٧٥ بووەتە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی. دوای ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ بووەتە وەزیری دەوڵەت. لە ساڵی ١٩٧٦ بەشداربووە لە دامەزراندنی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و بووەتە سکرتێری ئەو حزبە و لە بەغدا ماوەتەوە. لە ڕۆژی ٢٥ی حوزەیرانی ١٩٨١ لەلایەن حکومەتی بەعس لەڕێگەی نامەیەکی لوغمڕێژکراوەوە کوژرا. (جمال بابان، المصدر السابق، ص٢٣٣-٢٣٤).

[٢] محەمەد مەحمود عەبدولڕەحمان ناسراو بە سامی عەبدولڕەحمان لە ساڵی ١٩٣٣ لە شەنگال لەدایك بووە. خوێندنی سەرەتایی لە شەنگال و ناوەندی و ئامادەییشی لە موسڵ تەواوکردووە. لە ساڵی ١٩٥٧ بەشی ئەندازیاری کارەبای لە زانکۆی ڤیکتۆریای بریتانی تەواوکردووە. لە ساڵی ١٩٥٩ بە سکرتێری سەندیکای ئەندازیارانی کۆماری عێراق هەڵبژێردراوە. لە سەرەتادا ئەندامی حزبی شیوعی بووە، دوای کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ پەیوەندی بە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە. لە کۆنگرەی هەشتی پارتیدا بووەتە ئەندامی سەرکردایەتی و پاشان ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەو حزبە. لە ساڵی ١٩٧٠ تا ساڵی ١٩٧٤ وەزیری کاروباری باکوور بووە. دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٧٥ دا بووە سکرتێری کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان. لە ساڵی ١٩٧٩ وازی لە پارتی هێناوە. لە ساڵی ١٩٨٠ (پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان)ی دامەزراندووە و بووەتە سەرۆکی حزبەکە. لە ساڵی ١٩٩٢ لەگەڵ هەریەك لە حزبی سۆسیالیستی کوردستان و حزبی پاسۆك حزبی (یەکگرتن)یان دامەزراند. لە ساڵی ١٩٩٣ لەگەڵ حزبی یەکگرتن تێکەڵ بە پارتی بووەوە و بووە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی و دواتریش بەرپرسی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی ئەو حزبە. لە کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٩ جێگری سەرۆك وەزیران بووە. لە ١ی شوباتی ٢٠٠٤ لە ئەنجامی تەقینەوەیەکی خۆکوژی، کە بارەگای لقی دووی پارتی لە هەولێر بەئامانج گرتبوو، کوژرا. کاروان جوهر محمد، سەرچاوەی پێشوو،

ئاراستەی حكومەت كرا بەهۆی خەمساردی لە جێبەجێكردنی ناوەڕۆكی ڕێككەوتنی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦، بۆیە داوایان لە مستەفا بارزانی كرد لەبارەی ئەمەوە یاداشتێك ئاراستەی سەرۆك كۆمار و سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیران بكات، ئەوەبوو دواتر بارزانی لە ٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٦ دا یاداشتنامەكەی پێشكەشكرد، كە لە یاداشتنامەكەدا ئاماژە بەوە كرابوو، تا ئێستا هیچ بەندێك لە بەندەكانی ڕێككەوتنەكە جێبەجێ نەكراوە، تەنانەت: "هەندێك دەستی تێكدەر لە فەرمانگە باڵاكانی حكومەت، كە نزیكن لە دەسەڵات دژی جێبەجێكردنی ڕێككەوتنەكە و وەدیهێنانی بەڵێنەكانی حكومەتن، هەوڵیان بۆ ئەوەیە جارێكی دیكە وڵات بكەوێتە نێو شەڕێكی ناوخۆییەوە"[٣].

---

ل٣٠-٣١؛ كەریم شارەزا، سیاسەتمەداری كورد شەهید سامی عەبدولڕەحمان ١٩٣٣-٢٠٠٤، وتارێكە لە چوارچێوەی كتێبی: قامووسی ناوە نەمرەكان..، ل٤٠٩-٤١٠).

[١] عەزیز ڕەشید عەقراوی لە ساڵی ١٩٢٤ لە ئاكرێ لەدایك بووە. قۆناغەكانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لەوێ تەواوكردووە. لە ساڵی ١٩٤٣ پەیوەندی بە كۆلێژی سەربازییەوە كردووە. دواتر چووەتە كۆلێژی ئەركان و بڕوانامەی ماستەری لە زانستە سەربازییەكان بەدەستهێناوە و بە پلەی ڕائید ڕوكن دەرچووە. بەشداری لە چەندین خوولی سەربازی لە دەرەوە كردووە، لەوانەش لە بریتانیا و یەكێتی سۆڤییەت. چەندین پۆست و پایەی لە ڕیزەكانی سوپای عێراقی وەرگرتووە، لەوانەش ئەفسەری هەواڵگری لە فیرقەی سێ لە ساڵی ١٩٥٩، ئەفسەر لە بەڕێوەبەرایەتی تۆپهاوێژی فیرقەی سێ لە ساڵی ١٩٦١. لە حوزەیرانی ١٩٦٢ لەگەڵ ژمارەیەك ئەفسەری كورد پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوولەوە كردووە، كە لەو كاتەدا پلەكەی (موقەدەم ڕوكن) بوو. لەنێو شۆڕشدا چەندین پۆستی وەرگرتووە، لەوانەش فەرماندەی هەرێمی ڕەواندز، باڵەك، سیدەكان، فەرماندەی لیوای سەفین. لە كۆنگرەی حەفتەمدا بووەتە ئەندامی مەكتەبی سیاسی پارتی. لە ساڵی ١٩٧٣ ڕیزەكانی شۆڕشی ئەیلوولی جێهێشت و پەیوەندی بە حكومەتەوە كرد و تا ساڵی ١٩٨٠ لە بەغدا مایەوە و لەو ماوەیەدا چەندین پۆستی لە حكومەت وەرگرت، لەوانەش وەزیری دەوڵەت لە ساڵی ١٩٧٤ و وەزیری گواستنەوە لە ساڵی ١٩٧٧ و وەزیری دەوڵەت لە ساڵی ١٩٧٨. دواتر عێراقی جێهێشت و چووە دەرەوە، لە ٢٤/ ١٢/ ١٩٩٨ لە بەرلین كۆچی دوایی كرد. حيدر نجم عبد مراد (المقدم الركن)، معجم ضباط ثورة أيلول ١٩٦١-١٩٧٥، راجعه وصححه: د. ازاد سالم محمد، دهوك، ٢٠٢١، ص٦٧-٦٨.

[٢] حبيب محمد كريم، تأريخ الحزب الديمقراطي الكوردستاني-العراق في محطات رئيسية ١٩٤٦-١٩٩٣، مطبعة خەبات، دهوك، ١٩٩٨، ص١٠٩-١١٠.

[٣] عصمت شريف وانلى، كردستان العراقية هوية وطنية (دراسة في ثورة ١٩٦١)، ترجمة: د. سعاد محمد خضر، مطبعة شڤان، السليمانية، ٢٠١٢؛ ص٣٧١؛ صلاح الخرسان، المصدر السابق، ص١٤٨.

بەهۆی گرنگی کۆنگرەکەوە لە بەڵگەنامە فەرمییەکانی حکومەتدا بایەخێکی زۆر بە بەستانی کۆنگرەکە و بەشداربووان و بڕیارەکانی و ڕۆڵی بارزانی دراوە، کە لە خوارەوەدا بەشێك لەو بەڵگەنامانە دەخەینەڕوو.

لە بەڵگەنامەیەکی نهێنی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی هەولێر لە ٢١ی تشرینی دووەمی ١٩٦٦ دا هاتووە: "بەر لە چوار ڕۆژ لە ناوچەی گەلاڵە کۆبوونەوەیەك لەشێوەی کۆنگرەیەك لەنێوان مەلا مستەفا بارزانی و کۆمەڵەی کوردە چەکدارەکان بەسترا بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی بەیاننامەکەی حکومەت، کە تا چەندە جێبەجێ دەکرێت. ئەوان گەشبین بوون، هەندێك لە کوردە ئێرانی و سورییەکان تێیدا بەشداربوون. شاندی کوردی سوری بە سەرۆکایەتی کەسێك بەناوی حەسەن بوو، هەندێك ڕۆژنامەنووسی فەڕەنسیش تێیدا بەشداربوون. زانیومانە شیوعییە بەکرێگیراوەکانی دەوروبەری مەلا مستەفا بارزانی هەوڵ دەدەن کۆسپ و تەگەرە بخەنە بەردەم ڕێککەوتنەکە و تێکی بدەن. هەندێك لە عەشیرەتەکان لە کۆنگرەکەدا ئامادەبوون، لەوانە: (مامش و مەنگوڕی ئێرانی و بلباسی عێراقی)، کە لەسەر سنووری عێراق- ئێران بە ئاراستەی ڕانیە نیشتەجێن"[1]. دەکرێت چەند سەرنجێك لەبارەی بەڵگەنامەکە بخەینەڕوو. بەر لە هەموو شتێك لە دیاریکردنی ڕۆژی دەستپێکردنی کۆنگرەکە هەڵە کراوە، چونکە لە بەڵگەنامەکە، کە لە ڕۆژی ٢١ی تشرینی دووەمی ١٩٦٦دا دەرچووە هاتووە بەر لە چوار ڕۆژ کۆنگرەکە دەستیپێکردووە، کە دەکاتە ١٧ی تشرینی دووەم، ئەمە لەکاتێکدا کۆنگرەکە لە ١٥ی مانگ دەستی بە کارەکانی خۆی کردووە، وەك لە پێشتردا ئاماژەی پێکرا. هەروەها کۆنگرەکە تەنیا بۆ ئەوە نەبووە تا لێکۆڵینەوە لەبارەی بەیاننامەکەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ بکرێت، وەك لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە، بەڵکو ئەمە کۆنگرەی حەفتەمی پارتی بووە و جگە لەمە چەندین تەوەر و باسی سیاسی و ڕێکخستن و سەربازی دیکەی لەخۆ گرتووە.

لە نووسراوێکی دیکەی نهێنی موتەسەڕیفییەتی هەولێر بۆ وەزارەتی ناوخۆی عێراق لە ٢٤ی تشرینی دووەمی ١٩٦٦ دا چەندین زانیاری لەبارەی کۆنگرەکەوە هاتووە، لەوانەش کۆنگرەی گەلاڵەی پارتی لە باڵەخانەی قوتابخانەی گەلاڵە بەستراوە و چەندین ڕەشماڵ

---

[1] كتاب مديرية امن لواء اربيل، القلم السري الى متصرفية لواء اربيل، سري للغاية، الموضوع: معلومات، العدد/ ٧٣٣، في تاريخ٢١/١١/ ١٩٦٦.(بڕوانە پاشکۆی ژمارە -٢٠-).

هەڵدراوە بۆ پێشوازیکردن لە بانگهێشتکراوان. لەبارەی ئەنجامەکانیشی لە بەڵگەنامەکەدا بە چەند خاڵێك گرنگترین ئەنجامەکانی خراوەتەڕوو، کە ئەمانەن:

١- پاکسازی لەنێو ڕیزەکانی پارتیدا کراوە.

٢- کۆنگرەکە تاوتوێی مەسەلەی ڕێککەوتنی لەگەڵ حکومەتدا کردووە و داوایان لە مستەفا بارزانی کردووە، کە پێویستە بە خێرایی چەکەکانی حکومەت کۆبکەنەوە بەمەبەستی ڕادەستکردنەوەی بە حکومەت.

٣- سەرجەم ئامادەبووانی کۆنگرەکە دڵخۆش بوون بە بارودۆخەکە و پڕوپاگەندەیەکی بەهێزیش لەنێو کوردەکاندا بڵاوبووەتەوە، کە کۆنگرەکە کۆڵەگە و بنەمای ئاشتی تا هەتایە لە عێراق دادەنێت.

٤- ئەوانەی لە کۆنگرەکەدا ئامادەبوون بریتی بوون لە: شاندێکی خاچی سووری نێودەوڵەتی و پەیمانی سەنتۆ و شاندێکی عەشیرەتەکانی بلباس و مەنگوڕ و مامشی کوردی ئێرانی، هەروەها شاندێکی کوردەکانی سوریا، کە پێکهاتبوون لە سێ کەس بە سەرۆکایەتی حەسەن بەگ و هەندێك ڕۆژنامەنووسی بێگانە.

٥- زانراوە کە ناکۆکییەکی توند لەنێوان مەلا مستەفا و شیوعییەکاندا سەریهەڵداوە.

٦- دەنگۆی ئەوە هەیە، کە دوای کۆتاییهاتنی کۆنگرەکە مەلا مستەفا شاندێك بۆ بەغدا بنێرێت بۆ ئامادەبوون لە کۆنگرەی نەتەوەیی، کە لە کۆشکی کۆماری دەبەسترێت.

٧- هەندێك لە بەرپرسانی ئێرانی بە جلی کوردی گەیشتوونەتە حاجی ئۆمەران، پێدەچێ لە هەواڵگری ئێرانی بن بۆ چاودێریکردنی بڕیارەکانی کۆنگرەکە.

٨- دوای ئەوەی لە ئێوارەی ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩٦٦ کارەکانی کۆنگرەکە بە کۆتا هات، ئامادەبووانی کۆنگرەکە گەڕاونەتەوە بۆ نێو بارەگاکانی خۆیان[1]. بەگوێرەی ئەوەی عەقید عەبدولڕەحمان قازی [2] ڕایگەیاندووە، کۆنگرەکە گیانی دیموکراسی تێدا بووە.

---

[1] كتاب متصرفية لواء اربيل الى وزارة الداخلية/ المخابرات السرية والسياسية/٣، سري للغاية، الموضوع: معلومات عن المؤتمر، الرقم/ ق. س. اللجنة.ع/ ٢٢٣٨، في تاريخ ١١/٢٤/ ١٩٦٦.

[2] عەبدولڕەحمان محەمەد قازی ناسراو بە عەبدولڕەحمان قازی لە ساڵی ١٩١٤ لە شاری دهۆك لەدایك بووە. قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە دهۆك و موسڵ تەواوکردووە. لە ساڵی ١٩٣٢ لە کۆلێژی سەربازی لە بەغدا وەرگیراوە و بە پلەی ملازمی دووەم دەرچووە. ئەندامێکی چالاکی

سەبارەت بە زانیارییەکانی نێو بەڵگەنامەکە دەکرێت لە چەند خاڵێکدا شیکردنەوەیان بۆ بکەین و ڕادەی وردی و دروستییان ڕوونبکەینەوە:

١- لەبارەی خاڵی یەکەمی ئامانجەکانی کۆنگرەکە ئاماژە بەوە کراوە، کە پاکسازی لەنێو ڕیزەکانی پارتیدا کراوە. ئەوەی ڕاستی بێت لەم کۆنگرەیەدا پاکسازی لەنێو پارتیدا نەکراوە و کەس لەنێو ڕیزەکانی پارتی وەدەرنەنراوە، بەڵکو هەندێك لەو سەرکردانەی، کە لە کۆنگرەی شەشەمدا لەنێو پارتی دەرکرابوون، جارێکی دیکە گەڕێندرانەوە نێو سەرکردایەتی حزبەکە، کە ئەوانیش بریتی بوون لە عەلی عەبدوڵلا و نووری شاوەیس [1].

٢- لە هیچ یەکێك لەو سەرچاوانەی لە بەردەستدان، ئاماژە بەوە نەکراوە، کە ئەندامانی کۆنگرە داوایان لە بارزانی کردبێت چەك ڕادەستی حکومەت بکەنەوە، وەك لە ئامانجەکانی کۆنگرەکە باسی لێوەکراوە[2]. لەکاتی بەستنی کۆنگرەکەدا نزیکەی پێنج مانگ و نیو بەسەر بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیران تێپەڕیبوو، تا ئەو کاتەش حکومەت هەنگاوێکی جیددی نەنابوو بۆ جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکە تا ئەندامانی کۆنگرە داوای ڕادەستکردنەوەی چەك بە حکومەت بکەن. بەتایبەتی دوای دەستلەکارکێشانەوەی ئەندازیاری ڕێککەوتنەکە

حزبی هیوا بووە. لە شۆڕشی دووەمی بارزان ١٩٤٣-١٩٤٥ بەشداری کردووە. دوای کۆتاییهاتنی شۆڕشەکە لەلایەن حکومەتەوە دەستگیرکراوە و دوای ئازادکردنی پەیوەندی بە ئەفسەرانی ئازادیخوازەوە کردووە. لەکاتی شۆڕشی چواردەی تەمموزی ١٩٥٨ ڕۆڵی دیاری هەبووە. چەندین پۆستی سەربازی پێدراوە، لەوانەش فەرماندەی تۆپهاوێژی فیرقەی دوو لە کەرکووك، ئەندامی دادگای سەربازی. لە ساڵی ١٩٦١ خانەنشین کراوە. دوای کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ بەتۆمەتی ئەندامێتی لە پارتی و حزبی شیوعی دەستگیرکراوە. دوای ئازادکردنی پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوولەوە کردووە و پلەی فەرماندەی هێزی لە سەرگەڵوی سەر بە لیوای سلێمانی پێدراوە. دوای ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ گەڕایەوە نێو سوپای عێراق و پلەکەی بۆ (لیوا) بەرزکرایەوە. دواتر وەك باڵیۆزی عێراق لە ئەندۆنیزیا تا ساڵی ١٩٧٣ دەستبەکاربووە. لە ڕۆژی ٩/٩/ ١٩٧٩ لە شاری کەرەج لە ئێران لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە تیرۆر کراوە. بڕوانە: (حيدر نجم عبد مراد، معجم ضباط ثورة أيلول...، ص١١٦؛ کەریم شارەزا، ئەفسەری نیشتمانپەروەری خەباتگێڕی کورد لیوا عەبدولڕەحمان قازی ١٩١٤-١٩٧٩، وتارێکە لە چوارچێوەی کتێبی: قامووسی ناوە نەمرەکان...، ل٤٣٣-٤٣٤).

[1] صلاح الخرسان، المصدر السابق، ص١٤٨.

[2] مسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم ١٩٦١-١٩٧٥، ل٢٢٨-٢٣٣؛ صلاح الخرسان، المصدر السابق، ص١٤١-١٤٩؛ڕەفیق ڕەحمان مام خول، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٠-١٧١.

عەبدولڕەحمان بەزاز (١٩١٣-١٩٧٣) لە ٨ی ئابی ١٩٦٦ لە پۆستی سەرۆك وەزیران لەژێر فشاری ئەفسەرە باڵاکان هیچ ئومێدێك بە جێبەجێکردنی بەیاننامەکە نەما[1].

هەر لە بەڵگەنامەکەدا گرنگترین بڕیارەکانی کۆنگرەکە لەم خاڵانەدا پوختکراوەتەوە:

أ- پابەندبوون بە بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیران.

ب- جێبەجێکردنی سەرجەم ئەو خاڵانەی، کە لە بەیاننامەکەدا هاتوون وەك خۆی.

ج- هۆشیاربوون و وریایی دان لەو کەسانەی، کە هەوڵ دەدەن ناکۆکی بخەنە نێو ڕیزەکان و ئاسایش و سەقامگیری تێکبدەن.

لەبارەی ئەو دروشمانەی، کە لە کۆنگرەکەدا بەرزکراونەتەوە، لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە: لافیتەکان بە زمانی عەرەبی نووسرابوون و لەسەر پردی ڕێزانۆك لە گەڵاڵە هەڵواسرابوون، کە ئەمانەی تێدا بوو:

١- داوا دەکەین بارودۆخی لەناکاو کۆتایی پێ بهێنرێت و ژیانی دیموکراسی بەرپابێت.

٢- بژی برایەتی عەرەب و کورد.

٣- بژی سەرکردەی پێشمەرگە بارزانی.

٤- سەربەرزی و نەمری بۆ شەهیدەکانمان[2].

دوای چوار ڕۆژ لەو نووسراوە، لە ٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٦ لە نووسراوێکی دیکەی موتەسەڕیفییەتی لیوای هەولێر بۆ وەزارەتی ناوخۆ چەند زانیارییەکی دیکە لەبارەی کۆنگرەکە و مستەفا بارزانی خراوەتەڕوو، کە لەم خاڵانەدا کۆکراوەتەوە:

١- بەهۆی نەخۆشییەکەی مستەفا بارزانی بەشداری کۆنگرەکەی نەکردووە.

٢- نوێنەرانی ناوچەی خۆشناو لە کۆنگرەکەدا بریتی بوون لە مەلا غەریب و ئیبراهیم کاکۆ و موقەدەم عەزیز عەقراوی.

---

[1] مسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم ١٩٦١-١٩٧٥، ل٢٢٨.

[2] كتاب متصرفية لواء اربيل الى وزارة الداخلية/ المخابرات السرية والسياسية/٣، سري للغاية، الموضوع: معلومات عن المؤتمر، الرقم/ ق. س. اللجنة.ع/ ٢٢٣٨، في تاريخ ١٩٦٦/١١/٢٤.

٣- ژمـــارەیەکی زۆر لە بارزانییەکـــان لە گەڵاڵەوە گەڕاونەتەوە بـــۆ مێرگەســـۆر و بـــارزان، کۆنگرەکە لە ٢٣ی تشرینی دووەمی ١٩٦٦ کۆتایی پێهاتووە. گرنگترین ئەو خاڵانەی، کە تێیـدا تاوتوێکران بریتی بوون لەمانە:

أ- کـۆکردنەوەی ئەو چەکـانەی پـۆلیس و سـوپا، کە پێشـمەرگە دەسـتی بەسـەردا گرتـووە، بەمەبەستی ڕادەستکردنەوەی بە حکومەت.

ب- تاوتوێکردنی ئەو بڕیارانەی، کە لە ئەنجامی دانوستانی نێـوان سـەرۆك کۆمـار و بـارزانی لێی کەوتووەتەوە.

ج- پێکهێنانی هێزێکی پێشمەرگە، کە لەژێر سەرپەرشتی سوپای حکومەتدا بێت.

د- پێکهێنـانی شـاندێکی کـوردی، کە دەچێـتە بەغـدا بـۆ بەشـداریکردن لەو کـۆنگرەیەی، کە سەرۆك کۆمار گرێی دەدات.

هـ- دانیشتنی کۆتایی کۆنگرەکە نهێنی بووە[1].

ئەوەی جێگەی تێبینییە لە بەڵگەنـامەکەدا، ئامـاژە بە ئامـادەنەبوونی مسـتەفا بـارزانی لە کۆنگرەکە کراوە، وەك لە خاڵی یەکەمـدا هـاتووە. بەڵام وەك پێشـتر ئامـاژەی پێکـرا، بـارزانی خۆی لە کۆنگرەکە ئامادە بووە و وتاری خوێندووەتەوە و هەر لەوێـش وەك سـەرۆکی پـارتی هەڵبژێردراوەتەوە. وێڕای هەندێك زانیاری هەڵە، کە لە بەڵگەنامەکاندا هاتوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەڕووی زانیاری مێژووییەوە بایەخی زۆریان بۆ کۆنگرەی حەفتەم هەیە، بەتـایبەتی کە لە سەرچاوەکاندا وردەکاری ئەم کۆنگرەیە نەخراوەتەڕوو، ئەمەش بەهۆی دەستنەکەوتنی ئەو ڕاپۆرتە سیاسی و ڕێکخستنانەی نێو ئەرشیفی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە پێشکەشی کۆنگرەکە کراون[2].

---

[1] كتاب متصرفية لواء اربيل الى وزارة الداخلية/ المخـابرات السـرية والسياسـية/٣، سري للغايـة، الموضـوع: معلومات عن المؤتمر، الرقم/ ق. س. اللجنة.ع/ ٢٢٧٨، في تاريخ٢٨/١١/ ١٩٦٦. (بڕوانە: پاشکۆی ژمـارە -٢١-).

[2] حبيب محمد كريم، تأريخ الحزب الديمقراطي الكوردستاني...، ص٥٦٤.

# بەشی سێیەم

## هەڵوێستی مستەفا بارزانی لە هەمبەر دانوستان و ڕێککەوتننامەکان لەگەڵ حکومەتی عێراقدا:

- تەوەری یەکەم/ هەڵوێستی بارزانی لە هەمبەر ڕێککەوتنی ١٠ی شوباتی ١٩٦٤
- تەوەری دووەم/ هەڵوێستی بارزانی لە هەمبەر ڕێککەوتنی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦
- تەوەری سێیەم/ هەڵوێستی بارزانی لە هەمبەر ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠

## بەشی سێیەم

## هەڵوێستی مستەفا بارزانی لە هەمبەر دانوستان و ڕێککەوتننامەکان لەگەڵ حکومەتی عێراقدا

لەماوەی شۆڕشی ئەیلوولدا چەندین هەوڵی ئاشتی و دانوستان لەنێوان سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول و حکومەتی عێراق دران، کە مستەفا بارزانی بە گەرمییەوە پێشوازی و دەستپێشخەری بۆ ئەو هەوڵانە کردووە. دوای سەرگرتنی هەوڵەکان و گەیشتنە ڕێککەوتنیش، بارزانی پابەند بووە پێیەوە، بەڵام لایەنی بەرامبەر، لە زۆربەی کاتدا پابەند نەبووە بە ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکان و پاشگەز بووەتەوە. بۆیە بارزانی نیگەرانی خۆی لەمە دەربڕیوە و هەڵوێستی ڕوون و ئاشکرای خۆی لەو بارەیەوە بە حکومەت گەیاندووە. بەڵگەنامە فەرمییەکانی حکومەت چەندین ئاماژەیان تێدایە بۆ پابەندبوونی بارزانی بە ناوەڕۆکی ڕێککەوتن و دانوستانەکان و لە بەرامبەریشدا ناڕەزایی و گلەیی بارزانی لە حکومەت بەهۆی پابەندنەبوون و جێبەجێکرنەکردنی خاڵەکانیان. بۆیە لەم تەوەرەدا لەژێر ڕۆشنایی زانیاری بەڵگەنامە نهێنی و فەرمییەکانی حکومەت باس لە هەڵوێستی بارزانی لە ڕێککەوتنی ١٠ی شوباتی ١٩٦٤ و بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦و ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ دەکەین.

### تەوەری یەکەم/

### هەڵوێستی بارزانی لە هەمبەر ڕێککەوتنی ١٠ی شوباتی ١٩٦٤

دوای شکستهێنانی هەوڵەکانی سوپای عێراقی لە سەردەمی عەبدولسەلام عارف بۆ لەناوبردنی شۆڕشی کورد و هێزەکانی پێشمەرگە، هەروەها دوای ئەوەی نێوبراو زانی بنکەی جەماوەری و سیاسی لاواز بووە، چونکە ئەو لە حوکمڕانیدا تەنیا پشتی بە کەمینەیەك دەبەست، بۆیە ئەو هەوڵی دەدا بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆی و لەناوبردنی دوژمنەکانی لە ناوخۆدا، بەتایبەتی بەعسی و لایەنگرەکانی، بەم شێوەیە لە ترسی ڕووخانی دەسەڵاتەکەی ناچاربوو دانوستان لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بکات. وێڕای ئەوەی بارزانی دەرکی بەوە کردبوو، کە کارێکی ئەستەمە باوەڕی عارف لەوەدا بگۆڕێت، کە بە

زەبری هێز دەیەوێت پرسی کورد چارەسەر بکات، بەڵام بەهۆی بارودۆخی خراپی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەو کاتی شۆڕش، هەروەها پێویستی پێشمەرگە بە پشوودانێك، دوای ئەو شەڕە سەختانەی، کە لەگەڵ حکومەتی یەکەمی بەعسدا کردی، بارزانی ڕەزامەندی لەسەر دانوستان و ئاگربەست نیشاندا[١]. لەو بارەیەوە مەسعود بارزانی لەکاتی ئاماژەدان بە دیدارێکی مستەفا بارزانی لە ١٧ی ئاداری ١٩٦٤ لەگەڵ هەریەك لە ئیبراهیم ئەحمەد و عەزیز شەمزینی و عومەر مستەفا دەبابە لەبارەی ڕێککەوتنی ١٠ی شوباتی ١٩٦٤ دەڵێت: "بارزانی لەم کۆبوونەوەیەدا هەموو شتێکی نادیاری لەم ڕێککەوتنەدا ڕوون کردەوە کە لەوانە بێ ڕوون نەبێ. هەڵویست و باری سەرنجی خۆی بە ڕوونی دەرخست و جەختی لەسەر ئەوە کرد کە ئەم ڕێککەوتنە لە شەڕ وەستانێك زیاتر نییە و، بەو واتایەی بۆ ڕێککەوتن دانراوە ڕێککەوتن نییە و تەنیا کارێکی تاکتیکییە"[٢].

بەم شێوەیە دوای دوو مانگ لە پەیوەندی و دانوستانی نهێنی و ئاشکرا لە ١٠ی شوباتی ١٩٦٤ دا ڕێککەوتنێك لەنێوان مستەفا بارزانی ڕێبەری شۆڕشی ئەیلوول و عەبدولسەلام عارفدا مۆرکرا. ڕێککەوتنەکە، کە لە شێوەی بەیاننامەیەك لەلایەن حکومەتەوە بڵاوکرایەوە لە چەندین خاڵ پێکهاتبوو، لە گرنگترینیان ئەمانە بوون:

١- چەسپاندنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە عێراقدا، کە ئەمەش لە دەستووری کاتیدا جێگیربکرێت.

٢- ئازادکردنی گیراو و سزادراوەکان، کە بەهۆی بارودۆخی شۆڕشی ئەیلوولەوە دەستگیرکراون، هەروەها دەرکردنی لێبووردنی گشتی و گێڕانەوەی ئەو موڵك و ماڵانەی، کە بە هۆکاری سیاسی لەلایەن حکومەتەوە دەستی بەسەرداگیراوە.

٣- گێڕانەوەی فەرمانبەر و مامۆستایانی فەسڵکراو بۆ سەر پیشەکانیان.

٤- ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانی کوردستان و پێکهێنانی چەندین لیژنەی جیاواز بۆ تێپەڕاندنی ئاستەنگەکان و جێبەجێکردنی کارەکان. هەروەها قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووان.

---

[١] شیرزاد زکریا محمد، المصدر السابق، ص١٥٣.

[٢] مسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ل١٦٧.

٥- گرتنەبەری ڕێوشوێنی تایبەت لەپێناو گێڕانەوەی ئاسایش و سەقامگیری بۆ ناوچەکانی کوردستان[١].

٦- گێڕانەوەی دامەزراوە کارگێڕییە ناوخۆییەکان بۆ ناوچەکانی کوردستان.

٧- هەڵگرتنی ئەو کۆت و بەندانەی، کە لەسەر بازرگانی و ئاڵوگۆڕی کاڵا و کەلوپەل لە ناوچەکانی کوردستان دانرابوون.

دوای بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکەی حکومەت، مستەفا بارزانی بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە، کە تێیدا هاتووە: "وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ خواستی بەڕێز سەرۆك کۆمار موشیر ڕوکن عەبدولسەلام محەمەد عارف بۆ پارێزگاری لە یەکێتی ڕیزی نیشتمانی و نەڕشتنی خوێنی بێتاوانان و کۆتاییهێنان بە شەڕی براکان، هەروەها بۆ سەلماندنی نیەتباشی لای دەسەڵاتی فەرمانڕەوا، بڕیارماندا دەستپێشخەری بکەین بۆ وەستانی شەڕ و داوا لە براکانم بکەم بگەڕێنەوە بۆ شوێنی نیشتەجێبوونیان و خەریکی کاروباری سەربەخۆی خۆیان بن. بەم شێوەیە بوار بۆ دەسەڵاتی نیشتمانی دەڕەخسێت، کە هەنگاوی پێویست بگرێتەبەر بۆ گەڕاندنەوەی ژیانی ئاسایی و ئاسایش و سەقامگیری بۆ ناوچەکە و بوار دەڕەخسێت بۆ بەرقەرارکردنی مافە نەتەوەییەکانی هاوڵاتیانی کورد لە چوارچێوەی گەلی عێراقدا، لە یەك یەکێتی نیشتمانیدا"[٢].

لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتدا ئاماژە بە ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکە و ڕێکارەکانی بارزانی بۆ پابەندبوون پێیەوە کراوە، وەك لە خوارەوەدا زانیاری نێو بەشێك لەو بەڵگەنامە بڵاونەکراوانە دەخەینەڕوو.

بەگوێرەی نووسراوێکی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی لیوای هەولێر لە ٦ی ئەیلوولی ١٩٦٤ بۆ موتەسەڕیفییەتی لیوای هەولێر، بارزانی لە ٣٠ی ئابی ١٩٦٤ دا بروسکەی بۆ سەرجەم فەرماندەی پێشمەرگەکان کردووە و داوای لێکردوون هیچ کارێك دژ بە حکومەت نەکەن، کە ببێتە مایەی کاردانەوەی حکومەت و زیانگەیاندن بە ڕێککەوتنی نێوان هەردوولا. هەروەها نوێنەری تایبەتی خۆی بۆ بارەگاکانی پێشمەرگە ناردووە تا لە مەسەلەکە ئاگاداریان بکاتەوە.

---

(١) عبدالفتاح علي البوتاني و شيرزاد زكريا محمد، اتفاقية ١٠ شباط ١٩٦٤ بين الحكومة العراقية وقيادة الثورة الكوردية (الأسباب والنتائج) دراسة تاريخية وثائقية، مطبعة جامعة دهوك، دهوك، ٢٠١٣، ص٩ وما بعدها؛ شيرزاد زكريا محمد، المصدر السابق، ص١٥٧.

(٢) محمود الدرة، القضية الكردية، ط٢، منشورات دار الطليعة، بيروت، ١٩٦٦، ص٣٥٣.

لە نووسراوەکەدا ئاماژە بەوە کراوە بارزانی جەختی لەوە کردووەتەوە ئەوان دەیانەوێت بەشێوەیەکی ئاشتییانە مافە ڕەواکانی کورد بەدەستبهێنن[١]. ئەمەش پێلێنانێکی ڕوون و ئاشکرای حکومەتە لەسەر ئاشتیخوازی بارزانی و باوەڕبوون بە یەکلاکردنەوەی کێشە و گرفتەکان لە ڕێگەی گفتوگۆ و دانوستانەوە.

لە نووسراوێکی دیکەی نهێنی، کە لە ٩ی ئەیلوولی ١٩٦٤ لەلایەن موتەسەڕیفییەتی لیوای هەولێرەوە بۆ سەرکردایەتی فیرقەی دوو ناردراوە، تیایدا هاتووە: "دەگوترێت مەلا مستەفا بروسکەی بۆ سەرجەم هێزەکانی کردووە و تیایدا ڕوونیکردووەتەوە، کە حکومەت تاوەکو ئێستا دانی بە داواکارییەکانی ئەوان نەناوە، بۆیە داوای ئامادەسازی و پەرتەوازەنەبوونی ڕیزەکانی کردووە، تا لەلایەن دوژمنەوە نەقۆزرێتەوە, ئەمەش بەگوێرەی گوزارشتی ئەو"[٢]. هەروەها بەگوێرەی نووسراوێکی نهێنی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر، کە لە ١٠ی ئەیلوولدا بۆ موتەسەڕیفییەتی لیوای هەولێر ناردراوە، مستەفا بارزانی داوای لە شوێنکەوتووەکانی کردووە دەرفەت نەدرێتە ئەو پۆلیس و سەربازانەی، کە پێشتر لە ڕیزی سوپای عێراقی ڕایانکردووە و پەیوەندییان بە هێزەکانی پێشمەرگەوە کردووە، جارێکی دیکە بۆ یەکەکانی خۆیان بگەڕێنەوە، ئەمەش وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ ئەو بروسکەیەی، کە فەرماندەی گشتی سەربازی لە ٢٧ی ئابی ١٩٦٤ بۆ پۆلیس و سەربازە هەڵاتووەکان دەریکردووە[٣].

حەوت مانگ دوای ڕێککەوتنەکە لە ڕاپۆرتێکی نهێنی عەبدولمونعیم مەسرەفی موتەسەڕیفی هەولێر بۆ فیرقەی دووی سوپای عێراق لە ٩ی ئەیلوولی ١٩٦٤دا چەندین زانیاری لەبارەی چالاکییەکانی بارزانی خراوەتەڕوو، کە بریتین لەمانە:

١- بەگوێرەی زانیارییەکان کۆبوونەوەیەك لە ناوچەی قەڵادزێ بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا دەبەسترێت، کە چەندین ئەندامی پارتی تێدا بەشداری دەکەن. هەریەك لە عەقید کافی

---

[١] كتاب مديرية شرطة لواء اربيل الى متصرفية لواء اربيل، سري، الموضوع: مواقف الشمال، العدد/ ٢٩/ ٣٦٧٧، في تاريخ ٦/٩/ ١٩٦٤.

[٢] كتاب متصرفية لواء اربيل/ القلم السري الى قيادة الفرقة الثانية، سري للغاية، الموضوع: التقرير نصف اسبوعي لغاية ٧/ ٩/ ١٩٦٤،الرقم/ ٣/م/ ٢٧١٥، في تاريخ ٩/٩/ ١٩٦٤.

[٣] كتاب مديرية شرطة لواء اربيل/ القلم السرى الى متصرفية لواء اربيل، سري، الموضوع: مواقف الشمال، العدد/ ٣٧٢٤، في تاريخ ١٠/٩/ ١٩٦٤.

نەبەوی[1] و مینە عەلی ئاغای ڕایات[2] و مستەفا شێخ عوبەیدوڵڵای زینۆ و ئیبراهیم شێخ محەمەد ئاغای ولاش و قادر ئاغای ڕوست و حەسەن محەمەد ئەمین ئاغای ناوپردان و قادر ئاغا مامشی ئێرانی ڕوویان کردووتەوە ئەوێ بۆ ئامادەبوون لە کۆبوونەوەکە.

٢- لە شوێنە دیارەکانی نێو گوندی گەلاڵە نووسراوێك بە واژووی هەریەك لە حەسۆ میرخان، ملازم ڕەشید، ئەسعەد خۆشەوی، عەزیز عەقراوی، ملازم تاهیر عەلی والی، ئەحمەد ئاغا مێرگەسۆری لەسەر دیوارەکان هەڵواسراوە و تیایدا پشتگیری خۆیان بۆ مەلا مستەفا دووپاتکردووەتەوە و ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە بۆ شەڕکردن لەدژی حکومەت.

٣- بارزانی قەدەغەیکردووە سەرباز و پۆلیسەکان بگەڕێنەوە بۆ خزمەتی سەربازی، ئەمەش دوای ئەوەی، کە حاکمی گشتی سەربازی ناوچەی باکوور لێبووردنی گشتی بۆ هەموو ئەو پۆلیس و سەربازانەی حکومەت دەرکردووە ، کە لە خزمەتی سەربازی ڕایانکردووە[3].

---

[1] کافی محەمەد نەبەوی لە ساڵی ١٩٢٤ لە هەولێر لەدایك بووە. قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەوێ تەواوکردووە. لە ساڵی ١٩٤٤ پەیوەندی بە کۆلێژی سەربازی کردووە و پلەی ملازمی دووەم بەکالۆریۆس لە زانستە سەربازییەکانی بەدەستهێناوە. لە ساڵی ١٩٥٤ بووەتە خاوەنی بڕوانامەی ماستەر لە زانستە سەربازییەکان لە کۆلێژی (ئەرکان). لە ساڵی ١٩٦٠ لە کۆلێژی ئەرکانی سۆڤییەتی خوولێکی سەربازی تەواوکردووە. چەندین پلەی سەربازی جیاجیای وەرگرتووە، لەوانەش بەرپرسی فەوجی سێی سەر بە لیوای پیادەی سێ لە هەولێر، سوپاسالاری فیرقەی یەك. دوای کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوولەوە کرد و چەندین پلە و پایەی لەناو شۆڕشدا وەرگرتووە. لە گفتوگۆ و دانوستانەکانی ١٠ی شوباتی ١٩٦٤ ڕۆڵی ناوبژیوانی لەنێوان حکومەت و سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوولدا بینیوە. لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٥ گەڕاوەتەوە بەغدا. لە ساڵی ١٩٧٠ خانەنشین کراوە. لە ساڵی ١٩٩٧ گەڕاوەتەوە هەولێر و لە ڕۆژی ٢٥/ ٧/ ٢٠٠٤ لەوێ کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: حیدر نجم عبد مراد، معجم ضباط ثورة أيلول، ص٨٢؛ شوان محەمەد ئەمین تەها خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥-٣٦.

[2] حەمەدەمین عەلی خان، ناسراو بە میناغای ڕایات لە ساڵی ١٩٠٢ لە گوندی ڕایاتی ناوچەی باڵەکایەتی لەدایك بووە. دوای مردنی باوکی لە ساڵی ١٩٥٥ بووەتە سەرۆکی بەرەبابی شێوەزووری لە هۆزی باڵەك. یەکێك بووە لە بەشداربووانی شۆڕشی ئەیلوول و لە سەرەتاکانی شۆڕشدا سەرکردایەتی بەشێك لە هێزە عەشایەرەکانی ناوچەی باڵەکایەتی کردووە. لە ساڵی ١٩٧٢ماڵئاوایی لە ژیان کردووە. (ڕێباز دلاوەر عومەر، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٦).

[3] كتاب متصرفية لواء اربيل الى قيادة الفرقة الثانية، سري للغاية، الموضوع: التقرير نصف الاسبوعي لغاية ٩/٧/ ١٩٦٤، العدد/ ٣.م. ٢٧١٥، في تاريخ ٩/٩/ ١٩٦٤.

ڕێککەوتنی ١٠ی شوباتی ١٩٦٤ مستەفا بارزانی نائومێد بووە لە پابەندبوونی حکومەت بە ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکە، چونکە هیچ یەکێك لە بەندەکانی نێوی جێبەجێ نەکراوە، بۆیە دەستیکردووە بە ئامادەسازی و خۆسازدانەوە بەمەبەستی بەرپەچدانەوەی هەر ئەگەرێکی شەڕ، کە حکومەت دەستپێشخەری بکات. هەروەك لە بەڵگەنامەکەدا دەردەکەوێت، کەسایەتییە سیاسی و سەربازی و عەشایەرییەکانی نێو سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول بەئاشکرایی ئامادەیی خۆیان بۆ بەرگریکردن دەربڕیوە و پشتگیریشیان وەك ڕێبەری شۆڕش بۆ بارزانی ڕاگەیاندووە.

یەکێك لە خاڵەکانی نێو بەیاننامەی ١٠ی شوباتی ١٩٦٤، وەك لە سەرەوەدا ئاماژەی پێدرا، ئازادکردنی دەستگیرکراوانی شۆڕشی ئەیلوول بوو، هەروەها کۆتاییهێنان بوو بە هەڵمەتی گرتن و ڕاوەدوونانی ئەندامانی پارتی و لایەنگرانی شۆڕش، بەڵام وەك لەو نامانەی کە بارزانی بۆ بەرپرسانی ئەمنی و کارگێڕی و سەربازی حکومەت ناردوویەتی دەردەکەوێت، ئەمە جێبەجێ نەکراوە. لە نامەیەکی بارزانی لە ٢ی ئاداری ١٩٦٤ دا بۆ یەکێك لە بەرپرسە سەربازییەکان داوای کردووە نێوەندگیری بکەن بۆ ئازادکردنی شەش ئەفسەر، کە بەهۆی بەشداریکردنیان لە ڕووداوەکانی شۆڕشی ئەیلوول دەستگیرکراون و لە بەندیخانەی نوگرە سەلمان زیندانی کراون. هەر لە هەمان ڕۆژدا لە نامەیەکی دیکەدا بۆ بەرپرسێکی حکوومی داوای ئازادکردنی (١٧) کەسی کردووە، کە لە بەندیخانەکانی شاری موسڵ زیندانی کراون. لە نامەکەدا بارزانی ئەوەی ڕوونکردووەتەوە، کە پێشتر لەکاتی هاتنی وەزیری ناوخۆی عێراق بۆ ڕانیە هەمان لیستی ئەو ناوانەی پێداوە تا ئازاد بکرێن، بەڵام تا ئێستا ئازاد نەکراون[1]. هەر لەم چوارچێوەیەدا لە ڕۆژی ٢٥ی ئایاری ١٩٦٤ دا لە نامەیەکیدا بۆ عەقید سەعب حەردان بارودۆخی کوردستان و پەیوەندییەکانی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و حکومەتی خستووەتەڕوو. هەروەها ئاماژەی بە مانەوەی سەدان کەس کردووە لە بەندیخانەکانی حکومەتدا. لە بەشێکی نامەکەدا هاتووە: "ئەی برا گومانی تێدایە، کە بارودۆخ لە باکووری نیشتمانە ئازیزەکەماندا پێویستی بە چارەسەرێکی ڕیشەیی هەیە، تا بارودۆخ بگەڕێتەوە بۆ باری ئاسایی خۆی و ئاسایش و سەقامگیری جێگیر بێت، دوای ئەوەی بە درێژایی ئەو سێ ساڵەی ڕابردوو ڕووبەڕووی کارەسات و نسکۆ بووەوە. لە بەرامبەر دەیان هەزار لە برا کوردەکانم، کە داوای بژێوی ژیان دەکەن، کەوتوومەتە نێو بارێکی سەختەوە. ئەی برا

[1] عبدالفتاح علي البوتاني (الدكتور)، الملامح الاساسية لشخصية مصطفى البارزاني القيادية والانسانية، مطبعة خەبات، دهوك، ١٩٩٦، ص٤٠-٤٦.

بارودۆخەکە گەیشتووەتە ئاستێکی زۆری ڕەشبینی و ناخۆشی. ئەم بارودۆخە پاڵنەرە، کە بەردەوام داوا لە بەرپرسان بکەم چارەسەری تەواو و خێرا بدۆزنەوە. تا ئێستا سەدان خانەوادە چاوەڕوانی دەرچوونی خزم و کەسوکاریان لە بەندیخانەکاندا دەکەن، تا ئێستا بە هەزاران کەس بەبێ کار ماونەتەوە". لە درێژەی نامەکەدا بارزانی داوای کردووە ئەم خاڵانە بەخێرایی و بەبێ دواکەوتن جێبەجێ بکرێن:

١- پێشمەرگە بکرێنە هێزێکی پاسەوانی و بەرپرسیارێتی پاراستنی ئاسایشی ناوچەکەیان پێبدرێت, بەم شێوەیەش بژێوی ژیانی هەزاران کەس مسۆگەر دەبێ.

٢- چەك لە جاشەکان داماڵرێت، چونکە ئەوان مایەی خراپەکارین لە ناوچەکەدا و دەبنە کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم جێبەجێکردنی کارەکان.

٣- دامەزراندنی فەرمانبەرە کارگێڕییەکان لە خەڵکی ناوچەکە، چونکە ئەوان بەتواناترن لە تێگەیشتنیان بۆ کێشە و گرفتەکانی ناوچەکەیان و دەبنە هاوکارێکی باش بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژە و پلانە چاکسازییەکانی حکومەت.

٤- دەرکردنی لێبووردنێکی گشتی لە هەموو تاوانە سیاسییەکان هەر لە ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ەوە تا ئایاری ١٩٦٤[1].

تەنانەت دوای دەرکردنی بەیاننامەکەش هەڵمەتی گرتن و ڕاوەدوونان بەردەوام بووە و چەندین کەسی هاوسۆز و لایەنگری شۆڕش لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە دەستگیرکراون. وەك لە نووسراوێکی نهێنی سوبحی عەبدولحەمید[2]ی وەزیری ناوخۆ دەردەکەوێت، کە لە

---

[1] المصدر نفسه، ص٦٤-٦٥.

[2] سوبحی عەبدولحەمید لە ساڵی ١٩٢٤ لە بەغدا لەدایك بووە. لە ساڵی ١٩٤٨ کۆلێژی سەربازی تەواوکردووە و بووەتە ئەفسەر لە سوپای عێراقی. دوای شۆڕشی چواردەی تەمموزی ١٩٥٨ وەك ئەفسەری ڕوکن لە وەزارەتی بەرگری کاری کردووە. دوای جووڵانەوەی (عەبدولوەهاب شەواف) لە ئاداری ١٩٥٩ دەستگیرکراوە. لە ساڵی ١٩٦٠ بووەتە عەقید ڕوکن. دوابەدوای کودەتای ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣، کە ڕۆڵی بەرچاوی تێدا هەبوو، بووەتە وەزیری ناوخۆ. دوای کودەتای ١٧ی تەمموزی ١٩٦٨ چووەتە میسر و لەوێ لە ساڵی ١٩٧٢ ڕووبەڕووی هەوڵێکی شکستخواردووی تیرۆرکردن بووەتەوە. لە ساڵی ١٩٧٥ گەڕاوەتەوە عێراق و وازی لە کاری سیاسی هێناوە. لە ١/٢٤/ ٢٠١٠ مردووە. جێگەی ئاماژەپێدانە نێوبراو بەوە ناسراوە، کە هەڵوێستی توندی بەرامبەر پرسی کورد هەبووە. بڕوانە: شیرزاد زکریا محمد، المصدر السابق، ص١١٧؛ الموقع الالکترونی (الکاردینیا)، تاریخ الزیارة/ ٨/ ٣/ ٢٠٢٢:

٢٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٤ بۆ فەرماندەی گشتی سەربازی ناردوویەتی. تیایدا ئاماژە بەوە کراوە مستەفا بارزانی لە ٩ی تشرینی دووەمی ١٩٦٤ بروسکەیەکی بۆ بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری سەربازی کردووە، تیایدا ئەوەی ڕوونکردووەتەوە، کە کۆمەڵێك کەسی سەر بە ئەو دوای ڕاگرتنی شەڕ و بەیاننامەی ١٠ی شوبات لەلایەن حکومەتەوە دەستگیرکراون، بۆیە داوای ئازادکردنی ئەو کەسانەی کردووە[١].

لەڕاستیدا حکومەتی عێراق پابەند نەبوو بە جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی بەیاننامەی ١٠ی شوباتی ١٩٦٤ و چەندین هەنگاوی پێچەوانەی ڕێککەوتنەکەی نا. جاشەکان و عەرەبە نیشتەجێکراوەکان لە ناوچەکانی کەندێناوە و دیبەگە لە لیوای هەولێر بەردەوامبوون لەسەر دەستدرێژییەکانیان بۆ سەر هاوڵاتییانی کورد لە ناوچەکەدا، هەروەها لەلایەن قایمقامییەتی قەزای مەخمورەوە فەرمانی دەرکردنی سەرجەم کوردەکان لە ناوچەکە و نیشتەجێکردنی عەرەب لە شوێنیان درا. هەر لە درێژەی ڕێکارەکانی حکومەت دژ بە دانیشتوانی کورد لە لە ئاداری ١٩٦٤ دا دانیشتوانی (٢٥) گوندی کوردنشین لە لیوای کەرکووک ئاگادارکرانەوە بۆ چۆڵکردنی گوندەکانیان ئەمەش بە بیانووی بەکارهێنانی زەوییەکانی ئەو ناوچەیە لەلایەن کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی عێراقی[٢]، ئامانجی پشت ئەم کارەش نیشتەجێکردنی هۆزە

---

https://www.algardenia.com/٢٠١٤-٠٤-٠٤-١٩-٥٢-٢٠/menouats-٢/٣٥٥٩١-٢٠١٨-٠٥-٢٥-١٩-٣٣-٢٠.html

(١) كتاب وزارة الداخلية، مديرية المخابرات السرية والسياسية الى الحاكم العسكري العام، سري، الموضوع: طلب اطلاق سراح بعض الموقوفين، الرقم/ ق.س/ ١٠٥٨٩، في تاريخ ٢٤/ ١٢/ ١٩٦٤. (بڕوانە: پاشکۆی ژمارە-٢٢-).

(٢) کۆمپانیای نەوتی عێراقی لە ساڵی ١٩٦١ دامەزراوە. لە ساڵی ١٩٦٤ ناوەکەی گۆڕا بۆ کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی عێراقی ئەم کۆمپانیایە ڕێژەی ٩٥% ی نەوتی عێراقی هەناردەی دەرەوە کردووە. موقع ويكيبيديا، تاريخ الزيارة: ٦/٨/ ٢٠٢٢:

https://ar.wikipedia.org/wiki/%D٨%B٤%D٨%B١%D٩%٨٣%D٨%A٩_%D٨%A٧%D٩%٨٤%D٩%٨٦%D٩%٨١%D٨%B٧_%D٨%A٧%D٩%٨٤%D٩%٨٨%D٨%B٧%D٩%٨٦%D٩%٨A%D٨%A٩_%D٨%A٧%D٩%٨٤%D٨%B٩%D٨%B١%D٨%A٧%D٩%٨٢%D٩%٨A%D٨%A٩#:~:text=%D٨%AA%D٩%٨٥%٢٠%D٨%AA%D٨%A٣%D٨%B٣%D٩%٨A%D٨%B٣%٢٠%D٨%B٤%D٨%B١%D٩%٨٣%D٨%A٩%٢٠%D٨%A٧%D٩%٨٤%D٩%٨٦%D٩%٨١%D٨%B٧%٢٠%D٨%A٧%D٩%٨٤%D٨%B٩%D٨%B١%D٨%A٧%D٩%٨٢%D٩%٨A%D٨%A٩،

%D٨%A٧%D٩%٨٤%D٩%٨٨%D٨%B٧%D٩%٨٦%D٩%٨A%D٨%A٩%٢٠%D٨%A٧%D٩%٨٤%D٨%B٩%D٨

عەرەبییەکان بوو لە شوێنی کوردەکان. لەلایەکی دیکە عەبدولسەلام عارف لەو ماوەیەدا بایەخی سەرەکی بە مەسەلەی (یەکێتی عەرەبی) دەدا، ئەمە بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە دڵنیاییەك بە کورد بدات، کە لەو یەکێتییەدا لەنێو بۆتەی عەرەبدا ناتوێنەوە. تەنانەت لە دەستووری نوێی کاتی، کە لە ٢٩ی نیسانی ١٩٦٤ دا دەرکرا، بایەخی لە پێشینە بە بابەتی یەکێتی عەرەبی درا، نەك پرسی کورد[١]. بۆیە مستەفا بارزانی ناڕەزایی لەبارەی دەستووری کاتی دەربڕی و لەو بارەیەوە گوتی: "دانپێدانانی مافە ڕەواکانی گەلی کورد گرنگترین شتە، بەڵکو گەوهەری ڕێککەوتنەکەیە، کە حکومەت بەشێوەیەکی هەڵە مامەڵەی لەگەڵدا کرد، بووە هۆی کاردانەوەیەکی توند و بێ ئومێدییەکی زۆر، نەك هەر لەلای میللەتی کوردمان، بەڵکو لای بەشێکی بەرفراوانی گەلی عێراقیش"[٢]. دەستووری کاتی هیچ دانپێدانانێکی بە مافەکانی گەلی کورد لەخۆ نەگرتبوو، تەنانەت ماددەی سێ لە دەستووری ٢٧ی تەممووزی ١٩٥٨، کە تێیدا هاتبوو کورد و عەرەب لە نیشتمانی عێراقدا هاوبەشن، لە دەستوورە نوێیەکە لابرابوو. دەستووری کاتی دانی نەنابوو بەوەی، کە گەلی کورد وەك گەلی عەرەب گەلێکە و مافی نەتەوەیی خۆی هەیە، بەڵکو بە پێچەوانەوە تێیدا هاتبوو، کە گەلی عێراق بە کورد و عەرەبەوە بەشێکن لە نەتەوەی عەرەب[٣].

هەر لە چوارچێوەی ناڕەزاییەکانی کورد لە بەرامبەر بە هەند وەرنەگرتنی پرسی ڕەوای کورد و ناوەڕۆکی دەستووری کاتی، مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١١ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ دا یاداشتێکی لەژێر ناوی (یاداشتی ڕوونکردنەوەی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە عێراق) لە ڕێگەی عەبدولڕەزاق سەید مەحمود[٤]ی

%B١%D٨%A٧%D٩%٨٢%D٩%٨A%D٨%A٩%٢٠%D٩%٨١%D٩%٨A%٢٠%D٨%B٩%D٨%A٧%D٩%٨٥%٢٠ ١٩٦٤.

[١] شیرزاد زکریا محمد، المصدر السابق، ص٢٠٠-٢٠١.

[٢] المصدر نفسه، ص٢٠٢.

[٣] نفس المصدر ونفس الصفحة.

[٤] عەبدولڕەزاق مەحمود عومەر لە ساڵی ١٩١٢ لە شاری موسڵ لەدایك بووە. لە ساڵی ١٩٣١ خانەی مامۆستایانی سەرەتایی تەواوکردووە. دوای دوو ساڵ لە پیشەی مامۆستایەتی، چووەتە کۆلێژی سەربازی و لە ساڵی ١٩٣٥ تەواوی کردووە. لە چەندین خوولی سەربازی لە دەرەوەی عێراق بەشداری کردووە. لە ساڵی ١٩٥٩ بەهۆی لایەنگیری بۆ جووڵانەوەی عەبدولوەهاب شەواف خانەنشین کراوە. دوای کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ گەڕاوەتەوە نێو سوپا. دواتر بووەتە موتەسەڕیفی کەرکووك، پاشان لە ٦ی حوزەیرانی

موتەسەڕیفی سلێمانی پێشکەش بە حکومەت کرد، کە داخوازییە ڕەواکانی گەلی کوردی لەخۆ گرتبوو. گرنگترین بەشی یاداشتەکە داواکردن بوو بۆ هەموارکردنی بڕگەی کۆتایی لە ماددەی (١٩)ی دەستووری کاتی، کە دەڵێت: "ئەو دەستوورە مافە نەتەوایەتییەکانیان لەناو یەکێتی عێراق دەسەلمێنێت". هەروەها هەموارکردنی ماددەی یەکەمی دەستوورەکە، کە دەڵێت: "گەلی عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب", بۆ "گەلی عەرەب لە عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب". جگە لەمانە لە یاداشتەکەدا ناوچەکانی هەرێمی کوردستان بەو پارێزگایانە دیاری کرابوو: هەولێر و کەرکووک و سلێمانی و ئەو قەزا و ناحیانەی، کە زۆربەی دانیشتوانیان کوردن لە هەردوو پارێزگای دیالە و موسڵ [1].

سەبارەت بە گرنگترین ئەو هۆکارانەی، کە بوونە مایەی سەرنەگرتنی دانوستان و دەستپێکردنەوەی شەڕ لەنێوان حکومەت و سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول، عەبدولڕەزاق سەید مەحمود، کە وەك نوێنەری حکومەت گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕی نامەی لەگەڵ بارزانیدا کردووە، دەڵێت: "وێڕای بەدەنگەوە نەهاتنی حکومەت بەدەم داخوازییە سەرەکییەکانی بارزانی کە لە یاداشتی ڕوونکردنەوەی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد نووسراوە و لە ١١ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ پێشکەش کراوە، بارزانی لەبەر ئەو هۆیانە بڕوای بە حکومەت نەبوو:

١- یەکەمین خاڵ وای لە بارزانی کرد ئەگەر کەمیش بێت، بگەڕێتەوە و گومان لە حکومەت بکات، وێڕای دووبارەکردنەوە و پێداگرتنی، نەدانی پارە بوو لەکاتی پێویستدا، کۆی هەموو ئەو پارەیەی لە (شوباتی ١٩٦٤-کانوونی یەکەمی ١٩٦٤) وەری گرتبوو، سی هەزار دینار بوو لە منی وەرگرتبوو و لەبەردەمی منیشدا دابەشی کرد و یەك فلس چییە نەچووە گیرفانی خۆی، پیاوێکی زاهید و بێ کەش و فش بوو.

٢- بارزانی ڕقی زۆر لە بەکرێگیراوە کوردەکان (جاش) دەبووە و بەهۆی سەرەکی هەموو نەهامەتییەکانی دەزانی، منیش رقم لێیان دەبووە، ڕەنگە ئەوە لە هۆیە سەرەکییەکانی

---

١٩٦٣ بووەتە موتەسەڕیفی سلێمانی. لە ٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٤ دەستی لە پۆستەکەی کێشاوەتەوە. شیرزاد زکریا محمد، المصدر السابق، ص١١٩.

[1] عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی (دکتۆر)، باڵیۆزی بارزانی لە کۆماری عێراقدا، وتارێکە لە چوارچێوەی کتێبی (کۆنگرەی یادەوەریی سەد ساڵەی بارزانی نەمر)، بەشی یەکەم، ئامادەکردن و سەرپەرشتی: مومتاز حەیدەری و د. کوردستان موکریانی و د. دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣، ل٥٨٧.

دۆستایەتی و دیدارەکانمان بێت، بۆیە چەککردنیان و نەهێشتنیان لە داخوازییە سەرەکییەکانی بوو، دیارە هێشتنەوەشیان بەڵگەی بەدنیازی حکومەت بوو بەرانبەر کورد، لەڕاستیدا حکومەت دەرخواردی دەدان و بەهێزی دەکردن بۆ ورووژاندن و تەنگەتاوکردنی پێشمەرگە چەندین جار لێکیاندا، بەتایبەتیش لە ناوچەی هەڵەبجە.

٣- زۆربەی ئەفسەرە پلە بەرزەکان لە خەمی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیاندا بوون، چونکە شەڕ سەرچاوەی تاڵان و بڕۆ و چەپاو بوو بۆ ئەوان، بۆیە ئەوانە ئامادەبوون هەرچی ڕێککەوتنە تێکی بدەن، دیارە عەبدولسەلام عارفیش دەستی لە پشتی دەدان.

٤- فرە بەرپرسیاریەتی و دیارنەبوونی، گرنگترین هۆ بوو لە جێگیرنەبوونی و ڕاڕایی ڕای حکومەت لە پەسندکردن یان پەشیمان بوونەوە لەو بەڵێنانەی دابوویان یان جێبەجێکردنیان"[(١)].

---

[(١)] بە وەرگرتن لە: هەمان سەرچاوە، ل٥٩٦-٥٩٧.

**تەوەری دووەم/**

**هەڵوێستی بارزانی لە هەمبەر ڕێککەوتنی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦**

دوای شکستی هێزەکانی عێراق لە شەڕی هەندرێن لە ١٢ی ئایاری ١٩٦٦، سەرۆك وەزیرانی عێراق عەبدولڕەحمان بەزاز [١] ئارەزووی ئاشتی ڕاگەیاند، لایەنی کوردیش ئامادەییان دەربڕی و دوای چەندین کۆبوونەوەی نێوان هەردوولا لەسەر چەند خاڵێك ڕێککەوتن، کە لە ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ لە بەیاننامەیەکی حکومەتدا بڵاوکرایەوە. لە بەشێکی ماددەکانی ڕێککەوتنەکەدا ئاماژە بە مافەکانی نەتەوەی کورد و داننان بەوەی، کە عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی عەرەب و کورد پێکهاتووە و زمانی کوردی شانبەشانی زمانی عەرەبی دەبێتە زمانی فەرمی لە عێراقدا، هەروەها کورد چەندین پۆستی کارگێڕی و دادوەری و سەربازی پێدەدرێت. ئەمە جگە لە تەرخانکردنی پارە بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانی کوردستان و گەڕاندنەوەی هەموو ئەو کەسانەی، کە لە ناوچەکانی خۆیان ئاوارە ببوون، یا کۆچیان پێکرابوو، لەگەڵ قەرەبووکردنەوەی زیانە ئابوورییەکانیان. بەڵام ئەم ڕێککەوتنە لەلایەن حکومەتەوە جێبەجێ نەکرا، هەرچەندە لەماوەی دوو ساڵی دوای ڕێککەوتنەکە شەڕی نێوان حکومەت و پێشمەرگە ڕوویندا، بەڵام حکومەت شەڕ و پێکدادانەکانی خۆی لەڕێگەی جاش و چەکدارە بەکرێگیراوەکانی خۆیەوە ئەنجامدا [٢].

---

[١] عەبدولڕەحمان عەبدولەتیف حەسەن بەزاز لە ساڵی ١٩١٣ لە بەغدا لەدایك بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە بەغدا تەواوکردووە. لە ساڵی ١٩٣٥ کۆلێژی مافی تەواوکردووە. دواتر لە زانکۆی لەندەن درێژەی بە خوێندن داوە. بەر لەوەی ببێتە سەرۆك وەزیران چەندین پۆستی یاسایی و کارگێڕی وەرگرتووە. لە ساڵی ١٩٥٨ بووەتە ڕاگری کۆلێژی ماف لە بەغدا. لە ساڵی ١٩٦٣ بووەتە باڵیۆزی عێراق لە قاهیرە، دواتریش باڵیۆزی عێراق لە لەندەن. لە ساڵی ١٩٦٤ بووەتە ئەمینداری گشتی ڕێکخراوی (ئۆپێك). لە ساڵی ١٩٦٥ کراوەتە سەرۆك وەزیرانی عێراق. دوای کوژرانی عەبدولسەلام عارف خۆی بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری عێراق کاندید کردووە، بەڵام دواتر لەژێر فشاردا لە بەرامبەر عەبدولڕەحمان عارف لە کێبڕکێیەکە کشایەوە. خاوەنی چەندین کتێبە لە بواری یاسا و سیاسەت و کۆمەڵایەتی و مێژوو. لە ساڵی ١٩٧٣ لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: (محمد كريم مهدي المشهداني (الدكتور)، عبدالرحمان البزاز دوره الفكري والسياسي في العراق حتى ثورة ١٧ تموز ١٩٦٨، مراجعة: د. جعفر عباس حميدي حسن، مكتبة اليقظة العربية، بغداد، ٢٠٠٢، ص٢١ وما بعدها).

[٢] مسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم ١٩٦١-١٩٧٥، ل٣٨٨-٣٩٠؛ شوان محەمەد ئەمین تەها خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٢، ٢٥٣؛ شيرزاد زكريا محمد، المصدر السابق، ص٢٧١-٢٨٦.

ڕاستییەکەی بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ تەنیا ئاگربەستێکی کاتی بوو بۆ دەستخستنی کات و ئامادەکاری بۆ دەستپێکردنی شەڕێکی نوێ. ڕێککەوتنەکە جێبەجێکردنی مافەکانی کوردی تێدا ڕوونەکرابووەوە. سنووری جوگرافیای ناوچەکانی کوردستانیشی دیاری نەکردبوو. لەلایەکی دیکە وەك مەسعود بارزانی ئاماژەی پێکردووە، هەر لە بنەڕەتەوە مستەفا بارزانی پێی وابووە بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیران بەیاننامەیەکی لاوازە و لەڕاستیدا شەڕ وەستاندنە، نەك ڕێککەوتن[١]. بەڵام وێڕای ئەمانە بارزانی و سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بە بەیاننامەکە ڕازی بوون، لەوانەیە هۆکاری ئەمەش خۆی لە چەند خاڵێکدا ببینێتەوە:

١- کورد لە ناوچەکانی خۆیدا دەسەڵاتێکی باشی پێدەدرا، دەرفەتی زیاتری بۆ دەڕەخسا بە تێکەڵبوونی زیاتری سیاسی لەگەڵ عێراقدا.

٢- لەو ڕێگەیەوە دەکرا سنوورێك بۆ شەڕی نێوان حکومەتی عێراق و سەرکردایەتی شۆڕشی کورد دابنرێت، کە هەر لە ساڵی ١٩٦١ ەوە دەستیپێکردبوو.

٣- بەیاننامەکە ببێتە هەنگاوێك بۆ کەمکردنەوەی دەستوەردانی حکومەتی ناوەند لە کاروباری پارێزگاکانی کوردستاندا[٢].

هەر بۆیە هاوڵاتیانی ناوچەکانی کوردستان بە گەرمییەوە پێشوازییان لە بەیاننامەکە کردووە و بەم هۆیەوە خۆشحاڵی خۆیان دەربڕیوە. لەم چوارچێوەیەدا لە بروسکەیەکی لاسلکی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی هەولێر بۆ موتەسەڕیفییەتی هەولێر و ئەمنی گشتی بەغدا، دوای ڕۆژێك لە دەرکردنی بەیاننامەکە لە ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٦٦ دا ئاماژە بەوە کراوە، کە بەیاننامەکە کاریگەری باشی لەسەر لیوای هەولێر هەبووە، زۆربەی هاوڵاتیان دڵخۆشی خۆیان دەربڕیوە. کەسایەتی و سەرۆك هۆز و چین و توێژەکانی ناوچەکە بروسکەی پیرۆزباییان بۆ سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیران ناردووە و سوپاسی هەوڵ و کۆششەکانی ئەوانیان کردووە بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان"[٣].

---

[١] مسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم ١٩٦١-١٩٧٥، ل٢٢٨.

[٢] عەبدولخالق ناسر ئەلعامری، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٦.

[٣] لاسلكيةمديرية امن لواء اربيل الى متصرفية اربيل وامن عام بغداد، العدد/ ٥٠٦، في تاريخ ٦/٣٠/ ١٩٦٦. (بڕوانە: پاشکۆی ژمارە-٢٣-).

دوای دەرکردنی بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ پەیوەندییەکانی مستەفا بارزانی لەگەڵ کەسایەتییە جیاوازەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان زیاتر بووە، ئەمەش لە میانەی هەوڵەکانی بووە بۆ جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی بەیاننامەکە. لەم چوارچێوەیەدا لە نووسراوێکی نهێنی و بەپەلەی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی لیوای هەولێر لە ٥ی تەمموزی ١٩٦٦ دا بۆ جێگری ئەمنی بەلدەی هەولێر و ڕەواندز و کۆیە و مفەوەزی ئەمنی شەقڵاوە ناردراوە ئاماژە بە پەیوەندیکردنی سەرۆك جاش و سەرۆك هۆزەکان بە بارزانییەوە کراوە. لە نووسراوەکەدا هاتووە: "زانیومانە بەشێك لە سەرۆك جاش و سەرۆك هۆزەکان بەم دواییە پەیوەندییان بە مەلا مستەفا بەر لە بڵاوکرنەوە و دوای بڵاوکردنەوەی ئەو بەیاننامەی دوایی کردووە. بەهۆی گرنگی و مەترسی بابەتەکە تکایە ئەوەی پێویستە ئەنجامی بدەن و لێکۆڵینەوەی نهێنی بکەن بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییانە و ئاگادارمان بکەنەوە"[١].

لەلایەکی دیکە بارزانی نامەیەکی بۆ چەند کەسایەتییەکی نێو شۆڕشی کورد لەوانە: شێخ حوسێن بۆسکێنی، عەلی حەسەن ئاغا مەشکور، مەحمود ئاغای پشدەری، لەتیف شێخ مەحمودی حەفید و هەندێك ئەفسەری دیاری لایەنگری شۆڕشی کورد ناردووە، کە پێویستە لە ١ی ئابی ١٩٦٦ لە کۆبوونەوەیەك لەگەڵ ئەودا ئامادەبن، بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی بارودۆخی سیاسی عێراق لە سەردەمی حکومەتی عەبدولڕەحمان عارف[٢]، کە بارزانی

---

[١] كتاب مديرية امن لواء اربيل/ القلم السري، الى معاون امن بلدة اربيل و معاون امن بلدة راوندوز و معاون امن بلدة كويسنجق و مفوض امن شقلاوة، سري للغاية ومستعجل، الموضوع: تقص معلومات، العدد/ ٥١٤، في تاريخ ٧/٥/ ١٩٦٦. (بڕوانە: پاشکۆی ژمارە-٢٤-).

[٢] عەبدولڕەحمان محەمەد عارف لە ساڵی ١٩١٦ لە شاری بەغدا لەدایك بووە. قۆناغەکانی خوێندنی قوتابخانەی لە شاری بەغدا تەواوکردووە. لە ساڵی ١٩٣٧ کۆلێژی سەربازی تەواوکردووە و پلەی ملازمی دووەمی وەرگرتووە. لە ساڵی ١٩٤٤ هاوسەرگیری کردووە و لەماوەی ژیانیدا بووەتە خاوەنی پێنج منداڵ. لە ژیانی سەربازییدا چەندین پلەی وەرگرتووە، کە دواترینیان (عەمید) بوو. دوای زیادبوونی مەترسی بەشداریکردنی عارف لە کودەتای سەربازییدا لە ساڵی ١٩٦٢ بە فەرمانی عەبدولکەریم قاسم خانەنشین کرا. دوای کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ جارێکی تر گەڕێندرایەوە بۆ خزمەتی سەربازی و کرایە سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق. دوای کوژرانی عەبدولسەلام عارفی برای لە ڕووداوی کەوتنەخوارەوەی هەلیکۆپتەر لە ساڵی ١٩٦٦ وەك سەرۆك کۆماری عێراق هەڵبژێردرا. بەمەش بووە سێیەمین سەرۆك کۆمار لە مێژووی عێراقدا. لەماوەی دەسەڵاتیدا عارف خاوەن ئەزموونێکی باش نەبوو لە بواری سیاسەتی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیدا. بۆیە وەك سەرۆکێکی لاواز فەرمانڕەوایی کردووە. دوای کودەتای دووەمی بەعسییەکان لە ساڵی ١٩٦٨ لەسەر کار لادرا و بۆ وڵاتی تورکیا دوورخرایەوە. دواتر لە سەرەتای

حکــومەتەکەی ئەوی بە حکــومەتێکی زۆر لاواز وەســفکردووە و شــیمانەی ڕوودانــی کودەتایەکی سەربازی لە عێراقدا کردووە، پێشی وابووە لە حاڵەتی ڕوودانیدا ئاکامی ترسناکی لەسەر بارودۆخی کورد دەبێت[1].

لە بەڵگەنــامە فەرمییەکــانی حکــومەتی عێراقــدا چەنــدین ئامــاژە هەن، بــۆ ڕەفتــارە ئیستیفزازییەکانی بەرپرسانی حکومەت لە هەمبەر نوێنەرانی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لەلایەك و نیگەرانییەکانی بارزانی و سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لە هەمبەر پابەندنەبوونی حکومەتی عێراق بە جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی بەیاننامەکە لەلایەکی دیکە. لەم چوارچێوەیەدا بەگوێرەی نووسراوێکی نهێنی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی لیوای هەولێر لە ٨ی تەممووزی ١٩٦٦ شەفیق ئاغای نوێنەری مستەفا بارزانی سەردانی بنکەی هەواڵگری هەولێری کردووە بۆ بینینی عەقیدعومەر هەزاع بەو پێیەی کۆنترین ئەفسەری سەربازییە لە هەولێر، کاتێك چووەتە لای، عەقیدی نێوبراو دەمەقاڵی لەگەڵ نوێنەرەکەی بارزانیدا کردووە و پێی گوتووە ئێوە جوداخواز و یاخیبوون بۆچی تاوەکو ئێستا ڕێککەوتنەکەتان جێبەجێ نەکردووە و چەکەکانتان ڕادەستی حکومەت نەکردووەتەوە، شەفیق ئاغاش وەڵامی داوەتەوە و گوتوویەتی: ڕێککەوتنەکە لە ١٢ بەند پێکهاتووە، یەکێك لەوانە ڕادەستکردنی چەکەکانە، بۆچی حکومەت بەندەکانی دیکەی ڕێککەوتنەکە جێبەجێ ناکات؟! دوای ئەمە نوێنەرەکەی بارزانی تووڕە بووە، بۆیە وەلید سلێمانی بەڕێوەبەری ئەمنی لیوای هەولێر لەگەڵی دانیشتووە و هێوری کردووەتەوە و پێی گوتووە قسەکانی عومەر هەزاع گوزارشت لە ڕاوبۆچوونی حکومەت ناکەن و ئەمەی ڕوویداوە مەسەلەیەکی سادە و کەسییە، چونکە

هەشتاکاندا گەڕایەوە بۆ بەغدا. لە ساڵی ٢٠٠٣ چووەتە عەممانی پایتەختی ئوردون و لەوێ نیشتەجێ بووە، لە ساڵی ٢٠٠٧ هەر لەوێ کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: زينب عبدالحسن الزهيري (الدكتورة)، عبدالرحمان العارف ودوره السياسي في العراق ١٩٦٦-١٩٦٨، دار أسامة للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠١٢، ص١٢ وما بعدها.

[1] م.و.د. اضبارة ملا مصطفى البارزاني، متصرفية لواء كركوك، العدد/ ٢٦٧٣، ٣ اب ١٩٦٦. بە وەرگرتن لە: (عادل تقي عبد محمد البلداوي (الدكتور)، نضال الشعب الكوردي وموقع البارزاني في الوثائق العراقية السرية، تقديم ومراجعة: د. عبدالفتاح علي البوتاني، دهوك، ٢٠٢١، ص٧٩).

بەگوێرەی بۆچوونی بەڕێوەبەری ئەمنی لیوای هەولێر بارودۆخ بەرەو ئاسایی بوونەوە دەچێت بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە و بەرقەراربوونی ئاسایش لە ناوچەکەدا[1].

سەبارەت بە نیگەرانییەکانی بارزانییش لە جێبەجێنەکردنی ناوەڕۆکی بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیران، ئەوە لە چەندین یاداشتی بارزانی بۆ بەرپرسانی حکوومی دەردەکەوێت.لەوانەش لە ٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٦ دا بارزانی یاداشتێکی بۆ عەبدولڕەحمان عارفی سەرۆك کۆمار و ناجی تاڵیبی سەرۆك وەزیرانی عێراق ناردووە و جەختی لەوە کردووەتەوە، کە پێویستە بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ جێبەجێ بکرێت، دوای ئەوەی کورد شەڕیان ڕاگرت و ئەوەی لەسەریان بوو جێبەجێیان کرد، ئێزگەکەشیان لە پەخش وەستاند و زۆربەی چەکە قورسەکانیشیان ڕادەستی حکومەت کردەوە، بەڵام وێڕای ئەمانە ئەو لێبووردنە گشتییەی، کە حکومەت دەریکرد بەشێوەیەکی ڕوون جێبەجێنەکراوە و بەشێك لە بەندکراوەکان لە بەندیخانەکان ماونەتەوە و ئازادنەکراون. فەرمانبەرە فەسڵکراوەکانی لایەنگری شۆڕشی کورد بۆ سەر پیشەکانیان نەگەڕێنراونەتەوە. ئەو فەرمانبەرە کوردانەی، کە بەهۆکاری سیاسی بۆ ناوچەکانی باشوور گوازراونەتەوە، نەگەڕێنراونەتەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان. هەروەها هیچ کوردێك لە کابینەی حکومەت نەبووەتە وەزیر و کورد لە پۆست و پایە گرنگەکان هیچ پشکێکیان پێنەدراوە، نەك هەر بەگوێرەی ڕێژەی دانیشتوانەکەی، تەنانەت کەمتر لەوەش پشکیان نییە[2].

لە پێشەکی یاداشتەکەی بارزانییدا هاتووە: "لای سیادەتتان شاراوە نییە کە بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیران بە هەموو بەندە بڵاوکراوەکانیەوە مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کوردیان تێدا نەبوو، بەو شێوەیەی کە هێشتا هەر داوایان دەکات و پێ لەسەر وەدیهێنانیان دادەگرێت، بەتایبەتی کە ماوەی ئازار و کارەساتەکانی لەماوەی شەڕی دووەمی جیهانی زێتر درێژەیان کێشا. بەڵام لەبەر بە پەرۆشیمان بۆ بەرژەوەندی باڵای نیشتمان و بۆ پاراستنی خوێنی برایانی عارەب و کورد بۆ ئەوەی نەڕژێت و پاراستنی یەکیەتیی نیشتمانی بەو بەیاننامەیە قایل بووین و هیوامان ئەوەبوو بەندەکانی بە نیازێکی چاك و گیانێکی ئیجابییانەی بنیاتنەرانە پیادە بکرێن تا بە دەنگی کەمترین مافی کوردەوە بچێت کە دەکرێ قەبووڵ

---

[1] كتاب مديرية امن لواء اربيل/ السريات الى متصرف لواء اربيل، سري وشخصي، الموضوع: التصرفات، العدد/ ٥١٦، في تاريخ ٨/٧/ ١٩٦٦.

[2] م.و.د. اضبارة ملا مصطفى البارزاني، متصرفية اربيل/ سري وشخصي، العدد/ ق.س/ ٢٤٣٣، في تاريخ ٢٩/ ١١/ ١٩٦٦. بە وەرگرتن لە: (عادل تقي عبد محمد البلداوي، المصدر السابق،ص٨٠).

بکرێـت، بەڵام دەڵێـین و داخ لە دڵمانـدایە کە بەیاننـامەکە هێشـتا هەر بەڵگەنـامەیەکی مردووە، یا وەختە بمرێت، هەرچەندە پێنج مانگ بەسـەر بڵاوەکردنەوەیـدا تێپەڕیـوە، ئەوەی کارەکەی خراپتر کرد ئەوەیە هەندێك کاربەدەستانی حکومەت زاتی ئەوەیـان کـرد هەنگـاوی ئەوتۆ بهاوێن ببێتە هۆی تێکـدان و شـێواندنی ئاسـایش و هەڵتەکانـدنی ئـارامی و سرەوت و خوڵقاندنی ئیستیفزاز لە ناوچەکەدا. ئەو ڕاسـتییەش لە دروسـتکردنی جـۆرە جاشـێکی نوێـدا خۆی بەرجەسـتە دەکـات و چەکـدار دەکـرێن و پارەیـان پـێ دەدرێـت و لە سـەربازگەکانی حکومەتەوە دەردەچن بۆ دەستدرێژی کردنە سـەر ئـازادی و ژیـانی هاوڵاتیـان و ئەوانەی لە سلێمانی و پێنجوێن و قەڵادزێ ڕوویاندا، زیندووترین بەڵگە و نیشانەی ئەوەن"[١].

لە بەشێکی دیکەی یاداشتەکەیدا بارزانی باسی لە وردەکاری جێبەجێنەکردنی بەنـدەکانی نێو بەیاننامەکە کردووە، لەو بارەیەوە دەڵێت: "بە شتێکی گونجاوی دەزانین کە بەند بە بەند و بەپێی زنجیرەبەندی وتوێژ لەسەر بەیاننامەکە بکەین:

یەکەم: بـارودۆخە نائاسـاییەکە هەر هەیە و زۆربەی کاربەدەسـتان پێیـان خۆشـە هەر دەوام بکات و گروپێکی توندڕۆ داوای دووبارە پێکهێنانەوەی ئەنجوومەنی سـەرکردایەتیی شۆڕشـی هەڵوەشاوە دەکەن، واتە چەسپاندنی ئەو بـارودۆخە نائاسـاییەی لەگەڵ تـاڵاوی و زۆری لێـی چێشـت لە مـاوەی ئەو هەشـت سـاڵەی ڕابـردوودا و، ئەمە هەمـوو دانـانی دەسـتووری هەمیشەیی دوور دەخاتەوە کە دەبوایە ئەو دەستوورە جەختی لەسەر مافی نەتەوەیی کورد بکـردایەوە و ڕوونـتری بکـردایەتەوە، بە جۆرێـك دانپیانـانی نەتەوایەتـی کـورد و مـافە نەتەوایەتییەکـانی کـورد لە چوارچێـوەی یەك نیشـتمانی عێراقیـدا کە نەتەوەی سـەرەکی دەگرێتەوە و ئەوانیش عارەب و کوردن، دەبێتە کارێکی ڕوون و ئاشکرا و بەشێوەیەك عارەب و کورد ماف و ئەرکی یەکسانیان هەبێت.

دووەم: یاسای پارێزگاکان هێشتا ڕووناکیی نەدیوە، هەرچەندە مادەی دووەمی بەیاننـامەکە وای وەسـف دەکـات کە (بە ڕێـگەوەیە بـۆ دانـان) و هەرچەنـدە لەو مـادە بنچینەییـانەی نووسراوی ڕوولێنانی (تکلیف) لیوا ناجی تاڵیبدا هاتبوو بۆ پێکهێنانی وەزارەت و، پیادەکردنی سیستەمی (لامرکەزی) و بەشداریکردنی هاووڵاتیان لە هەڵسووڕاندنی کاروباری نـاوخۆیی و شارەوانی بەدانان و دابینکردنی ئەو یاسایەوە بەند بوو, واتە پێڕەوکردنـی کـورد بـۆ بەشـێکی

---

[١] مسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کـورد، بەرگـی سـێیەم، بەشـی یەکەم ١٩٦١-١٩٧٥، ل٣٩٦.

زۆری مافەکانی خۆی، کە حکومەت لە بەیاننامەکەیدا دانی پیا ناوە بەندە بە یاسای پارێزگاکان کەوا بەرپرسە گەورەکان وا خۆیان پێشان دەدەن کە پشتیان تێ کردووە.

سێیەم: داننانی حکومەت بە زمانی کوردی کە زمانێکی ڕەسمییە و زمانی فێرکردنە لەو ناوچانەی زۆربەی زۆری دانیشتوانی کوردن، سیفەتێکی یاسایی پێ نەبەخشراوە و بێگومان هیچ شتێکیش لە ڕووی پیادەکردنەوە نەکراوە.

چوارەم: ئەگەر بەڕاستی نیاز وابێت هەڵبژاردن لەو سنوورە زەمەنییەی خۆیدا بکرێت کە دەستووری کاتی دەقبەندیی لەسەر کردووە، ئەو کارەی کە گەل سوورە لەسەر وەدیهێنانی، چونکە مافە ڕەواکەی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە لەوەی کە خۆی حوکمی خۆی بکات (دەڵێین ئەگەر نیاز وابێت ئەوە وەدی بهێنرێت ئەوەی پێڕەو کراوە باشترە, ئەوەیە ڕێی بۆ خۆش بکرێت بە بەرەڵڵاکردنی ئازادییە گشتییەکان وەك ئازادیی ڕۆژنامەوانی و ئازادیی ڕێکخستن و شتی تر تاکو هەڵبژاردن بەشێوەیەکی ئاسایی و سروشتی بکرێت، بەڵام ئەگەر هەموو شتێك هەر وەکو خۆی مابێتەوە، ئەوا بڕوای هاووڵاتیان لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا کز دەبێت) و, ئەمەش کە لەبەری نێوان گەل و کاربەدەستان قووڵتر دەکات و دەبێتە هۆی زێترکردنی بێزاری و بڕوانەبوون بە دواڕۆژ"[١].

توێژەرێك لەبارەی داواکارییەکانی بارزانی لە دەقی یاداشتەکەدا دەڵێت: "داواکارییەکانی بارزانی زۆر ئاڵۆز و قورس نەبوون، بەشێوەیەك حکومەت نەتوانێت جێبەجێیان بکات. بەڵام حکومەت سوور بوو لەسەر فەرامۆشکردنی ئەو داواکارییانە. ئەمەش گوزارشتی لە ڕەفتاری دەسەڵاتێکی خۆسەپێن و خۆبەزلزان دەکات، کە بەختەوەری و خۆشگوزەرانی بۆ میللەتەکەی ناوێت"[٢].

لە ٢٧ی تشرینی دووەمی ١٩٦٧ بارزانی یاداشتێکی دیکەی پێشکەش بە عەبدولڕەحمان عارفی سەرۆك کۆمار کرد و تیشکی خستە سەر ئەو ئاستەنگانەی، کە بوونەتە بەربەست لەبەردەم دانوستانەکان و چارەسەرکردنی پرسی کورد. لە یاداشتەکەدا بارزانی ئەوەی ڕوونکردووەتەوە، کە وێڕای ئەوەی بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ هەموو ئەو مافانەی گەلی کوردی تێدا نییە، کە داوای دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرکردایەتی شۆڕشی کورد پەسندی کردووە، ئەمەش لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتمان و نەڕژانی خوێن

[١] هەمان سەرچاوە، ل٣٩٨-٣٩٩.

[٢] عادل تقي عبد محمد البلداوي، المصدر السابق،ص٨٠.

لەنێوان کورد و عەرەبدا. لە یاداشتەکەدا هاتووە: "هیوامان ئەوەبوو بەندەکانی بەیاننامەکە بە نیازێکی باش و گیانێکی ئەرێنی بنیاتنەر جێبەجێ بکرێن، تا وەڵامی لانی کەمی مافەکانی گەلی کورد بدرێتەوە و قبوڵ بکرێن، بەڵام ئەمە نەهاتەدی و بەیاننامەکە بووە بەڵگەنامەیەکی مردوو، بەتایبەتی هەندێك لە بەرپرسەکان هەنگاوگەلێکیان نا، کە دەبووە مایەی ناسەقامگیری و تێکدانی ئاسایش و ئیستفزازکردن لە ناوچەکەدا، ئەمەش لەمیانەی دروستکردنی جۆرێکی نوێی جاش و چەکدارکردن و پارەدارکردنیان، کە لە سەربازگە حکوومییەکانەوە هێرش دەکەنە سەر ئازادی و ژیانی هاوڵاتیان. ئەوەی لە سلێمانی و پێنجوێن و قەڵادزێ ڕوویدا بەڵگەیەکی زیندوون لەسەر ئەمە، کە ئەمەش بووە هۆی کوژران و بریندار بوونی دەیان کەس هەر لە ٢٩ی حوزەیرانەوە تا ئێستا، ئەمەش دەبێتە مایەی هاتنەکایەی ڕەوشێکی زۆر ترسناك. بەشێك لە بەرپرسەکان پرسی کوردیان لە بابەتی ئاوەدانکردنەوەی باکوور کورت کردووەتەوە.. ئەمە لەکاتێکدا، کە ئاوەدانکردنەوەی باکوور هیچ شتێکی لێ جێبەجێنەکراوە"[1].

لە نووسراوێکی نهێنی عەبدولمونعیم مەسرەفی موتەسەڕیفی لیوای هەولێر لە ١٧ی حوزەیرانی ١٩٦٨ دا بۆ وەزارەتی ناوخۆ ئاماژە بەوە کراوە، دوای زیادبوونی نیگەرانی و ناڕەزایی سەرکردەکانی پێشمەرگە لە بەرامبەر خەمساردی حکومەت بۆ جێبەجێکردنی بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیران و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانی کوردستان. مستەفا بارزانی بانگهێشتی بەشێك لەو سەرکردانەی بۆ گەڵاڵە کردووە بەمەبەستی ڕاوێژ و گۆڕینەوەی بیروڕا لەبارەی هەنگاوەکانی داهاتوو. بەگوێرەی بەڵگەنامەکە لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ لەبارەی ئەم خاڵانە کراوە:

١- وشیاربوون و بێداربوون و ئامادەسازی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر بارودۆخێکی لەناکاو. هەروەها بەهێزکردنی سەنگەرەکانی پێشمەرگە تا هەڵوێستی سیاسی و سەربازی حکومەت ڕوونتر دەبێتەوە.

٢- فشارخستنە سەر حکومەت بۆ پاکتاوکردنی جاشەکان و تاخمی جەلال تاڵەبانی.

[1] م.و.د. اضبارة ملا مصطفى البارزاني، متصرفية لواء السليمانية/ سري للغاية، العدد/ ق. س/٧، سري وشخصي، الموضوع: مذكرة ملا مصطفى البارزاني، العدد/ ق.س/ ٢٤٣٣، ٢٠ كانون الثاني ١٩٦٨. بە وەرگرتن لە: (المصدر نفسه، ص٨٣).

٣- هاندانی جاشەکان بۆ ئەوەی پەیوەندی بە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە بکەن. هەر لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە، بارزانی نوێنەرەکانی خۆی ڕاسپاردووە تا پەیوەندی بە بەرپرسانی بەغداوە بکەن بۆ دیاریکردنی هەڵوێستی کۆتایی حکومەت لە هەمبەر مەسەلەکە[١].

هەر لەم چوارچێوەیەدا لە نووسراوێکی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی لیوای هەولێر لە ٢ی تەمموزی ١٩٦٨ دا، واتە (١٥) ڕۆژ بەر لە کودەتای دووەمی بەعسییەکان لە ١٧ی تەمموزی ١٩٦٨[٢]، ئاماژە بە بارودۆخی سیاسی و نیگەرانی خەڵك لەدوای دوو ساڵ لە ڕێککەوتنی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ دا کراوە، وەك لە نووسراوەکەدا هاتووە، "بەم دواییانە هەستێکی پڕ لە نیگەرانی هاوڵاتیانی داگرتووە، ئەمەش بەهۆی تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیران، کە ئەم یادە چەند کاردانەوەیەکی لێکەوتەوە، وەك مانگرتنی گشتی لە ڕۆژی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٨ دا و دەستپێکردنەوەی پەخشی ئێزگەی کوردە چەکدارەکان لەو ڕۆژەدا، کە کاتی پەخشکردنی نەبوو. هەروەها بڵاوکردنەوەی وتارێکی مەلا مستەفا بارزانی، کە لە بروسکەکەمان ٧٤٧ لە ٦/٣٠/ ١٩٦٨ دا ئاماژەمان پێکرد، کە ئەم وتارە هەندێك گوزارشتی تێدایە، بەڕوونی ئاماژە بە چەند ئەگەرێك دەکات، کە جگە لە دوژمنانی نیشتمان خزمەتی هیچ کەسێك ناکات و باجەکەشی جگە لە هاوڵاتیان بە سەرجەم نەتەوەکانیەوە، هیچ کەسێکی دیکە لە ئەستۆی ناگرێت"[٣].

---

[١] كتاب متصرفية لواء اربيل الى وزارة الداخلية، سري للغاية وشخصي، الموضوع: اجتماع، الرقم/ ق.س/ ١٨/ ٧٩٠، في تاريخ ٦/١٧/ ١٩٦٨.

[٢] لە بەرەبەیانی ڕۆژی ١٧ی تەمموزی ١٩٦٨ کودەتایەکی سەربازی بەبێ خوێنڕشتن لەلایەن بەعسییەکان و هەندێك ئەفسەری نەتەوەیی لەدژی عەبدولڕەحمان عارفی سەرۆك کۆماری عێراق ئەنجامدرا. سەرکردەی کودەتاچییەکان لەمانە پێکهاتبوو: ئیبراهیم عەبدولڕەحمان داود، ئەحمەد حەسەن بەکر، ساڵح مەهدی عەمماش، حەردان تکریتی، عەبدولڕەزاق نایف، حەماد شەهاب، سەعدون غێدان. دوای دەستبەسەرداگرتنی شوێنە هەستیارەکانی بەغدا وەك کۆشکی کۆماری و وەزارەتی بەرگری و ئێزگەی فەرمی عێراق. عەبدولڕەحمان عارفیان ناچار بە دەستلەکارکێشانەوە کرد و عێراقی بەرەو تورکیا جێهێشت. دواتر حزبی بەعس دەسەڵاتی گرتەدەست، ئەمە دوای کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ بە کودەتای دووەمی بەعس لە عێراقدا دەناسرێت. بڕوانە: (كاظم حبيب (الدكتور)، لمحات من عراق القرن العشرين/ العراق في العهد الجمهوري نهوض وسقوط الجمهورية الرابعة في العراق الجزء الاول، نهوض الجمهوية الرابعة ١٩٦٨-١٩٨٠، الكتاب الثامن، دار اراس للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠١٣، ص٧-٢٠).

[٣] كتاب مديرية امن لواء اربيل الى مديرية الامن العامة/ش٣، سري وشخصي، الموضوع: الرأي العام، العدد/ ٧٦٤، في تاريخ ٧/٢/ ١٩٦٨.

بەڵگەنامەکە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە نیگەرانی خەڵکی کوردستان و مستەفا بارزانی و سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول دەکات لە هەمبەر پابەندنەبوونی حکومەت بە جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ڕێککەوتنی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦، وێڕای ئەوەی، کە دوو ساڵ بەسەر ڕێککەوتنەکەدا تێپەڕیوە. نیگەرانییەکەش گەیشتووەتە ئاستێك، کە لەلایەك جەماوەر بخرۆشێت و مانگرتن ئەنجام بدات، لەلایەکی دیکە وەك فشار خستنەسەر حکومەت هەڵوێست و گوتاری سیاسی بارزانی لەگەڵ حکومەت توندتر بێت بەشێوەیەك لەگەڵ ئەو بارودۆخە نوێیە بگونجێت.

بەڵگەنامە بریتانییەکانیش ئاماژە بە نیگەرانی و تووڕەیی مستەفا بارزانی دەکەن لە هەمبەر جێبەجێنەکردنی ناوەڕۆکی ڕێککەوتنی ٢٩ی حوزەیران. تەنانەت بارزانی ئاگادارکردنەوەی کۆتایی بە حکومەت داوە، لەو بارەیەوە لە نووسراوێکی نهێنی باڵیۆزخانەی بریتانی لە بەغدا لە ڕۆژی ١١ی ئاداری ١٩٦٧ دا هاتووە: "مەلا مستەفا هەوڵێکی دیکەی دا بۆ قاییلکردنی حکومەت تاوەکو بەتەواوی و بەخێرایی ئەو مەرجانەی ڕاگەیاندنەکەی ٢٩ی حوزەیرانی بەزاز جێبەجێ بکات، ئەو بەم دواییە نێردراوی خۆی حەبیب محەمەد کەریم-ی نارد و چاوپێکەوتنێکی دوورودرێژی لەگەڵ سەرۆك ئەنجامدا [مەبەست پێی عەبدولڕەحمان عارفە]، بەپێی هەواڵگری نهێنیی خۆمان، هاوشێوەی ئاگادارکردنەوەی کۆتایی بوو. سەرۆك لەلای خۆیەوە نێردراوەکەی دڵنیاکردووەتەوە کە ئەو دڵی لای کوردەکانە و ئەوەی لە تواناشدا بێت دەیکات بۆ جێبەجێکردنی مەرجەکانی ڕاگەیاندنەکە. ڕاپۆرتەکانی دیش ئەوە دەڵێن کە ئەو بەتایبەتی داوای کاتی زیاتری کردووە بۆ لابردنی ئەوانەی دژ بە سیاسەتەکەی دەوەستن"[١].

لە نووسراوێکی دیکەی باڵیۆزخانەی بریتانیا لە ١٨ی ئاداری ١٩٦٧ باس لە ناردنی شاندێکی حکومەت بۆ لای بارزانی کراوە، کە پێکهاتوون لە هەریەك لە ڕەجەب عەبدولمەجیدی جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری ناوخۆ و ئەحمەد کەمال قادری وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری باکوور لە دیدارەکەدا گفتوگۆ لەبارەی بەیاننامەکەی ٢٩ی حوزەیران و گلەییەکانی بارزانی و داواکارییەکانی حکومەت لەو بارەیەوە کراوە. لە نووسراوەکەدا هاتووە: "لە ١٢ی ئازاردا باس لەوە کرا کە ڕەجەب عەبدولمەجید لەڕاستیدا ڕۆژی پێشوو لە گەلاڵە (بارەگای مەلا) سەردانی مەلای کردووە. سەرنجە سەروتاری ڕۆژنامەوانی ئەو

[١] کورد لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی بریتانیادا ١٩٦٦-١٩٧٩، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٠.

دەرخستنە نوێیەی برایەتیی عەرەب و کوردی بە وشەی پاراو رازاندنەوە. ئێمە ئەوە دەبیستین کە لە کاتی چاوپێکەوتنەکەدا مەلا جارێکی دی سکاڵای ئەوەی کردووە، کە بەرەوپێشچوونێکی کەم هەبووە لە جێبەجێکردنی دوانزە خاڵەکەی بەزازدا. جاش یان چەکدارانی فورسان چەك نەکراون. فەرمانبەرە عەرەبەکان لە کوردستان ماون و حکومەت پشتیوانیی تاڵەبانی دەکات کە چەند ڕۆژێك لە دوای شکاندنیان لە قەرەداغ لایەنگرەکانی لەلایەن لایەنگرانی بارزانییەوە لە نزیك قەڵادزێ شکێنران... بارزانی نایەوێت شەڕ دەستپێبکاتەوە، بەڵام ئەنجامدانی ئەو کارەش بۆ ئەو ئەستەم نییە. لە وەڵامی ئەودا بەو جۆرەی کە هاوڕێ ئەمریکاییەکەی بە باڵیۆزی گوتووە، ڕەجەب ئەم چوار خاڵەی خستووەتە بەردەم مەلا:

١- دەبێت لایەنگرانی تاڵەبانی لە کامپێکدا لە بەکرەجۆ سنووردار بکرێن و دواجار ڕێیان پێبدرێت بەرەو ماڵەوە بڵاوەیان پێبکرێت.

٢- هەندێك پێشمەرگە لەناو هێزی پۆلیسدا لە باکوور دابمەزرێنن.

٣- گشت فەرمانبەرەکان لە ناوچە کوردییەکاندا دەبێت کورد بن.

٤- فورسان (چەکدارەکانی حکومەت) چەك دەکرێن و ڕێیان پێدەدرێت بگەڕێنەوە ماڵەکانی خۆیان، بەڵام سێ لە ئاغاکانی برادۆست دەخرێنە بەر نیشتەجێی زۆرەملێ لە هەولێر"[١].

دوای کودەتای دووەمی بەعسییەکان لە ١٧ی تەمموزی ١٩٦٨ دەزگا ئەمنییەکانی عێراق هەڵوێست و دیدی مستەفا بارزانییان لەبارەی بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ ڕوونکردووەتەوە. لە نووسراوێکی نهێنی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی هەولێر لە ٣ی ئابی ١٩٦٨ دا لە میانەی باسکردنی بەیاننامەیەکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان ئاماژەی بە لێدوانێکی بارزانی داوە لەبارەی بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیران، کە دەڵێت: "بەڕوونی ئەوە دەڵێم، کە حکومەت ڕێککەوتننامەی ٢٩ی حوزەیرانی جێبەجێ نەکردووە و نیازیشی نییە جێبەجێی بکات. بێگومان ئەمەش لە کۆتاییدا سەرلەنوێ وڵات بەرەو گیروگرفت و کارەسات دەبات، ئەمەش لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی وڵات و ئەو ئامانجانەی، کە گەلی عێراقمان بە کورد و

---

[١] هەمان سەرچاوە، ل٢٤٢-٢٤٣.

عەرەبەوە هەوڵـی بـۆ دەدات، لە وەدیهێنـانی ئـازادی و دیمـوکراتی و برایەتـی وئاشـتی، یەکناگرێتەوە"[1].

[1] كتاب مديرية امن لواء اربيل/ السريات الى متصرفية لواء اربيل، الموضوع: بيـان اتحـاد طلبـة كردسـتان، سري وشخصي، العدد/ ١٠٢٠، في تاريخ ٣٠/٨/ ١٩٦٨.

### تەوەری سێیەم/

### هەڵوێستی بارزانی لە هەمبەر ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠

ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ یەکێك بوو لە دەستکەوتە سیاسییە گرنگەکانی کورد لەماوەی مێژووی هاوچەرخدا. ڕێککەوتنەکە ئاماژەی گرنگی سەبارەت بە کورد تێدابوو، بەتایبەتی کە لە بەندی (١٢) دا هاتووە: "گەلی عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێکدێت، کە ئەوانیش نەتەوەی عەرەب و نەتەوەی کوردن، هەروەها زمانی کوردی لەپاڵ زمانی عەرەبی دەبێتە زمانی فەرمی لە ناوچە کوردییەکاندا". لە بەندی (٢)شدا ئاماژە بەوە کراوە، کورد بەشداری لە حوکمەتدا دەکەن و پۆستە گرنگ و هەستیارەکانی وەزارەت و سەرکردایەتی سوپایان پێدەدرێت. لە بەندی (٨)یشدا هاتووە: "دانیشتوانی گوندە عەرەبی و کوردییەکان دەگەڕێنەوە شوێنی پێشووی خۆیان. بۆیە ڕێککەوتنی ١١ی ئادار کاریگەری گەورەی لەسەر بواری سیاسی و ڕۆشنبیری و ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردستان هەبوو. لەڕووی سیاسییەوە دانان بوو بە پرسی کورد و مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و قۆناغی ئاشتی و سەقامگیری و تەبایی ناوخۆیی بوو لە کوردستان. لەڕووی ڕۆشنبیرییەوە بووە هۆی دەرچوونی دەیان گۆڤار و ڕۆژنامە و وەك سەردەمێکی زێڕینی ڕۆشنبیری کوردی دادەنرێت. لەڕووی ئابووریشەوە پێشکەوتنی بەرچاو هاتە ئاراوە و دەیان پرۆژە و کارگە لە ناوچەکانی کوردستان دروستکران و ڕێگاوبانی نوێ و قوتابخانە و بنکەی تەندروستی بنیاتنران[١].

لە بەڵگەنامە فەرمییەکانی حکومەتی عێراقدا بایەخێکی زۆر بە ڕێککەوتنی ١١ی ئادار و ڕۆڵی مستەفا بارزانی کراوە، بەتایبەتی لەوەدا، کە بارزانی هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوە داوە تا ڕێککەوتنەکە سەربگرێت و شکست نەهێنێت. لێرەدا بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتەکە چەند بەڵگەنامەیەك دەخەینەڕوو: لە بروسکەیەکی زۆر بەپەلە و نهێنی خالید عەبدولحەلیم (١/٢٤/ ١٩٧٠-٩/٣/ ١٩٧٠)ی پارێزگاری هەولێر بۆ سەرۆك کۆماری عێراق لە ١١ی ئاداری ١٩٧٠ دا هاتووە: "مەلا مستەفا بارزانی بروسکەی بۆ سەرجەم هێزەکانی کردووە، کە بۆ شوێنەکانی خۆیان بکشێنەوە و لە ڕێگا گشتییەکان و سەنتەری شارەکان دووربکەونەوە و ئاسایش و سەقامگیری بپارێزن. هۆشیاری داوە بە سزادانی هەر کەسێك، کە سەرپێچی ئەم بڕیارە بکات. هەروەها بروسکەیەکی دیکەی بۆ ڕێکخستنەکانی پارتی کردووە تا لەگەڵ بڵاوبوونەوەی بەیاننامەکەی ئەمڕۆ، بروسکەی پشتگیری بۆ بەڕێزتان و ئەنجوومەنی

[١] فەرەیدون عەبدولڕەحیم عەبدوڵڵا، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٩-٦٧.

سەرکردایەتی شۆڕش بکەن. پێشنیار دەکەین بفەرموون بە دەرکردنی بڕیارێك بۆ ئەوەی ڕۆژی بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکە ببێتە پشوویەکی فەرمی بەردەوام لە عێراق، بە هەر ناوێك، کە خۆتان هەڵی دەبژێرن"[١].

لە بروسکەیەکی نهێنی و بەپەلەی ئەمنی هەولێر لە ٣١ی ئاداری ١٩٧٠ دا ئاماژە بە لێبوردنی بارزانی بۆ جاش و لایەنگرانی جەلال تاڵەبانی کراوە. لە بروسکەکەدا هاتووە: "بەم دواییانە تێبینی ئەوە کراوە، کە جەلالی و جاشەکان لە چوارچێوەی یەکێتی خاك و نیشتماندا تواونەتەوە، ئەمەش دوای ئەوەی بەڕێز بارزانی لاپەڕەیەکی نوێی بەڕوویاندا کردەوە و لاپەڕەکانی ڕابردووی پێچایەوە و دەیەوێت تەنیا یاسا سەروەر بێت لە وڵاتدا"[٢].

بەڵگەنامەکانی حکومەت ئەوە ڕوون دەکەنەوە، کە لەگەڵ نزیکبوونەوەی حکومەت و سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول بۆ مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار، بارزانی وەك نیشاندانی نیازباشی خۆی و پابەندبوون بە ڕێککەوتنەکە دەستیکردووە بە هەنگاوەکانی بۆ لاوازکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران، کە ئەو کاتە پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران لە ئاستێکی خراپدا بووە. لەم چوارچێوەیەشدا لە بروسکەیەکی نهێنی ئەمنی هەولێر لە ١٩٧٠ /١/٢٨ دا هاتووە: "مەلا مستەفا بارزانی فەرمانێکی بۆ شوێنکەوتووانی دەرکردووە، کە بەو پێیە بەبێ ڕێگەپێدانی ئەو نابێ سەردانی ئێران بکەن"[٣]. لە بروسەکەیەکی دیکەی ئەمنی هەولێر لە ١٩٧٠ /١/٣١ دا ئاماژە بەوەکراوە، کە ئەو ئێرانییانەی لە گەڵاڵە بوون، لەلایەن بارزانییەوە ئاگادارکراونەتەوە ئەوێ جێبهێڵن و بچنەوە ئێران و سەرجەم فرۆشگەکانیشیان داخراوە[٤].

---

[١] محافظة اربيل، قلم السر، برقية سرية وفورية للغاية من خالد عبدالحليم محافظ اربيل الى السيد رئيس الجمهورية المحترم، العدد/ ق.س/١٨/ ٤٣٢، في تاريخ ١٩٧٠ /٣/١١.

[٢] مديرية امن اربيل، برقية سرية وفورية الى فق١ و فق٢ و محافظة اربيل، رقم المنشيء/ ٤٩١، في تاريخ١٩٧٠ /٣/٣٠.

[٣] الامن العامة، مديرية امن محافظة اربيل، برقية سرية من المقدم عبدالجبار الدليمي الى محافظة اربيل والفيلق الاول، رقم المنشىء/ ١٧٨، في تاريخ ١٩٧٠ /١/٢٨.

[٤] الامن العامة، مديرية امن محافظة اربيل، برقية سرية من المقدم عبدالجبار الدليمي الى محافظة اربيل والفيلق الاول، رقم المنشىء/ ١٩٥، في تاريخ ١٩٧٠ /١/٣١.

لە نووسراوێكی نهێنی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی هەولێر لە ١٩٧٠/٢/١ دا هاتووە: "سەرچاوە هەواڵگرییەكانمان، كە لەنزیك سنووری عێراق- ئێران كار دەكەن، هەموویان لەسەر ئەوە كۆكن، كە حكومەتی ئێران پێشنیاری ئەوەی بۆ مەلا مستەفا بارزانی خستووەتەڕوو، كە ٥٠ ملیۆن دیناری پێ بدات وەك گوژمەی یەكەم و سێ ملیۆن دیناریشی ساڵانە پێ بدات، لە بەرامبەردا لەگەڵ حكومەتی نیشتمانی ڕێكنەكەوێت و شەڕ ڕانەگرێت، بەڵام بارزانی ئەو داوایەی ڕەتكردووەتەوە"[١]. هەر لە هەمان ڕۆژدا بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی هەولێر لە بروسكەیەكی نهێنیدا بۆ پارێزگای هەولێر ئاماژەی بەوە كردووە، كە ئێران هێزێكی زۆری سەربازی لە ناوچەی خانە كۆكردووەتەوە، ئەمەش لەدوای پیلانە كۆنەپەرستییە شكستخواردووەكەوە دێت. زانراویشە مەلا مستەفا هۆشیاری بەو هێزانە داوە و ڕێگری لێكردوون، كە لە سنووری عێراق نزیك ببنەوە[٢].

وەك لە بەڵگەنامەكاندا دەردەكەوێت، ئێران هەموو هەوڵێكی لەو پێناوە داوە تا ڕێككەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ سەرنەگرێت، چونكە بێگومان چارەسەركرنی پرسی كورد لە عێراق دژ بە بەرژەوندییەكانی ئەو بووە، بەتایبەتیش پێی وابووە بەدەستهێنانی هەر دەستكەوتێكی سیاسی و نەتەوەیی لەلایەن كوردەكانی عێراق كاریگەری لەسەر كوردەكانی ئێرانیش دەبێت و لەوانەیە ئەمە ببێتە مایەی خرۆشانی هەستی نەتەوەیی ئەوان. لەو بارەیەوە لە بەڵگەنامەیەكی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیدا هاتووە: "ڕێككەوتنەكەی ئاداری ١٩٧٠ ئەو چەكە لە دەستی ئێراندا دژ بە عێراق دەردەهێنێت و ئەگەر ڕێككەوتنەكە بەردەوام بێت، توانای عێراق بۆ دروستكردنی كێشە لە كوردستانی ئێراندا زیاد دەكات. بۆیە چاوەڕوان دەكرێت ئێران دژی ئەو ڕێككەوتنە كار بكات، چونكە زیان بە بەرژەوەندییەكانی دەگەیەنێت". وێڕای دژایەتی بەردەوامی ئێران بۆ ڕێككەوتنەكە و فشارەكانی لەسەر بارزانی، بەڵام نەیتوانی ڕێگری لەم ڕێككەوتنە بكات، وەك لە بەڵگەنامەكەدا هاتووە: "بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی كە ئێران سەرەڕای ئەو فشارە (داراییە) بەرچاوەی كە لەسەر بارزانی داینابوو ئەوا نەیتوانی لە سەرەتاوە ڕێ لەم ڕێككەوتنە بگرێت، كە ئەمەش دەریدەخات كە ئێران تەنیا دەسەڵاتێكی سنووورداری بەسەر كوردی عێراقیەوە هەیە و

[١] الامن العامة، مديرية امن محافظة اربيل، كتاب مدير امن اربيل المقدم عبدالجبار الدليمي الى محافظة اربيل، سري، الموضوع: معلومات، العدد/ ٢٠١، في تاريخ ١٩٧٠/٢/١. (بڕوانە: پاشكۆی ژمارە-٢٥-).

[٢] الامن العامة، مديرية امن محافظة اربيل، برقية سرية من المقدم عبدالجبار الدليمي الى محافظة اربيل والفيلق الاول، رقم المنشىء/ ٢٠٥، في تاريخ ١٩٧٠/٢/١.

ناتوانێت ناچاریان بکات جارێکی دیکە چەك هەڵگرنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بارزانی هێشتا پەیوەندی لەگەڵ ئێرانییەکان هەیە و ئەگەر بزانێت دیسانەوە لەگەڵ عێراقییەکاندا تووشی شەڕ دەبێتەوە، وەکو جاران بۆ بەدەستهێنانی پارە و چەك پێویستییەکانی ڕوودەکاتەوە ئێران. تا ئەو کاتەی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و عێراق ئاڵۆز بن. ئەگەری ئەوە هەیە ئێران داواکانی بارزانی قبوڵ بکات"[1]. وەك لە بەڵگەنامەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە، بەهۆی ئەوەی بارزانی متمانەی تەواوی بە حکومەتی عێراق نەبووە، کە بەڵێنەکانی دەباتە سەر و دەقی ڕێککەوتننامەکە جێبەجێ دەکات، بۆیە بە تەواوەتی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێراندا نەپچڕاندووە، تا بتوانێت لەکاتی پێویستدا دووبارە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەو وڵاتە توندوتۆڵ بکاتەوە و سوودی لێ ببینێت.

دوای بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی ١١ی ئاداریش مستەفا بارزانی بەتەنگ ئەوەوە بوو، کە بڕگەکانی نێو بەیاننامەکە جێبەجێ بکرێن و بە هەوڵی هەموو لایەك بەسەر کۆسپ و تەگەرەکاندا زاڵ بن. ئەم نیازەشی لە چەندین شوێندا دووپات کردووەتەوە. بەتایبەتی لەو نامانەی، کە بۆ بەرپرسانی عێراقی ناردوون. بۆ نموونە لە ٣ی شوباتی ١٩٧١ دا لە دەقی نامەیەکیدا بۆ سەدام حوسێنی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش جەختی لەمە کردووەتەوە. لە بەشێکی نامەکەدا هاتووە: "من دەمەوێ ئەوەتان بۆ دووپات بکەمەوە کە ئێمە هەر لەسەر بەڵێنی خۆمانین لە بارەی پێویستیی هەوڵ و تەقەلادان بۆ ئەوەی بەیاننامەکە بە واقیعێکی کرداری لەنێو چوارچێوەی بەرژەوەندی گشتی و پێوەندیی برایانەی هەردوو نەتەوەی عارەب و کوردی برا جێبەجێ بکەین و لە ئێوە و ئەوانەی لەگەڵتانن و لە زیاتر لە گشت برا بەرپرسەکانمان زۆرتر و لە سەرووی هەمووشیانەوە سەرۆکی بەڕێز، لە هەموو بوارێکەوە بەدەنگەوە هاتنمان چاو پێکەوت، بەڵام هەروەك پێشبینیمان دەکرد تووشی گەلێك کۆسپ و گیروگرفت هاتین کە ڕێگەیان لە پیادەکردنی بەیاننامەکە بینی بۆ هەڵتەکاندنی, وەك ئەوەی بەسەر ئۆتۆمبێلەکەی ئیدریسی کوڕم هات[2]، ئەنجامدانی

---

[1] شەریف عەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣.

[2] لە کاتژمێر ١٢ی شەوی ٦/٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٠ دا لە بۆسەیەکدا لەبەردەم میوانخانەی (ئۆپێرا) لە شاری بەغدا دەستدرێژی گوللە کرایە سەر ئۆتۆمبێلی ئیدریس بارزانی، لە ئەنجامدا ئەوانەی لە ئۆتۆمبێلەکە بوون، کە بریتی بوون لە هەریەك لە حەمید بەرواری و حوسێن کاوانی بریندار بوون. پیلانەکە لەلایەن نازم گزاری بەڕێوەبەری گشتی ئەمن داڕێژرابوو بۆ تیرۆرکردنی ئیدرس بارزانی، بەڵام ئەو

ڕێکـاری تونـد دەرهەق بە هەمـوو ئەو کەسـانەی تەگەرە دەخەنە پـێش جێبەجێکردنـی بەیاننامەکەوە یان پیلان دەگێڕن بۆ سەر پەوەندیی دۆستایەتی و هاوکاریی نێوان گەلەکەمان و حزبەکەمان، ئەرکێکە لەسـەر شـانی هەموومـان و ئـێمە بڕوامـان بە بڕیاردانیـان هەیە لەم ئاراستەیەدا بەتایبەتیش ئێوە خۆتان، سەرەڕای ئەو ئاستەنگانەی لەم بوارەدا تووشیان دێـن و لەبەر کـاریگەریی پاشـماوەی پێشـووی هەنـدێك دامودەزگـا و گەلێـك هـۆی تـریش. ئەوەی هەمیشە گرینگە، بوونی نیازپاکی و بڕوا بەیەکترکـردن و بڕیـاردان بـۆ جێبەجێکردنـی ئەوەی لەسەری ڕێککەوتبووین، پشتگیرییەکی بەکۆمەڵی لەلایەن هەموو ڕۆڵەکانی گەلـی عێـراقمان بینی. ئەی برا با ئێوە ئەوەش بزانن. ئێمە لەم ڕووەوە هیچ درێغییەك ناکەین و هیوامان وایە ئەرکـی هەموومـان یەك بگـرێ لەپێنـاوی نەهێشـتنی شـتە سـلبییەکان و دۆزیـنەوەی کەشـوهەوایەکی ئیجابییـانەی ئـاوات بۆخـوازراو کە بتـوانین لەڕێـی ئەوەوە هەمـوو گیروگرفتەکـان چارەسـەر بکەیـن و کۆسـپەکان لابـدەین, نەك تەنیـا هەر ئەمەش، بگـرە بەشێوەیەکی کتوپڕ لە ناوەوە و دەرەوە چارەسەری ئەو تەنگـژانە بکەیـن کە دروسـت کـران بەشێوەیەك کە پاڵێکی تـازە و تونـد بە هەوڵ و تەقەلایەکانمـانەوە بنێـت بـۆ جێبەجێکردنـی بەیاننامەکە و، ئەمەش کارێکە بەتەواوەتی هەموو حیساب و خەیاڵێکیان ژێرەوژوور دەکـات و هەڵیـانی دەگێـڕێتەوە، وەك ئەو چارەسـەری تەنگـژەی کردمـان کە ویسـتیان لە کۆتـایی گفتوگۆکەدا، لەپێش بەیاننامەی ئادار دروستی بکەن و ئێمە هەڵمان گێڕایەوە بـۆ سـەرکەوتن و جاڕدانی لەپڕی بەیاننامە مێژووییەکە"[1].

---

لەناو ئۆتۆمبێلەکە نەبووە و پێشتر بەغدای بەرەو کوردستان جێهێشـتبوو. بـۆ پـتر زانیـاری بـڕوانە: کـاروان جوهر محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٧-١٦٨.

[1] مسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کـورد، بەرگـی سـێیەم، بەشـی یەکەم ١٩٦١-١٩٧٥، ل٤٥٧-٤٥٨.

## ئەنجامەکان

١- مەلا مستەفا بارزانی وەك سەرکردە و خەباتگێڕێکی کورد لە چەندین بەڵگەنامەی فەرمی و نهێنی حکومەتی عێراقدا ناوی هاتووە، بەتایبەتی لەماوەی شۆڕشی ئەیلوولدا، کە ڕێبەرایەتی شۆڕشەکەی کردووە. هەندێك لەو زانیارییانەی نێو بەڵگەنامەکان، کە لەلایەن دەزگا ئەمنی و سەربازی و یەکە کارگێڕییەکانەوە نووسراون، ورد و دروست نین و هەڵەی زەقیان تێدایە.

٢- لە بەڵگەنامەکاندا لەلایەن دامودەزگاکانی حکومەتەوە بە وردی چاودێری و بەدواداچوون بۆ جووڵە و چالاکییەکانی مستەفا بارزانی کراوە. ئاماژە بە شوێنی مانەوە و بارەگای تایبەتی و گواستنەوەی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە و ژمارەی ئەو پێشمەرگانەی، کە لەگەڵیدا بووە کراوە. ئەو چاودێرییە لەکاتی ئاشتی و شەڕدا بەردەوام بووە.

٣- پەیوەندییەکانی نێوان کۆمەڵەی (عەزیز ئەلحاج)ی جیابووەوەی حزبی شیوعی و بارزانی لە ساڵی ١٩٦٨ لە بەڵگەنامەکاندا بە بایەخەوە باسی لێوەکراوە، کە کۆمەڵەی نێوبراو لە گفتوگۆکانی لەگەڵ بارزانی هەوڵیداوە خەباتی سیاسی باشووری عێراق بە کوردستان ببەستێتەوە و بەیەکەوە کاربکەن بۆ ڕووخانی حکومەت. هەروەها ئەو کۆمەڵەیەش کاریگەری لەسەر زیاتر تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول و حکومەت هەبووە.

٤- لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی عێراقدا بە بایەخەوە باس لە هەندێك لایەنی پەیوەندییە دەرەکییەکانی مستەفا بارزانی کراوە. لەوانەش پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران و ئەمریکا و ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، کە هەندێك لەو زانیارییانە هەڵەیان تێدایە، بەتایبەتی سەبارەت بە پەیوەندییەکانی بارزانی و ئەمریکا، کە باس لەوە کراوە، لە ساڵی ١٩٦٨ ئەمریکا هاوکاری ماددی بۆ بارزانی ناردووە، ئەمە لەکاتێکدا لە ساڵی ١٩٧٢ دا بووە.

٥- زانیاری نێو بەڵگەنامەکان ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە، کە مستەفا بارزانی ڕاستەوخۆ خۆی سەرپەرشتی و سەرکردایەتی بەرەکانی شەڕی کردووە و ئەمەش بە بایەخەوە لەلایەن دەزگا حکومییەکان باسی لێوەکراوە. بەتایبەتی شەڕەکانی ساڵی ١٩٦٢ و شەڕی (هەندرێن)ی ساڵی ١٩٦٦.

٦- ژمارەیەك بەڵگەنامەی حکوومی بە گرنگییەوە باسیان لە کۆنگرەی حەوتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە، کە لەماوەی نێوان ١٥-٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩٦٦ بە ئامادەبوونی بارزانی لە گەڵاڵە بەستراوە. هەرچەندە بەڵگەنامەکان هەندێك زانیاری هەڵەیان تێدایە، بەتایبەتی لەبارەی ڕێککەوتی کۆنگرەکە و ئامادەنەبوونی بارزانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وردەکارییان لەبارەی ئامانج و ئەنجام و بەشداربووانی کۆنگرەکە تێدایە.

٧- لە بەڵگەنامەکاندا بەڕوونی ئەوە بەدەردەکەوێت، کە مستەفا بارزانی پابەند بووە بەو ئاگربەست و ڕێککەوتنانەی، کە لەگەڵ حکومەتی عێراقدا مۆری کردووە، وەك ڕێککەوتنی ١٠ی شوباتی ١٩٦٤ و ڕێککەوتنی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ و ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠. تەنانەت ئەو هەوڵانەشی فەرامۆشکردووە، کە ویستویانە لە بەرامبەر پێدانی پارە لە ڕێککەوتنەکان پاشگەز بێتەوە، وەك ئەوەی ئێران لە بەرامبەر پاشگەزبوونەوەی بارزانی لە ڕێککەوتنی ١١ی ئاداردا بەڵێنی پێداوە. هەروەها نیگەرانی خۆشی لە پابەندنەبوونی حکومەت بە ڕێککەوتنەکان دەربڕیوە.

# لیستی سەرچاوەکان

## ١-بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکان:

- متصرفية لواء الموصل, سري, الموضوع: حول مكاتيب الملا مصطفى, الرقم/ ٥/٦٦٥, في تاريخ ١١/ ١٠/ ١٩٤٧.

- كتاب مديرية شرطة لواء اربيل/ التحرير الى متصرف لواء اربيل, سري, الموضوع: مكاتيب الملا مصطفى، العدد/ ٤٠٦, في تاريخ ١١/ ١٠/ ١٩٤٧.

- كتاب متصرفية لواء اربيل/ قلم التحريرات الى والي حكاري, الموضوع: البارزانيون, العدد/ ٦٣٩, في تاريخ ٢٢/ ١٠/ ١٩٤٧.

- حكارى ويلايتى/ امنيت مديرلكى، ئوزەت: گنگەجين دەطوتولديفى بلديريلين اوتوز شخص حضرة, نمرة/ ١/ ١٩١٦, تاريه/ ٢٢/ ١١/ ١٩٤٧.

- كتاب قائمقامية قضاء راوندز الى متصرفية لواء اربيل, سري, الموضوع: اخبار الحدود, العدد/٨٨/٢, في تاريخ ٤/١٨/ ١٩٤٨.

- كتاب قائمقائمية قضاء راوندز/ التحريرات الى مدير ناحية برادوست، سري للغاية, الموضوع: البارزانيين, العدد/ ٤/١٤٣, في تاريخ ١٠/ ٦/ ١٩٤٨.

- كتاب متصرفية لواء اربيل الى وزارة الداخلية, سري, الموضوع: اخبار الحدود, العدد/ ٢٩٦, في تاريخ/ ٦/١٠/ ١٩٤٨.

- مديرية شرطة لواء اربيل, سري, الموضوع: اخبار الحدود, العدد/ ٤٩٦, في تاريخ/ ٦/١٤/ ١٩٤٨.

- عريضة عبدالله محمد صديق ومجيد ابراهيم البارزانيين الى متصرف لواء اربيل، الرقم/ ٢٥٢٧، في تاريخ ٢٥/ ٢/ ١٩٥٧.

- لاسلكية من امن اربيل الى امن الموصل, سريات, العدد/ ١٩٥٤, في تاريخ ٢/ ٧/ ١٩٥٧.

- متصرفية لواء اربيل, قلم التحريرات, سري, الموضوع: محمد صديق الشيخ محمد وعزيز اسماعيل البارزانيين، العدد/ ٤٤٠/ ٢٤، في تاريخ ٢٦/ ٨/ ١٩٥٧.

- وزارة الداخلية شعبة المخابرات السرية/ بغداد, سري, الموضوع: محمد صديق الشيخ محمد وعزيز اسماعيل البارزانيين، العدد/ ق.س/ ٢٥٧٨، في تاريخ ٣١/ ٨/ ١٩٥٧.

- لاسلكية من امن اربيل الى شرطة المصيف وشقلاوة ورواندز وبارزان, رقم المنشيء/ ٧٠٦، في تاريخ ٢/١٦/ ١٩٦١.

- كتاب مديرية شرطة لواء اربيل الى متصرف لواء اربيل, , سري, الموضوع: الملا مصطفى البارزاني, العدد/ ٣١٨, في تاريخ ٢/١٨/ ١٩٦١.

- معاون امن اربيل، برقية سرية وفورية الى متصرف لواء اربيل، بدون رقم، في تاريخ ٥/٢٩/ ١٩٦٢.

- لاسلكية من شرطة اربيل الى متصرف اربيل, العدد/ ١٩٠٥، في تاريخ ٥/٣١/ ١٩٦٢.

- كتاب شرطة لواء اربيل الى متصرف لواء اربيل, الموضوع: الموقف الصباحي ليوم ٦/٢١, العدد/ ٢١٩١، في تاريخ ٢١/ ٦/ ١٩٦٢.

- كتاب وزارة الخارجية العراقية, سرى للغايه ومستعجل، الموضوع: افساح السلطات الايرانية المجال للمتمردين بالدخول الى الاراضي الايرانية, العدد/ ٤/٥٣٠، في تاريخ ٧/٢١/ ١٩٦٢.

- برقية قائمقام رواندز الى متصرف اربيل, الرقم/ ٥٠٩٨، في تاريخ ١١/١٧/ ١٩٦٢.

- برقية متصرف اربيل الى وزارة الداخلية/ الفيلق الثاني,الموضوع: الموقف حتى الساعة ٢٢٠٠ ليوم ١٢/٤, العدد/ ٤٠٣٥, في تاريخ ١٢/٤/ ١٩٦٢.

- برقية معاون امن اربيل الى متصرف اربيل, بدون رقم، في تاريخ ٤/ ١٢/ ١٩٦٢.

- لاسلكية من امن شقلاوة الى قائمقام قضاء شقلاوة، العدد/ ٨٩٥، في تاريخ ١٢/١٣/ ١٩٦٢.

- كتاب الامن العامة, مديرية امن منطقة كركوك الى قيادة الفرقة الثانية, سري للغاية ومستعجل, الموضوع: شقلاوة, الرقم/ ٨٤٦٤، في تاريخ ١٢/٢٠/ ١٩٦٢.

- كتاب مديرية شرطة لواء اربيل الى متصرفية لواء اربيل,سري, الموضوع: مواقف الشمال, العدد/ ٢٩/ ٣٦٧٧, في تاريخ ٩/٦/ ١٩٦٤.

- كتاب متصرفية لواء اربيل الى قيادة الفرقة الثانية,سري للغاية, الموضوع: التقرير نصف الاسبوعي لغاية ٩/٧/ ١٩٦٤, العدد/ ٣.م. ٢٧١٥، في تاريخ ٩/٩/ ١٩٦٤.

- كتاب مديرية شرطة لواء اربيل/ القلم السرى الى متصرفية لواء اربيل, سري, الموضوع: مواقف الشمال, العدد/ ٣٧٢٤، في تاريخ ٩/١٠/ ١٩٦٤.

- كتاب وزارة الداخلية, مديرية المخابرات السرية والسياسية الى الحاكم العسكري العام, سري, الموضوع: طلب اطلاق سراح بعض الموقوفين, الرقم/ ق.س/ ١٠٥٨٩, في تاريخ ٢٤/ ١٢/ ١٩٦٤.

- كتاب مديرية امن لواء اربيل/ القلم السري الى متصرف لواء اربيل, سري وشخصي, الموضوع: معلومات, الرقم/ ٢٦٠, في تاريخ ٣/٧/ ١٩٦٥.

- كتاب متصرفية لواء اربيل/ قلم السر الى وزارة الداخلية, سري للغاية وشخصي, الموضوع: معلومات عن المتمردين, العدد/ ق. س. ٥٠٢، في تاريخ ١٣/ ٣/ ١٩٦٥.

- كتاب متصرفية لواء اربيل الى وزارة الداخلية, سري للغاية, الموضوع: معلومات, العدد/ ٣٢٩, في تاريخ ٢/٢٠/ ١٩٦٦.

- لاسلكية مديرية امن لواء اربيل الى متصرفية اربيل وامن عام بغداد, العدد/ ٥٠٦، في تاريخ ٦/٣٠/ ١٩٦٦.

- كتاب مديرية امن لواء اربيل/ القلم السري الى معاون امن بلدة اربيل و معاون امن بلدة راوندوز و معاون امن بلدة كويسنجق و مفوض امن شقلاوة, سري للغاية ومستعجل, الموضوع: تقص معلومات, العدد/ ٥١٤، في تاريخ ٧/٥/ ١٩٦٦.

- كتاب مديرية امن لواء اربيل/ السريات الى متصرف لواء اربيل, سري وشخصي, الموضوع: التصرفات, العدد/ ٥١٦، في تاريخ ٧/٨/ ١٩٦٦.

- كتاب مديرية امن لواء اربيل, القلم السري الى متصرفية لواء اربيل, سري للغاية, الموضوع: معلومات, العدد/ ٧٣٣، في تاريخ ١١/٢١/ ١٩٦٦.

- كتاب متصرفية لواء اربيل الى وزارة الداخلية/ المخابرات السرية والسياسية/٣, سري للغاية, الموضوع: معلومات عن المؤتمر, الرقم/ ق. س. اللجنة.ع/ ٢٢٣٨، في تاريخ ١١/٢٤/ ١٩٦٦.

- كتاب متصرفية لواء اربيل الى وزارة الداخلية/ المخابرات السرية والسياسية/٣, سري للغاية, الموضوع: معلومات عن المؤتمر, الرقم/ ق. س. اللجنة.ع/ ٢٢٧٨، في تاريخ ١١/٢٨/ ١٩٦٦.

- كتاب مديرية امن اربيل الى متصرف اربيل, سري و شخصي, الموضوع: تحري معلومات, العدد/ ٥٧٢, في تاريخ ٦/٧/ ١٩٦٧.

- متصرفية لواء اربيل, قلم السر, برقية لاسلكية, العدد/ ق.س/ ٣٠/ بلا, في تاريخ ٣/١٣/ ١٩٦٨.

- كتاب مركز استخبارات اربيل الى منظومة استخبارات المنطقة الشمالية, سري وشخصي وعلى الفور, الموضوع: التقرير الاسبوعي للفترة من ٥/١٠ لغاية ١٧/ منه, العدد/ ٣/ ١٢٧، في تاريخ ٥/١٧/ ١٩٦٨.

- كتاب مديرية امن لواء اربيل/السريات الى متصرفية لواء اربيل, سري وشخصي, الموضوع: معلومات, العدد/ ٥٦٣, في تاريخ ٣١/ ٥/ ١٩٦٨.

- كتاب متصرفية لواء اربيل الى وزارة الداخلية-مديرية المخابرات السرية والسياسية/٣, سري للغاية وشخصي, الموضوع: معلومات, العدد/ ق.س/ ١٨/ ٨٧٧، في تاريخ ٦/١/ ١٩٦٨.

- كتاب متصرفية لواء اربيل الى وزارة الداخلية, سري للغاية وشخصي, الموضوع: اجتماع, الرقم/ ق.س/ ١٨/ ٧٩٠، في تاريخ ٦/١٧/ ١٩٦٨.

- كتاب متصرفية لواء اربيل/ قلم السر الى وزارة الداخلية/ مديرية المخابرات السرية والسياسية/٣, سري وشخصي, الموضوع: معلومات, الرقم/ ق. س. ١٨/ ٨٥١، في تاريخ ٢٦/ ٦/ ١٩٦٨.

- كتاب متصرفية لواء اربيل الى وزارة الداخلية-مديرية المخابرات السرية والسياسية/٣,سري للغاية وشخصي, الموضوع: معلومات, العدد/ ق.س/ ١٨/ ٨٥٣, في تاريخ ٦/٢٦/ ١٩٦٨.

- كتاب مديرية امن لواء اربيل, السريات الى متصرفية لواء اربيل, سري للغاية وشخصي, الموضوع: معلومات, العدد/ ٧٢٥, في تاريخ ٢٧/ ٦/ ١٩٦٨.

- كتاب مديرية امن لواء اربيل الى مديرية الامن العامة/ش٣, سري وشخصي, الموضوع: الرأي العام, العدد/ ٧٦٤, في تاريخ ٧/٢/ ١٩٦٨.

- كتاب مديرية امن لواء اربيل الى متصرفية لواء اربيل, سري للغاية وشخصي, الموضوع: اجتماع, العدد/ ٧٩١, في تاريخ ٧/٧/ ١٩٦٨.

- كتاب متصرفية لواء اربيل الى وزارة الداخلية-مديرية المخابرات السرية والسياسية/٣, سري للغاية وشخصي, الموضوع: معلومات, العدد/ق.س/ ٩١٠. في تاريخ ٧/٩/ ١٩٦٨.

- كتاب مديرية امن لواء اربيل/ السريات الى متصرفية لواء اربيل, سري للغاية وشخصي, الموضوع: معلومات, العدد/ ٨٠٦, في تاريخ ٧/١٠/ ١٩٦٨.

- قيادة الفرقة الاولى, الاركان العامة, سري للغاية, الموضوع: نشرة الاستخبارات, الرقم/ ١س/ ٣/ ١٢٢١, في تاريخ ٨/١/ ١٩٦٨.

- كتاب مديرية امن لواء اربيل/ السريات الى متصرفية لواء اربيل, الموضوع: بيان اتحاد طلبة كردستان, سري وشخصي, العدد/ ١٠٢٠، في تاريخ ٨/٣٠/ ١٩٦٨.

- الامن العامة, مديرية امن محافظة اربيل, برقية سرية من المقدم عبدالجبار الدليمي الى محافظة اربيل والفيلق الاول, رقم المنشىء/ ١٧٨، فی تاريخ ١/٢٨/ ١٩٧٠.

- الامن العامة, مديرية امن محافظة اربيل, برقية سرية من المقدم عبدالجبار الدليمي الى محافظة اربيل والفيلق الاول, رقم المنشىء/ ١٩٥، في تاريخ ١/٣١/ ١٩٧٠.

- الامن العامة, مديرية امن محافظة اربيل, كتاب مدير امن اربيل المقدم عبدالجبار الدليمي الى محافظة اربيل, سري, الموضوع: معلومات, العدد/ ٢٠١، فی تاريخ ٢/١/ ١٩٧٠.

- الامن العامة, مديرية امن محافظة اربيل, برقية سرية من المقدم عبدالجبار الدليمي الى محافظة اربيل والفيلق الاول, رقم المنشىء/ ٢٠٥، في تاريخ ٢/١/ ١٩٧٠.

- محافظة اربيل, قلم السر، برقية سرية وفورية للغاية من خالد عبدالحليم محافظ اربيل الى السيد رئيس الجمهورية المحترم، العدد/ ق.س/١٨/ ٤٣٢، في تاريخ ٣/١١/ ١٩٧٠.

- مديرية امن اربيل, برقية سرية وفورية الى فق١ و فق٢ و محافظة اربيل, رقم المنشيء/ ٤٩١، في تاريخ ٣/٣٠/ ١٩٧٠.

## ٢- کتێبەکان:

### أ/ بە زمانی کوردی

- ئاری فاروق نانەکەلی، دامەزراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول لە نێوان ساڵانی ١٩٦١-١٩٧٥، هەولێر، ٢٠١٦.

- بورهان حاتەم گۆمەتاڵی، ساڵح حەیدەری ١٩٢٢-٢٠٠١ رۆڵی سیاسیی و رووناکبیریی، هەولێر، ٢٠١٢.

- پاول سیشمەن و د. خۆشەوی مەلا ئیبراهیم، لەژێر ئاڵای کوردستاندا/ ژیان و ڕێبازی مەلا مستەفا بارزانی، وەرگێڕانی: ئەردەلان گۆران، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١٤.

- رەفیق ڕەحمان مام خول، مستەفا بارزانی ژیان و ڕۆڵ و هەڵوێستی لە پێشهاتە سیاسییەکاندا ١٩٥٨-١٩٧٠، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٢.

- ڕێباز دلاوەر عومەر، پێگەی باڵەکایەتی لە شۆڕشی ئەیلوولدا ١٩٦١-١٩٧٥، دهۆك، ٢٠٢١.

- سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر، حزبی شیوعیی عیراق و مەسەلەی کورد (١٩٣٤-١٩٧٥) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی- سیاسییە، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٩.

- سەعید ناکام، بیرەوەرییەکانی سەعید ناکام، هەولێر، ٢٠٠٣.

- شوان محەمەد ئەمین تەها خۆشناو، هەولێر لەنێوان ساڵانی ١٩٦٣-١٩٧٠ لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە لە بارودۆخی سیاسیی، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، ٢٠١٦.

- عەبدوڵڵا ئاگرین (دکتۆر)، لاپەڕەیەکی گەش لە مێژووی کاژیك (بیرەوەری و دیکیۆمێنت)، بەشی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٣.

- فەرەیدوون عەبدولڕەحیم عەبدوڵڵا، بارودۆخی سیاسیی کوردستان-عێراق ١١ی مارتی ١٩٧٠-١١ی مارتی ١٩٧٤، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٨.

- کاروان جوهر محمد، ئیدریس بارزانی ١٩٤٤-١٩٧٨ ژیان و ڕۆڵی سیاسی و سەربازی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا/ توێژینەوەیەکی مێژووییە، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٩.

- کورد لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی بریتانیادا ١٩٦٦-١٩٧٩، بەرگی یەکەم، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: محەمەد مستەفا قەرەداغی، پێداچوونەوەی: بەختیار شێخ مستەفا، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای دواڕۆژ بۆ ڕووناکبیری و ڕاگەیاندن، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٧.

- محەمەد مەلا قادر، سەربوردەی نەمران، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٤.

- مستەفا محەمەد کەریم (دکتۆر)، پێشهاتە سیاسییەکانی دەڤەری بارزان لە ماوەی ساڵانی ١٩٠٢-١٩٣٢، لە بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، چاپخانەی ڕۆکسانا، هەولێر، ٢٠٢٢.

- مسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم ١٩٦١-١٩٧٥، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤.

- مسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی یەکەم ١٩٣١-١٩٥٨، هەولێر، ٢٠١٢.

**ب/ بە زمانی عەرەبی:**


- ثمينة ناجي يوسف و نزار خالد، سلام عادل "سيره مناضل"، ج١-٢، دمشق، ٢٠٠١.

- جمال بابان، اعلام الكورد، الجزء الثاني, مطبعة روون, السليمانية, ٢٠٠٩.

- حبيب محمد كريم، صفحات من نضال الشعب الكردى/ تاريخ مؤتمرات الحزب, اربيل، ١٩٩١.

- حبيب محمد كريم، تأريخ الحزب الديمقراطي الكوردستانى-العراق في محطات رئيسية ١٩٤٦-١٩٩٣، مطبعة خەبات، دهوك، ١٩٩٨.

- حيدر نجم عبد مراد، الاستراتيجية العسكرية  لثورة ايلول ١٩٦١-١٩٧٠ دراسة ركن, راجعه وصححه: د. ازاد سالم محمد, دهوك, ٢٠٢١.

- حيدر نجم عبد مراد (المقدم الركن)، معجم ضباط ثورة أيلول ١٩٦١-١٩٧٥, راجعه وصححه: د. ازاد سالم محمد, دهوك, ٢٠٢١.

- زينب عبدالحسن الزهيرى (الدكتورة)، عبدالرحمان العارف ودوره السياسي في العراق ١٩٦٦-١٩٦٨، دار أسامة للنشر والتوزيع, عمان, ٢٠١٢.

- شيرزاد زكريا محمد، الحركة القومية الكوردية في كوردستان العراق ٨ شباط ١٩٦٣-١٧ تموز ١٩٦٨، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠٦.

- صلاح الخرسان، صفحات من تاريخ العراق السياسي الحديث (الحركات الماركسية ١٩٢٠-١٩٩٠), مؤسسة العارف للمطبوعات, بيروت، ٢٠٠١.

- عادل تقي عبد محمد البلداوي (الدكتور), نضال الشعب الكوردي وموقع البارزاني في الوثائق العراقية السرية, تقديم ومراجعة: د. عبدالفتاح علي البوتاني, دهوك, ٢٠٢١.

- عبدالفتاح علي البوتاني (الدكتور), موقف الاحزاب السياسية العراقية من القضية الكوردية ١٩٤٦-١٩٧٠, مطبعة خانى, دهوك, ٢٠٠٧.

- عبدالفتاح علي البوتاني (الدكتور) و شيرزاد زكريا محمد، اتفاقية ١٠ شباط ١٩٦٤ بين الحكومة العراقية وقيادة الثورة الكوردية (الأسباب والنتائج) دراسة تاريخية وثائقية، مطبعة جامعة دهوك، دهوك، ٢٠١٣.

- عصمت شريف وانلى، كردستان العراقية هوية وطنية (دراسة في ثورة ١٩٦١), ترجمة: د. سعاد محمد خضر, مطبعة شڤان, السليمانية، ٢٠١٢.

- كاظم حبيب (الدكتور), لمحات من عراق القرن العشرين/ العراق في العهد الجمهوري نهوض وسقوط الجمهورية الرابعة في العراق الجزء الاول, نهوض الجمهوية الرابعة ١٩٦٨-١٩٨٠, الكتاب الثامن, دار اراس للطباعة والنشر, اربيل, ٢٠١٣.

- ماريانا خاروداكي, الكرد والسياسة الخارجية الامريكية/ العلاقات الدولية في الشرق الاوسط منذ ١٩٤٥, ترجمة: خليل الجيوسي, دار الفارابي- بيروت- لبنان, دار اراس للطباعة والنشر اربيل, ٢٠١٣.

- محمد كريم مهدي المشهداني (الدكتور), عبدالرحمان البزاز دوره الفكري والسياسي في العراق حتى ثورة ١٧ تموز ١٩٦٨, مراجعة: د. جعفر عباس حميدي حسن, مكتبة اليقظة العربية, بغداد, ٢٠٠٢.

- محمود الدرة, القضية الكردية, ط٢, منشورات دار الطليعة, بيروت, ١٩٦٦.

- مهدي محمد قادر (الدكتور)، دراسات فى تاريخ أربيل المعاصر، مكتب التفسير للطبع والنشر, اربيل، ٢٠١٩.

### ٣- وتار و توێژینەوەکان:

### أ/ بە زمانی کوردی:

- عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی (دکتۆر)، باڵیۆزی بارزانی لە کۆماری عێراقدا، وتارێکە لە چوارچێوەی کتێبی (کۆنگرەی یادەوەریی سەد ساڵەی بارزانی نەمر)، بەشی یەکەم، ئامادەکردن و سەرپەرشتی: مومتاز حەیدەری و د. کوردستان موکریانی و د. دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣.

- کەریم شارەزا، ئەفسەری نیشتمانپەروەری خەباتگێڕی کورد لیوا عەبدولڕەحمان قازی ١٩١٤-١٩٧٩، وتارێکە لە چوارچێوەی کتێبی: قامووسی ناوە نەمرەکان، بەرگی یەکەم، ئامادەکردن و سەرپەرشتی: مومتاز حەیدەری و هێرش سنجاوی-کاروان قاسم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٤.

- کەریم شارەزا، تێکۆشەری کوردپەروەر عومەر دەبابە ١٩٢٣-١٩٩٢، وتارێکە لە چوارچێوەی کتێبی: قامووسی ناوە نەمرەکان.

- کەریم شارەزا، تێکۆشەری کوردپەروەری شۆڕشگێڕ ئەسعد خۆشەوی ١٩١٨-١٩٧٨، وتارێکە لە چوارچێوەی کتێبی: قامووسی ناوە نەمرەکان.

- کەریم شارەزا، سیاسەتمەداری کورد شەهید سامی عەبدولڕەحمان ١٩٣٣-٢٠٠٤، وتارێکە لە چوارچێوەی کتێبی: قامووسی ناوە نەمرەکان.

**ب/ بە زمانی عەرەبی:**

- كريمشارەزا،معاعلامالكرد (المناضلالوطنيالاستاذنوريشاوەيس)، (خەبات) "جريدة"،العدد (١٠٠٢)، ١٧/ ١١/ ٢٠٠٠.

- نهاد طالب عويد، الموقف السوفيتي من القضية الكردية في العراق ١٩٦٨-١٩٧٥, مجلة العلوم الانسانية والطبيعية, المجلد (١)، العدد (٦)، ديسمبر ٢٠٢٠.

- هند علي حسن (الدكتورة) و وداد جابر غازي, جعفر بشوري ودوره السياسي في ايران حتى عام ١٩٤٦, مجلة مداد الاداب, العدد (٢٣)، ٢٠٠٧.

**٤- سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان:**

- الموقع الالكترونى(وكيبيديا)/ تاريخ الزيارة/ ٢٣/ ١/ ٢٠٢٢:
https://ar.wikipedia.org/wiki/%D٩%٨٦%D٩%٨٧%D٨%B١_%D٨%A٢%D٨%B١%D٨%A٧%D٨%B٣

- الموقع الالكترونى(الحوار المتمدن)/ تاريخ الزيارة ١٩/١/ ٢٠٢٢:

https://www.ahewar.org/m.asp?i=٧١

- الموقع الالكترونى (الكاردينيا)، تاريخ الزياره/ ٨/ ٣/ ٢٠٢٢:

https://www.algardenia.com/٢٠١٤-٠٤-٠٤-١٩-٥٢-٢٠/menouats-٢/٣٥٥٩١-٢٠١٨-٠٥-٢٥-١٩-٣٣-٢٠.html

- الموقع الالكتروني (الجزيرة نت)، نيوزويك .. نجمة المجلات الاميركية/ تاريخ الزيـارة/ ٢٣/ ٤/ ٢٠٢٢:

https://www.aljazeera.net/encyclopedia/organizationsandstructures/٢٠١٦/٢/٨/
%D٩٪٨٦٪D٩٪٨A%D٩٪٨٨٪D٨٪B٢٪D٩٪٨٨٪D٩٪٨A%D٩٪٨٣-
%D٩٪٨٦٪D٨٪AC%D٩٪٨٥٪D٨٪A٩-
%D٨٪A٧٪D٩٪٨٤٪D٩٪٨٥٪D٨٪AC%D٩٪٨٤٪D٨٪A٧٪D٨٪AA-
%D٨٪A٧٪D٩٪٨٤٪D٨٪A٣٪D٩٪٨٥٪D٩٪٨A%D٨٪B١٪D٩٪٨٣٪D٩٪٨A%D٨٪A٩

- الموقـــع الالكـــتروني (DW)/ ديـــر شـــبيغل/ تـــاريخ الزيـــارة/ ٢٣/ ٤/ ٢٠٢٢:
https://www.dw.com/ar/%D٨٪AF%D٩٪٨A%D٨٪B١-
%D٨٪B٤٪D٨٪A٨٪D٩٪٨A%D٨٪BA%D٩٪٨٤/t-٣٧٧٨٣٠١١

- پێگەی کوردیپیدیا/ ڕێککەوتی سەردان: ٩/ ٣/ ٢٠٢٢:

https://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=٢٠١٠٠٨٢٢٢٢٢٤٠٦٤٨٣٨&lng=٢٥

- الموقـــــع الالكترونی(وكيبيـــــديا)/ تـــــاريخ الزيـــــارة/ ١٧/ ٣/ ٢٠٢٢:
https://ckb.wikipedia.org/wiki/%D٩٪٨٥٪DB٪٩٥٪D٨٪AD%D٩٪٨٥٪D٩٪٨٨٪D٩٪
٨٨٪D٨٪AF_%D٨٪B٩٪D٩٪٨٨٪D٨٪B٣٪D٩٪٨٥٪D٨٪A٧٪D٩٪٨٦

- - الموقـع الالكترونـی الحـزب الـديمقراطي الكوردسـتاني, تـاريخ الزيـارة ٥/ ٥/ ٢٠٢٢:
https://www.kdp.info/a/d.aspx?l=١٤&a=٣٦٦٤٨

- الموقـــع الالكترونـــی شـــباب كـــورد، تـــاريخ الزيـــارة: ٥/٥/ ٢٠٢٢:
/https://shababkurd.wordpress.com/٢٠١٢/١٠/٢٤/berzani

- موقع القوانين والتشريعات العراقية، تاريخ الزيارة: ٨/ ٦/ ٢٠٢٢:

.http://wiki.dorar-aliraq.net/iraqilaws/law/٥٤٢٦.html

- موقع ويكيبيديا، تاريخ الزيارة: ٩/٦/ ٢٠٢٢:

https://ar.wikipedia.org/wiki/%D٨٪B٤٪D٨٪B١٪D٩٪٨٣٪D٨٪A٩_%D٨٪A٧٪D٩٪
٨٤٪D٩٪٨٦٪D٩٪٨١٪D٨٪B٧_%D٨٪A٧٪D٩٪٨٤٪D٩٪٨٨٪D٨٪B٧٪D٩٪٨٦٪D٩٪٨A%
D٨٪A٩_%D٨٪A٧٪D٩٪٨٤٪D٨٪B٩٪D٨٪B١٪D٨٪A٧٪D٩٪٨٢٪D٩٪٨A%D٨٪A٩#:~:

text=%D٨٪AA%D٩٪٨٥٪٢٠٪D٨٪AA%D٨٪A٣٪D٨٪B٣٪D٩٪٨A%D٨٪B٣٪٢٠٪D٨%B٤٪D٨٪B١٪D٩٪٨٣٪D٨٪A٩٪٢٠٪D٨٪A٧٪D٩٪٨٤٪D٩٪٨٦٪D٩٪٨١٪D٨٪B٧٪٢٠٪D٨٪A٧٪D٩٪٨٤٪D٨٪B٩٪D٨٪B١٪D٨٪A٧٪D٩٪٨٢٪D٩٪٨A%D٨٪A٩,%D٨٪A٧٪D٩٪٨٤٪D٩٪٨٨٪D٨٪B٧٪D٩٪٨٦٪D٩٪٨A%D٨٪A٩٪٢٠٪D٨٪A٧٪D٩٪٨٤٪D٨٪B٩٪D٨٪B١٪D٨٪A٧٪D٩٪٨٢٪D٩٪٨A%D٨٪A٩٪٢٠٪D٩٪٨١٪D٩٪٨A٪٢٠٪D٨٪B٩٪D٨٪A٧٪D٩٪٨٥٪٢٠١٩٦٤.

# پاشکۆی بەڵگەنامەکان

**پاشکۆی ژمارە (١)**

نووسراوی موتەسەڕیفییەتی لیوای هەولێر بۆ والی هەکاری

سەبارەت بە شوێنکەوتووانی بارزانی لە ٢٢/ ١٠/ ١٩٤٧

الحكومة العراقية

العدد ٦٢٩

دائرة متصرفية لواء اربيل

قلم التحريرات

التاريخ ٢٢/١٠/٩٤٧

الموضوع البارزانيون

سعادة والي حكاري المحترم

بالنظر لما اخبره الشخص المدعو حبيب بن بكر من اهالي قرية استوني الواقعة ضمن قضاء الزيبار و من جماعة حسين اغا سرتيب بانه في ١/١٠/٩٤٧ قد استخبر من احد افراد العشائر الايرانية بان ما يقرب الثلاثين شخصا من جماعة الملا مصطفى البارزاني قد هربوا من الاراضي الروسية نحوا لحدود العراقية بقصد الدخالة وعند وصولهم الاراضي التركية بالموقع المسمى (كنكجين) التركية قد قبض عليهم من قبل جنودكم و قد ذهبوا بهم الى جهة جوله ميرك فعليه نرجو التفضل باعلامنا بما لديكم عن هذا الخبر مع انبائنا بمصير هؤلاء الملتجئين في حالة تأيد صحته، وبهذه المناسبة تنتهز هذه المتصرفية للاعراب عن احتراماتها الفائقة "

متصرف لواء اربيل

صورة منه الى

وزارة الداخلية

ع ٠ ق متصرفية لواء الموصل — بالاشارة لكتابها المرقم ٢١٣٥٥ والمؤرخ في ١٦/١٠/٩٤٧

**حکومەتی عێراق**

**فەرمانگەی موتەسەڕیفییەتی هەولێر ژمارە/ ٦٣٩**

**خامەی نووسین ڕێککەوت/ ٢٢/ ١٠/ ١٩٤٧**

**بابەت: بارزانییەکان**

**بەڕێز والی هەکاری**

**بەگوێرەی ئەوەی کەسێك بەناوی حەبیبی کوڕی بەکر، کە خەڵکی گوندی ئەستونییە لە چوارچێوەی قەزای زێبار و لە کۆمەڵەی حوسێن ئاغای سەرتیپە هەواڵی داوە، کە لە ١/ ١٠/ ١٩٤٧ یەکێك لە ئەندامانی هۆزە ئێرانییەکان پێی ڕاگەیاندووە نزیکەی سی کەس لە کۆمەڵەی مەلا مستەفا بارزانی لە خاکی ڕوسیاوە بەرەو سنووری عێراق هەڵاتوون، کاتێك گەیشتوونەتە خاکی تورکیا لە شوێنێك، کە پێی دەگوترێت (گەنگەجین)ی تورکی، لەلایەن سەربازەکانی ئێوەوە دەستگیرکراون و بردراونەتە ناوچەی جۆڵەمێرگ، بۆیە داواتان لێدەکەین هەرچی هەواڵێکتان لەو بارەیەوە هەیە بفەرموون ئاگادارمان بکەنەوە. هەروەها ئەگەر هەواڵەکە ڕاست بوو لە چارەنووسی ئەو پەناهەدانە ئاگادارمان بکەنەوە. ئەم موتەسەڕیفییەتە ئەم بۆنەیە دەقۆزێتەوە بۆ ئەوەی ئەوپەڕی ڕێزتان بۆ دەرببڕێت.**

**ئیمزا**

**موتەسەڕیفی لیوای هەولێر**

**پاشکۆی ژمارە (٢)**

وەڵامی والی هەکاری بۆ موتەسەریفییەتی هەولێر

سەبارەت بە شوێنکەوتووانی بارزانی لە ٢٢/ ١١/ ١٩٤٧


حكارى ولايتى
امنيت مديرلكى

١/١٩١٦
٢٢/١١/٩٤٧

اربيل متصرفنه

گوزوت: گنگه‌جيه ده طوتولولنى سلديريلمه اوتوز شخص حقنده :

٢٢/١٠/٩٤٧ گون و (تحريرات) ٦٢٩ صايلى يازيمزه قارشيلقدر.
زيبار قضاسنك استونى كويندن ، بكراوغلى حبيب آدلى شخصك اخبارينه عطفا
ملا مصطفى آدملرندن اوتوز كيشينك (گنگه‌جيه) ده عسكرلرمز طرفندن ياقالاندقلرى
اولاسى خبرى اصلسز اولماما بيلير .. فقط تماماله ياكلشدر . بردفعه گنگه‌جيه
كوى وموقعى طوپراقلرمزده اولمايوب ايران اراضيسى داخلنده در . صوك زمانلرده
ايرانه دولت قوتلرى گنگه‌جيه كوينه قدر ايلرلمشلردر ، بو اوتوز كيشيلك عددين
بو قوت طرفندن ياقالاندقلرى اولاسى احتمال داخلنده در ، طوپراقلرمزده بو جهتك
برابلگيسى يوقدر ، بيلگيلريكزى رجا ايدرم . بالوسيله صايغيلريمى صونارم

حكارى واليسى
(جاهد اورتاج)

**ویلایەتی هەکاری ژمارە/ ١٩١٦**

**بەڕێوەبەرایەتی ئەمن ڕێککەوت/ ٢٢/ ١١/ ١٩٤٧**

**بۆ موتەسەڕیفییەتی هەولێر**

**بابەت/ دەستگیرکردنی سی کەس لە گنگەجین**

**وەڵامدانەوەیەك بۆ نووسراوتان بە ژمارە ٦٣٩ لە ٢٢/ ١٠/ ١٩٤٧**

**بە ئاماژەدان بەو هەواڵەی، یا ئەو زانیارییەی، کە لەلایەن حەبیبی کوڕی بەکرەوە هاتووە، لە گوندی ئەستونی لە قەزای زێبار.**

**ئەو هەواڵەی باس لەوە دەکات، کە سەربازەکانمان سی کەسیان لە شوێنکەوتووانی مەلا مستەفا لە گوندی گنگەجین دەستگیرکردووە، هیچ بنچینەیەکی نییە و تەواوی هەواڵەکە دوورە لەڕاستییەوە. بەر لە هەموو شتێك گنگەجین ناکەوێتە چوارچێوەی خاکی ئێمەوە، بەڵکو لەنێو خاکی ئێراندایە. بەم دواییانە هێزێکی سەربازی ئێرانی هاتنە نێو ئەو گوندە و لەوێدا مانەوە. لەوانەیە ئەو سی کەسە لەلایەن ئەو هێزەوە دەستگیرکرابن، ئەم هەواڵە پەیوەندی بە خاکی ئێمەوە نییە. تکایە بۆ زانیاریتان. لەگەڵ ڕێزدا.**

**والی هەکاری**

**جاهید ئۆتاج**

**پاشکۆی ژمارە (٣)**

**داواکارینامەی عەبدوڵڵا محەمەد سدیق و مەجید ئیبراهیم بۆ موتەسەریفی هەولێر/ ٢/٢٥/ ١٩٥٧**



سعادة متصرف لواء اربيل المحترم

المعروض لسعادتكم

إني الداعي عبدالله محمد صديق ومجيد الدين ابراهيم البارزاني نطلب من سعادتكم السماح لنا بالذهاب الى مصيف صلاح الدين للنزهة ولمدة سبعة أيام وبذلك نشكر سعادتكم

المستدعيان

عبدالله محمد صديق ومجيد ابراهيم البارزاني

بەڕێز جەنابی موتەسەڕیفی لیوای هەولێر ٢٥٢٧

ئەوەی خراوەتەڕوو بۆ بەڕێزتان ٢٥/ ٢/ ٩٥٧

من عەبدوڵڵا محەمەد سدیق و مەجیدەدین ئیبراهیم بارزانی داوا لە بەڕێزتان دەکەین ڕێگەمان پێبدەن بۆ ماوەی حەفت ڕۆژ سەردانی مەسیف سەڵاحەدین بکەین بۆ پشوودان و گەشتکردن. سوپاسی جەنابتان دەکەین.

داواکاران

ئیمزا

عەبدوڵڵا محەمەد سدیق و

مەجید ئیبراهیم بارزانی

٢٥/ ٢/ ١٩٥٧

## پاشکۆی ژمارە (٤/ أ)

## داواکارینامەی محەمەد سدیق شێخ محەمەد بارزانی

## لە موتەسەڕیفی هەولێر بۆ سەردانیکردنی بەغدا/ ١٩٥٧ /٨/٢١



٨٩

سعادة متصرف لواء اربيل المحترم

اطلب من سعادتكم اعطاء الرخصة لي ولعزيز اسماعيل بالذهاب الى بغداد لزيارة اقربائي هناك ؛ شاكر سعادتكم

المستدعي

محمد صديق الشيخ محمد

الساكن اربيل

يطلب الموافقة من الداخلية

**بەڕێز موتەسەڕیفی لیوای هەولێر**

**داوا لە بەڕێزتان دەکەم مۆڵەت بە من و عەزیز ئیسماعیل بدەن، کە بچینە بەغدا بۆ سەردانیکردنی خزم و کەسەکانم، سوپاسی بەڕێزتان دەکەم.**

**داواکار**

**محەمەد سدیق شێخ محەمەد بارزانی**

**هەولێر**

**پاشکۆی ژمارە (٤/ ب)**

**نووسراوی موتەسەڕیفییەتی هەولێر بۆ وەزارەتی ناوخۆ لەبارەی**

**محەمەد سدیق شێخ محەمەد و عەزیز ئیسماعیل بارزانی/ ٢٦/ ٨/ ١٩٥٧**



متصرفية لواء اربيل سري العدد/ ٩٩٦/ ٢٤

قلم التحريرات التاريخ ٢٦/ ٨/ ١٩٥٧

وزارة الداخلية

الموضوع "- محمد صديق الشيخ محمد وعزيز اسماعيل البارزانيين

طلب محمد صديق الشيخ محمد البارزاني المقيم في اربيل بعريضته المؤرخة في ٢٠/ ٨/ ١٩٥٧ اجازة له ولعزيز اسماعيل للذهاب الى بغداد لزيارة اقربائهما فنرجو التفضل بالموافقة على الطلب ، علما بانه لامانع لدينا .

متصرف لواء اربيل

صورة منه الى "-

معاون امن اربيل / للعلم

**موتەسەڕیفییەتی لیوای هەولێر                    نهێنی                    ژمارە/ ٤٤٠/ ٢٤**

**خامەی نووسین                    ڕێککەوت/ ٢٦/ ٨/ ١٩٥٧**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**بابەت: محەمەد سدیق شێخ محەمەد و عەزیز ئیسماعیل بارزانی**

**محەمەد سدیق شێخ محەمەد بارزانی نیشتەجێی هەولێر لە داواکارینامەیەکدا لە ڕێککەوتی ٢٠/ ٨/ ١٩٥٧ داوای مۆڵەتی بۆ خۆی و عەزیز ئیسماعیل کردووە، کە بچنە بەغدا و سەردانی خزم و کەسوکارییان بکەن. تکا دەکەین بفەرموون ڕەزامەندی لەسەر داواکارییەکە دەرببڕن. بۆ ئاگاداری ئێمە هیچ لارییەکمان نییە.**

**ئیمزا**

**جێگری موتەسەریفی لیوای هەولێر**

**وێنەیەك بۆ/**

**جێگری ئەمنی هەولێر/ بۆ زانین**

## پاشکۆی ژمارە (٤/ ج)

## ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ لەسەر سەردانی محەمەد سدیق شێخ محەمەد بارزانی بۆ بەغدا

**١٩٥٧/٨/٣١**



العراق
وزارة الداخلية
شعبة المخابرات السرية
بغداد

العدد/ق.س/ ٢٥٧٨
التاريخ ١٩٥٧/٨/٣١

سري

متصرفية لواء اربيل

الموضوع - محمد صديق الشيخ محمد وعزيز اسماعيل البارزانيين .

كتابكم المرقم س/٤٤٠ والمؤرخ في ٢٦ /١٩٥٧/٨ .

بالنظر لما بينتموه نوافق على مجيء البارزانيين (محمد صديق الشيخ محمد) و (عزيز اسماعيل) الى بغداد والبقاء فيها لمدة خمسة عشر يوما فنرجو اعلامنا ومتصرفية لواء بغداد بتاريخ مغادرتهما اربيل .

وزير الداخلية

نسخة منه مع صورة كتاب المتصرفية المشار اليه الى -
متصرفية لواء بغداد -
لاجراء اللازم واعلامنا ومتصرفية لواء اربيل بتاريخ رجوعهما من بغداد .

عێراق

ژمارە/ ق.س/ ٢٥٧٨

**وەزارەتی ناوخۆ** **ڕێککەوت/ ١٩٥٧/٨/٣١**

**هۆبەی هەواڵگری نهێنی**

**بەغدا**

**موتەسەڕیفییەتی لیوای هەولێر**

**بابەت: محەمەد سدیق شێخ محەمەد و عەزیز ئیسماعیل بارزانی**

**نووسراوتان بە ژمارە س/ ٤٤٠ لە ڕێککەوتی ٢٦/ ٨/ ١٩٥٧.**

**بە بینینی ئەوەی ئێوە ڕوونتان کردووەتەوە، ڕەزامەندی دەردەبڕین لەسەر هاتنی هەردوو بارزانییەکە (محەمەد سدیق شێخ محەمەد) و (عەزیز ئیسماعیل) بۆ بەغدا و مانەوەیان بۆ ماوەی پازدە ڕۆژ. تکایە ئێمە و موتەسەڕیفییەتی لیوای بەغدا لە ڕێککەوتی جێهێشتنی هەولێر لەلایەن هەردوو کەسەکەوە ئاگادار بکەنەوە.**

**ئیمزا**

**وەزیری ناوخۆ**

**دانەیەك لە نووسراوەکە لەگەڵ وێنەی نووسراوی موتەسەڕیفییەتی ئاماژەپێکراو بۆ/**

**-موتەسەریفییەتی لیوای بەغدا. بۆ کاری پێویست و ئێمە و موتەسەڕیفییەتی لیوای هەولێر لە ڕێککەوتی گەڕانەوەیان لە بەغدا ئاگادار بکەنەوە.**

**پاشکۆی ژمارە (٥)**

**چاودێریکردنی دایکی شێخ نووری محەمەد سدیق بارزانی لەلایەن ئەمنی هەولێر/ ٢/ ٧/ ١٩٥٧**



لا ـ ٨٥

العدد/ ١٢٥٤

التاريخ ١٩٥٧/٧/٢

الى ـ امن الموصل

من ـ امن اربيل

قاصدة العمادية

غادرت اربيل بموافقة متصرفية لواء اربيل بكتابها ٣٦١ في ١٩٥٧/٦/١٦

الامراء البارزانية صبرية بنت عبد اللطيف والدة الشيخ نوري محمد صديق البارزاني باجازة قدرها خمسة عشرة يوما

لزيارة اقاربها هناك .. يرجى مراقبتها هناك مدة بقائها واعلامنا عند عودتها رجاء ..

عبد القادر حسين
معاون الامن في اربيل

صورة منه الى ـ متصرف لواء اربيل ـ اشارة لكتابه اعلاه للتفضل بالاطلاع
. . . ـ مدير الامن لمنطقة الموصل في كركوك ـ للتفضل بالعلم

**لاسلکی**

**بۆ/ ئەمنی موسڵ** **ژمارە/ ١٩٥٤**

**لە/ ئەمنی هەولێرەوە** **ڕێککەوت/ ٢/ ٧/ ١٩٥٧**

**بە ڕەزامەندی موتەسەڕیفییەتی لیوای هەولێر بە نووسراوی ٣١١ لە ١٦/ ٦/ ١٩٥٧ سەبرییەی کچی عەبدولەتیفی دایکی شێخ نووری محەمەد سدیق بارزانی هەولێری بەرەو ئامێدی جێهێشت، مۆڵەتی پازدە ڕۆژی پێدراوە تا سەردانی خزم و کەسوکاری لەوێ بکات.. تکایە ئەو ماوەیەی لەوێ دەمێنێتەوە چاودێری بکەن. تکایە لەکاتی گەڕانەوەشی ئاگادارمان بکەنەوە.**

**ئیمزا**

**عەبدولقادر حوسێن**

**جێگری ئەمن لە هەولێر**

**وێنەیەك بۆ موتەسەڕیفی لیوای هەولێر. ئاماژە بە نووسراویان لە سەرەوە بفەرموون بۆ ئاگاداریتان.**

**وێنەیەك بۆ بەڕێوەبەری ئەمنی ناوچەی موسڵ لە کەرکووک بفەرموون بۆ زانیاریتان.**

## پاشکۆی ژمارە (٦)

چاودێریکردنی جووڵەی بارزانی لە ١٨/٢/ ١٩٦١ دا لەلایەن پۆلیسی هەولێر

متصرفية لواء اربيل
القلم السري
العدد ٢٦٥/ س
التاريخ ٢١/٢/١٩٦١

الجمهورية العراقية

مديرية شرطة لواء اربيل — العدد/ ٢١٨
القلم السري — التاريخ ١٨/٢/١٩٦١

((سري))

متصرف لواء اربيل

الموضوع / الملا مصطفى البارزاني

برقيتكم س/ ٢٧٥ في ١٦/٢/١٩٦١

في ليلة ١٥=١٦/٢/٩٦١ وصل اربيل الملا مصطفى البارزاني وفي الساعة ١١/٣٠ ق ظ غادرها قاصداً شقلاوة بالسيارة ١٠٠ فحص ووصل شقلاوة في الساعة ١٢/١٠ من يوم ١٦/٢/٩٦١ وبعده قصد حرير وزار المطران يوسف وثم ذهب الى باطاس لمواجهة الشيخ زيتو سعيد طه وفي الساعة ٢/٣٠ زوالية توجه الى بارزان بعد أن مكث ليلة واحدة في ريزان ووصل بارزان مساء يوم ١٧/٢/٩٦١ للتفضل بالعلم.

عبد القادر الكنجدي
و. مدير شرطة لواء اربيل

صورة منه الى:-
معاون أمن اربيل / برقيتكم ٧٠٦ في ١٦/٢/١٩٦١

يوسف/ ١٨/٢

**کۆماری عێراق**

**بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی لیوای هەولێر** **ژمارە/ ٣١٨**

**خامەی نهێنی** **ڕێککەوت/ ١٨/ ٢/ ١٩٦١**

**(نهێنی)**

**موتەسەڕیفی لیوای هەولێر**

**بابەت: مەلا مستەفا بارزانی**

**بروسکەتان س/ ٢٧٥ لە ١٦/ ٢/ ١٩٦١**

**لە شەوی ١٥-٢/١٦/ ١٩٦١ مەلا مستەفا بارزانی گەیشتە هەولێر. لە کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ هەولێری جێهێشت و بە ئۆتۆمبێلی ژمارە (١٠٠)ی پشکنین بەرەو شارۆچکەی شەقڵاوە بەڕێکەوت و لە کاتژمێر ١٢:١٠ی خوولەکی ڕۆژی ٢/١٦/ ١٩٦١ گەیشتە شارۆچکەکە. پاشان چووە هەریر و سەردانی (مەتڕان یوسف)ی کرد. دواتر چووە باتاس بۆ بینینی شێخ زەیتۆ سەید تەها، دوای ئەوەی شەوێك لە ڕێزان مایەوە، لە کاتژمێر ٢:٣٠ی خوولەکی دوای نیوەڕۆ بەرەو بارزان بەڕێکەوت و لە ئێوارەی ڕۆژی ١٧-٢/١٨/ ١٩٦١ گەیشتە ئەوێ. بفەرموون بۆ زانیاریتان.**

**ئیمزا**

**عەبدولقادر نەجدی**

**جێگری بەڕێوەبەری پۆلیسی لیوای هەولێر**

**وێنەیەك بۆ:-**

**جێگری ئەمنی هەولێر/ بروسکەتان ٧٠٦ لە ١٦/ ٢/ ١٩٦١**

## پاشکۆی ژمارە (٧)

## چاودێریکردنی جووڵەی بارزانی لە ٢/١٦/ ١٩٦١ دا لەلایەن ئەمنی هەولێر

